پیرۆز بێت سەرکەوتنی سوپای صدام حسین

ڕێکەوتنامەی ئاداری ١٩٧٥ وەختی خۆی بڕیارێکی ئازاو ژیرانە بوو . . بڕیارێکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی بوو .

سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە
١٠ لاپەڕە
٢٥ فلسە

خەتامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
ت ٨٨٧٧٩٥/٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

ڕەزگلی ڕۆشنبیرهەر بڵاوکردنەوەی کوردی
بەرێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

● الاثنین ٢٩ ایلول ١٩٨٠ العدد ٥٤٤ ●

● دوو شەممە ٢٩ی ئەیلول ١٩٨٠ ژمارە ٥٤٤ ●

عیراق مەردانە بەرگری لە سەربەخۆیی خۆی دەکات

لەلۆنستی بەهێزی و بەتوانایی یەوە پێشوازی لە هەموو دەست پێشکەری یەکی ئاشتی یانە دەکەین.

لەمیش ئێران لە یەکلادوە ڕێککەوتننامەکانی سنووری لەگەڵ عیراقدا لەڵ دەوە شانەوە و هەموو جارێکیش لە سەر حسێبی خاک و بەرژەوەندیمان فراوان دەبوو.

پێرێ شەو بەرێز ضیاء الحق سەرۆکی پاکستان بە تەلەفۆن پەیوەندی لە گەڵ بەرێز سەرۆك صدام حسین‌دا کردووەو بەرێز سەرۆك ضیاء الحق نیازی خۆی پێشان داوە بۆ ئەوەی سەر لە عیراق بداتو هەوڵو تەقەلای باش بدات لە پێناوی ئەوەی ئەم ناکۆکیەی لە نێوان عیراقو ئێراندا هەیە پە ڕێگای ئاشتی‌یانە چارەسەر بکرێت .

ئەوە بوو بەرێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین پێشوازی‌ی لە دەست پێشکەری‌ی سەرۆکی پاکستان کردو هەروەها پێشوازی‌ی لێ کرد کە بێتە میوانی گەلو حکوومەتی عیراقو بۆی دروپات کردەوە عیراق کە لایەنی بیروباوەڕەکانی سەربەخۆیی‌و بێلایەنی دەگرێت ناکرێت بۆ لایەنی شێوازەکانی دەست درێژی کردن لە مافەکانی کەسانی تر ، هەڵبخلیسکێت‌و ئەو ناچار کراوەتە کوشتار لە پێناوی ئاشتی‌دا چونکە کوشتار هەڵبژاردەی عیراق نەبووە بەڵام شێوەیەکی ناچاری بووە بۆ قبووڵ کردنی بەرەنگاری پاش ئەوەی حکوومەتی ئێران لە سەر پشت تێ کردنی مافە ڕەواکانی عیراق لە خاکو لە ئاوەکەیدا بەردەوام بووەو .. جۆرەها چەشنی دەست درێژی‌ی دژی ئەنجام داوەو بە سوپا دەست درێژی‌ی کردووەتە سەر سنوورو ئاوەکەی‌و پاش ئەوەی بە تۆپی قورس هێزەکانی ئێران بۆردمانی شارەکانی عیراقیان کردووە ئەمە وای لە عیراق کرد ناچار بێت داکۆکی لە سەربەخۆیی‌و سەربڵندی‌ی خۆی بکاتو دەست درێژی‌کەران ناچار بکات ڕێزی سەربەخۆیی‌و مافەکانی بگرن .

سەرۆك صدام حسین لە دووانەکەیدا بۆ سەرۆك ضیاء الحق ووتوویەتی . . ئێران هەمیشە لە سەردەمەکانی ڕابوودوودا بەر لە چەندین سەدە لە یەك لایەنەوە ڕێککەوتننامەکانی سنووری لە نێوانی‌داو لە نێوان عیراقدا هەڵ دەوەشاندەوەو هەموو جارێکیش لە حسێبی خاکی عیراقو بەرژەوەندی‌یە زیندووەکانی عیراق فراوان دەبووەوە .

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بۆ ضیاء الحق دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە عیراق کە لە شوێنی بەهێزی‌و بەتوانایی‌دایە پێشوازی لە دەست پێشکەری‌یە پیرۆزەکەی دەکات‌و هانی هەموو دەست پێشکەریەکی ئاشتی‌یانە دەدات کە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی‌یەکان ئەوانەی عیراق نە ڕیزیاندایەو ڕێکخراوە ناوچەیی‌یەکان‌و دەوڵەتە دۆستەکان ئەنجامی دەدەن .

عیراق بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی دووپات دەکاتەوە :

مەبەستمان پاراستنی مافی خۆمانە

شەوی ٢٧ی ئەم مانگە ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان لەسەر خواستی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دوکتور کورت فالدهایم کوبوەوەو لەروداوەکانی سنووری ڕۆژهەڵاتی عەرەبی دووا .

لە کۆبوونەوەکەدا بەرێز عصمت کەتانی جێگری وەزارەتی دەرەوە ئەوەی

بروانە : ل : ٧

پەیامنێرەکانی جیهان لە زەوی‌و زاری ڕزگار کراو

ژمارەیەك لە نوێنەرانی گێشتگەی ڕادیوو تەلەفزیون‌و ڕۆژنامەو پەیامنێرە جیهانیەکان پێری سەریان لاو زەوی‌و زارانە داوە کە هێزە چەکدارە ئازاکانمان لە کەرتی خوارووو دەستیان بەسەردا گرتوە هەر لەناوچەی شلامجەوە هەتا شاری موحەمەرە .

ئەو نوێنەرانە سەبری ئەو بنکە سەختانەیان کردوە کە هێزەکانی ڕژیمی فارسی لەبەردەم هەڵمەتی هێزە ئازاکانماندا چۆڵیان کردوەو ئەو چەکو جبەخانانەیان بێتی کە لەدوای ڕاکردنیان بەجێیان هێشتوە .

سەرۆکی فەرمانده لە کاتی هێرشێکی ئاسمانی‌ی دوژمن‌دا گەشتێك بە ناو بەغدادا دەکات

بەرێز سەرۆکی فەرمانده لە گەشتەکەیدا سەری لە چادرگەی بەرگری شاری لە صالحیە داو لە ئەرکی کاروباری متطوعەکانی پرسی لە چادرگەکەدا دووپاتی کرنگی‌ی ڕێنمایی کردنی هاووڵاتیان کردوەو لە کاتی سەردانیشی‌دا لە یەکێك لە ماڵی هاووڵاتییەکان فرۆکەکانی ڕەگەزپەرستی دوژمن شاڵاوێکیان کردە سەر گەڕەیلی‌یەکانی شاری بەغدا بەڵام بەرێزی بەدرێژایی ماوەی شاڵاوەکە بەشەقامەکانی شارو گەڕەکەکانی‌دا گەڕا .

لەم سەردانەیدا بەرێزی ڕادەوەستاو لەگەڵ جەنگاوەرانی سوپای میللی‌دا دەدووا‌و ئاگاداری ووردەی بەرزیان دەبوو ئەوانیش بۆ بەرێزی دووپاتیان دەکردەوە کە لە جەژنی سەرکەوتنەکانی سوپامان‌دا دەژین کە بەسەر فارسە ڕەگەزپەرستەکان‌دا سەردەکەون .

سەرۆکی بەرێز سەری لەماڵێك‌دا کە دانیشتووەکانی زۆرپێخۆشحاڵن سەبارەت بەسەرکەوتنە بێ‌وێنەکانی هێزە نەبەزەکانمان‌و بەرێزی لە شەقامی ڕەشید سلاوی ئاراستەی ئەو هاووڵاتی‌یانە کرد کە لە شەقامەکەدا کۆبووبونەوە بۆ ئەوەی سلاو ئاراستەی بەرێزی بکەن .

بەیاننامە میژوویی‌یەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ بەربەجدانەوەی چاو چنۆکی ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئێران

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بڕیاری‌دا فەرمان بەهێزەکانی سوپای بەجەرگمان بدرێت دەستی توند لە بنکە سوپایی‌یەکانی ئێران بوەشێنن بۆ سەرکوت کردنی پیلانەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فارس کە دەیەوێت لە قەرەی دەستەڵاتی عیراق بکەوێت بەسەر خاکو ئاوی نیشتمان‌دا .

ئەنجوومەن لە بەیاننامەیەکەدا کە ئێزگەکانو تەلەفزیۆنی عیراق بڵاویان‌کردوە کە ئەم بڕیارە بۆ وەڵامی بەردەوام‌بوونی فەرمانڕەوایانی ئێران کوڕەزاکانی مەجووسی‌یەکان لە ئارەسوپایی‌یە کوێرانە کەیان‌داو هەوڵدانیان بۆ لە کارخستنی کەشتی‌ڕانی لە شط العرب‌و لە کۆتایی‌یەکانی‌دا کە دەچنە سەر هێڵی کەشتی‌ڕانی لە کەناری عەرەب‌داو هەڵمەتی ئاسمانی چڕو فراوانیان بۆ سەر سوپای پاڵەوانمان‌و ڕاگەیاندنی نەفیری گشتی‌و ئاسمانی ئێران بەستن ئەو کارەی کە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەوان بازنەی بەربەرەکانێی سوپایی‌یان فراوان کردووەتەوە .

بەیاننامەکە ئەوەی ڕوون‌کردووەتەوە کە هێزە چەکدارەکانی عیراق لە وەزەوی‌وزارەی ئێران دەکشێنەوە کە کارێکخستنی داکۆکی سوپایی‌و ئاسایشی سوپاییمان وا پێویست دەکات تیایدابن تەنیا بەوەی کە ئێران ددان بە دەستەڵاتمان‌دا بنێت بەسەر خاکی خۆماندا و ڕێزی بەرژەوەندی‌یە زیندووەکانمان بگرێت .

بەیاننامەکە داوای لە ئەفسەرو سەربازە ئازاکانمان کردووە بەبەزەیی بن لەگەڵ ئەوانەی خۆبەدەستەوەدەدەن‌و توندوتیژبن لەگەڵ ئەوانەی مل‌هوڕێتی مێشك‌و بینایی کوێر کردوون .

ئەمەی خوارەوەیش دەقی بەیاننامەکەیە : ـ

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان .

بەیاننامەیەك لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕشەوە .

ئەی گەلی مەزنی عیراق جەماوەری نەتەوەی نەبەردی عەرەبەان

لەو باوەڕەدابووین کە تاقمە فەرمانڕەواکانی ئێران لە پەندەکانی ڕۆژانی ڕابوردوو سوود وەردەگرن پاش ئەوەی هێزە چەکدارە ئەبەزەکانمان خاکی داگیرکراومانیان لە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی عیراق ڕزگارکردو پاش ئەوەی دەستەڵاتی نیشتمانی بەسەر شط العرب‌دا گەڕایەوە بەڵام کوڕەزاکانی مەجووسی‌یەکان ئەوانەی لە کۆنەوە ڕقیان لە عیراق‌و نەتەوەی عەرەب هەڵگرتووەو دەستیان لە نەخشە گومان لێ‌کراوەکان‌دا هەیە لە بێ‌مێشکێتی‌ی خۆیان‌و کارە دژە سوپایی‌یە کوێرانەکەیان‌دا بەردەوام‌بوون‌و لە دوو ڕۆژی ڕابوردوو‌دا لە ئەم ڕۆیش‌دا چەند هەوڵێکیان دا بۆ ئەوەی هێڵی کەشتی‌ڕانی لە شط العرب‌و لە کۆتایی‌یەکانیدا لە کاربخەن ئەوانەی دەچنە سەر هێڵی کەشتی‌ڕانی لە کەناری عەرەب‌دا ئەویش بە بۆردومان‌کردنی کەشتی‌یە ناسوپایی‌یە عیراقی‌و بێگانەیانە کە دێنە نێو شط العرب‌و لێ‌دەچنە دەرەوە هەروەها هێرشی ئاسمانی زۆرو فراوانیان کردووەتە سەر سوپای پاڵەوانمان‌و نەفیری گشتی‌یان ڕاگەیاندووەو ئاسمانی ئێرانیان بەستووە ئەو کارەی کە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەوان بازنەی بەربەرەکانێی سوپایی‌یان فراوان کردووەتەوەو باریان گەیاندووەتە ڕادەی جەنگی فراوان لە بەرئەوە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕشی بڕیاری دا فەرمان بە هێزە بەجەرگەکەمان بدرێت دەستی توندوتیژ لە بنکە سوپایی‌یەکانی ئێران بوەشێنن بۆ سەرکوت کردنی نەخشەکانیان‌و نەخشەکانی گەورەکانیان کە دەیانەوێت خۆ لە قەرەی دەستەڵات‌و ئاسایشی عیراقی مەزن بدەن .

ئەی هاووڵاتی‌یە بەجەرگەکانی عیراق ئەی کوڕەزاکانی علی کوڕی ابی طالب‌و عمرو حسین‌و صلاح‌الدین ئەیوبی‌و مثنی .. ئەی سوپای پاڵەوانی عیراق ئەی ڕوخساری عیراق‌و ئەی شانازی‌ی نەتەوەی عەرەب ئەی کوڕەزایانی مثنی‌و سعد کوڕی ابی وقاص‌و قەعقاع‌و خالد کوڕی ولید.. ئەوەتا سەرلەنوێ ئالای قادسیە‌و شکۆمەندی‌ی پەیامە، عیراق‌و عەرەب داویانەتە دەستتان‌و خستوویەتە ئەستۆتانەوە .. ئێمە لەوە دڵنیایشین کە ئێوە شایانی ئەوەن‌و ئەمانەتەکە دەپارێزن‌و دەستەڵات‌و شەرەف‌و ڕەوشتی خاك‌و گەڵ‌و مێژووی پیرۆزتان دەپارێزن.

ئەی ئەفسەرو سەربازە پاڵەوانەکان بەبەزەیی‌ین لەگەڵ ئەوانەی کە خۆبەدەستەوە دەدەن‌و توندو تیژبن لەگەڵ ئەوانەی مل‌هوڕێتی مێشك‌و بینایی کوێر کردوون ..

ئەی گەلی مەزنی عیراق ئەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی نەبەردی عەرەب

ئەی ڕۆڵەکانی ئێران لە هەموو نەتەوەو ئایین‌و تایەفەیەك .. ئێمە مەبەستمان ئەوە نەبوو زیانتان پێ‌بگەیەنین‌و هیچ تەماحیکیشمان بە خاکی ئێوە نی‌یە بەڵام خومەینی‌ی ستەمکاری دەجاڵ‌و دەستەودایەرەکەی ویستیان بیکەنە جەنگێکی ستەمگەری دژ بەئێمە ڕقێکی بێ‌بیانوو نەزانراو بەرانبەر بەعیراق‌و نەتەوە پاڵی‌پێوە ناوون‌و ویستیان پیلان بۆ عیراق‌و نەتەوە دروست بکەن (انهم یکیدون کیدا واکید کیدا) ـ صدق الله العظیم ـ .

تاقمە گومان لێکراوو

بروانە : ل : ٧

● وتەی هاوکاری ●

شەڕی ڕەوای گەلەکەمان‌و شەڕی ناڕەوای دوژمن

پەندێکی کوردی دەڵێ (هەر شەڕەو بەخەمان دەگرێ، ئەگەر نەیکەین خوا ئەمان گری) ، دەمێکە ڕەگەز پەرستەکانی ئێران ، بە هاندانی قینی ڕەشی دڵیان‌و چاو چنۆکیان بەرامبەر عیراق‌و شۆڕشەکەی تەنگمان پێ هەڵدەچنن ، کاتێ عیراقی شۆڕش ، هیوای پاشە ڕۆژی بەختەوەری بۆ شۆڕشی گەلانی ئێران دەخواست ، خومەینی‌و تاقمە کەڵ بەردینە کەی ، بۆمبای دەناردو بەسەر منداڵ‌و قوتابیەکانی عیراقدا دەیتەقاندەوە ، بە پەردەی ئیسلامی خۆیان شاردۆتەوە ، کەچی بەکرێ‌گیراوەکانیان دەنارد بۆ ئەوەی لە شوێن‌و مەزارە پیرۆزەکانی وڵاتەکەمان وێرانکاری نامەردانەیان جێ‌بەجێ‌بکەن ، ئیتر کورد وتەنی (کە جام پڕ بوو ... لێ دەرژێ) ، جامی خراپەکاری ڕەگەز پەرستەکانی ئێران ، پڕ بوو ... لەوەدا نەما ، جاوەڕێی چاکەی‌و پاکیان لێ بکرێ ،نە ، لەناو ئێراندا ، نە لەگەڵ دەرو دراوسێ‌یان لەناو ئێراندا ، وەك دڕندەی هار کەوتونەتە بەلامارداني هەرچی پێشکەوتنخوازو ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلانی ئێران بەکوردو عەرەب‌و تووركو بلوشیە کانەوە سەرەڕای سەربڕینی سەدان ئازادیخوازی فارسی .

لەبەردەم ئەم بارە ئالۆزەی حوکم ڕاکانی ئێران دروستیان کرد ، شۆڕشی عیراقی سەربەرز ئیتر لەوزەیدا نەما لەوەزیاتر ماوە بە نامەردی‌و دەست درێژی‌یە نارەواکانیان بدات ، تا لە ٢٢ی ئەیلولدا، بەیاننامە میژوویی‌یەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

بروانە : ل : ٧

Institut kurde de Paris

بەیەننامەکانی سەرکردایەتی گشتی ی هێزە چەکدارەکان دەربارەی جەنگی

کاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆی دووشەممەی ڕابوردوو فڕۆکەجەنگییەکانمان زیانێکی زۆریان بە دە فڕۆکەخانەو بنکەی ئاسمانی سوپاییان گەیاند لە قووڵایی خاکی ئێراندا ..

بەیاننامەیەکی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان باش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو ڕای گەیاند کە مووشەکەکانی زەوی ـ زەوی مان بنکەی تەموینی سەرەکی لە ناوچەی دیزفوولی ئێران ڕاستەوخۆو بە ووردی پێکاوەو زیانێکی زۆریان پێ گەیاندووە.

هەروەها فڕۆکە شکێنەکانمان لە نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا شەش فڕۆکەی جەنگی ی ئێرانیان خستووەتە خوارەوەو سێ فڕۆکەوانی ئێرانیش دەست گیر کراون .

لە دووەمین بەیاننامەدا هاتوە کە ئێوارەی هەمان ڕۆژ دەرچووە راگەیاندراوە کە فڕۆکەکانمان لە دەست لێ وەشاندنی بنکە سوپایی یەکانی ئێران بەردەوامن و زیانێکی گەورەیان لە حەوت بنکەو فڕۆکەخانەو شوێنی ڕاداری دوژمن خستووەو هەموو فڕۆکەکانمان بەساغی گەڕاونەتەوە .

بەیاننامەی ژمارە ـ١ـ
لە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراقەوە بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەگوێرەی ئەو بارو دۆخە ووردەی کە دەورەی هەڵویستو باری داوەو کە بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە ئەمڕۆ دەرچووە ڕوونی کردووەتەوەو دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە دەستەڵاتدارە ڕەگەزپەرستەکان بەردەوامن لە بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکانیان دژی شوێنە زیندووەکانی عیراق لە سوپایی و ناسوپایی .. ئەوا هێزە ئاسمانیەکانمان لە کاتژمێری ١٢٠٠ی ئەمڕۆدا ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ هەڵمەتیان بردووەتە سەر بنکەو فڕۆکەخانە سوپایی یەکان لە قووڵایی خاکی ئێراندا و زیانێکی زۆریان بەم بنکەو سوپایی یانەی خوارەوە گەیاندووە :

١ ـ بنکەی میهرئابادی ئاسمانی نزیك تاران ٢ـ بنکەی شیراز ٣ـ بنکەی بۆشەهر . ٤ ـ فڕۆکەخانەکانی دیزەفوول . ٥ـ بنکەی شاڕوخ لە هەمەدان . ٦ـ بنکەی خاتمی لە ئەسفەهان .

٧ ـ بنکەی ئومێدی سوپایی لە ئاغاجاری ٨ ـ بنکەی تەبرێزی سوپایی ٩ـ فڕۆکەخانە سوپایی یەکان کە سەر بە سەرکردایەتی کرماشانن . ١٠ ـ فڕۆکەخانەی ئەهواز لەعەرەبستان .

مووشەکەکانی (زەوی ـ زەوی) یشمان بە ووردی بنکەی تەموینی سەرەکی یان پێکاوە لە دیزفوول لە ئێران ، زیانێکی گەورەشیان پێ گەیاندووە زیانی ئێمەیش :

١ ـ فڕۆکەیەکی بۆمبا هاویژ بە هۆی تێکچوونەوە لە ناوخۆی خاکی ئێراندا کەوتە خوارەوەو فڕۆکەوانەکانیشی بە پەرەشووت خۆیان فڕێ داوەتە خوارەوەو سەرکردەی گشتی دووپاتی دەکاتەوە کە دەستەڵاتدارەکانی ئێران لێپرسراون سەبارەت بە ساغی و سەلامەتی یان .

٢ ـ فڕۆکەیەکی جەنگی بە چەکەکانی ئێران پێکراو فڕۆکەوانەکەی توانی ی بیهێنێتەوە خاکی نیشتمان ئەوە بوو خۆی بە ساغی بە پەرەشووت دابەزی و فڕۆکەکەیش کەوتە خوارەوەو تێکشکا .

سەرکردایەتی ی گشتی ی هێزە چەکدارەکانی عیراق بەغدا
٢٢ی ـ ئەیلوولی ـ ١٩٨٠
بەیاننامەی ژمارە (٢)
لە سەرکردایەتی ی گشتی ی هێزە چەکدارەکانی عیراقەوە.
بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

١ ـ بۆ پاراستنی سەربڵندی ی عیراق و داکۆکی کردن لە سەربڵندی سەربازێتی و بۆ جێبەجێ کردنی ئەوەی لە بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ی شۆڕش دا هاتووە ئەوا هێزە ئاسمانیەکانمان لە نێوان کاتژمێری ـ١٥٠٠ـ داو تاکو کاتژمێری ـ١٨٠٠ـ بەردەوام ئەرکە جەنگی یەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد بەوەی کە شالاویان بردە سەر بنکە سوپایی یەکانی ئێران و زیانێکی گەورەیان لەم شوێنانەی خوارەوە داوە ..

أ ـ بنکەی شاڕوخ لە هەمەدان ب ـ بنکەی ئاسمانی بۆشەهر . ج ـ بنکەی وحدتی لە دیزفوول . د ـ بنکەی سوپایی کرماشان . هـ بنکەی ئومێدی سوپایی . و ـ فڕۆکەخانەی سوپایی ئەهواز . ز ـ شوێنی ڕاداری کانی ووریا کردنەوەی زوو کەرتی ئاوەڕاست لە دهلەران و نەفتی شا ئەمەو هەموو فڕۆکەکانمان بە ساغی بەبێ زیان گەڕانەوە .

٢ـ فڕۆکەکانی ئێرانی دوژمن چەندین شالاویان بردووەتە سەر ناوچەی بەسرەو واسط لە نێوان کاتژمێری ـ١٧٥٠ـ دا تا کاتژمێری ـ١٨٥٥ـ و بەرەنگاری یەکەرەکانی زەمینیمان بەرەنگاریان بوونەتەوەو ئەمانەی لێ خستوونەتە خوارەوە :

أ ـ لە کاتژمێری ـ١٧٥١ـ دا لە ناوچەی بەسرەفڕۆکەیەك خرایە خوارەوە . لە کاتژمێری ـ١٧٥٢ـ دا فڕۆکەیەکی تر لە هەمان ناوچە خرایە خوارەوە .

ب ـ لە کاتژمێری ـ١٧٥٤ـ دا فڕۆکەکەیەکی فانتۆم لە واسط خرایە خوارەوە .

ج ـ لە کاتژمێری ـ١٨١٠ـ دا فڕۆکەیەکی تر لە بەسرە خرایە خوارەوە ئەوەبوو بینرا لە سەر ئاوی شط العرب ئاگری تێبەربووبوو .

د ـ لە کاتژمێری ـ١٨٢٠ـ دا فڕۆکەیەك لە ام قصر خرایە خوارەوە .

هـ ـ لە کاتژمێری ـ١٨٥٥ـ دا لە شعیبە شەشمینی فڕۆکە خرایە خوارەوە .

سێ فڕۆکەوانی ئێرانیش بە دەستی هێزە چەکدارەکانمان دەستگیر کران ئەویش بەهۆی هۆشمەندی و هاریکاری ی سوپای میللی و هاووڵاتیان لە گەڵ هێزە چەکدارەکاندا .

ئەوەی شایانی باسیشە کە شەشەمین فڕۆکەی ئێران لە ناوخاکی عیراقدا خرایە خوارەوە .

سەرکردایەتی ی گشتی ی هێزە چەکدارەکانی عیراق
٢٢ ی ئەیلوولی ١٩٨٠
هێزەکانمان دەستیان بەسەر سۆمارو قەسر شیرینداگرتووەو محەمەرەو عەبادانیشیان ئابڵۆقە داوە .
سەرکردایەتی ی گشتی ی هێزە چەکدارەکان ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردوو ٢٣ـ٩ـ١٩٨٠ چەند بەیاننامەیەکی دەرکردووە سەبارەت بە جەنگی ئێوان هێزەکانی عیراقی پاڵەوانو ئێوان هێزەکانی فارسە ترسنۆکە مەجووسی یەکان ، لێرەدا٦ ناوەڕۆکی ئەو بەیاننامانە پیشان دەدەین .

● لە بەیاننامەی ژمارە سێدا هاتووە

کە هێزەکانی زەمینیمان بۆ جێبەجێ کردنی بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ی شۆڕش لە ٢٢ـ٩ـ١٩٨٠ دا لە کاتژمێری سێی سەر لە بەیانی دا بەرەو ئەو شوێنانە بۆ پێشەوە ڕۆیشتوون کە بۆیان نەخشە کێشراوە ئەویش بۆ شکاندنی ملهوڕێتی ی حکومەتی ڕەگەز پەرستی ئێران لە تاران و ناچار کردنی بەوەی ددان بە واقیعی نوێدا بنێتو دەستەڵاتی عیراق لە سەر خاك و ئاوو خواستی نەتەوەی عەرەب ڕێز لێ بگرێت .

● لە بەیاننامەی ژمارە چواریشدا ..

هاتووە کە چەکی ئاسمانی ی دوژمن شالاویان بردووەتە سەر فڕۆکەخانەمان تەنیا توانیویانە پێپلکەی یەکێکیان زیان پێ بگەیەنن کە کادیری ئەندازیاری کوت و ڕێ چاکیان کردووەتەوە ، لەم شالاوەدا فڕۆکەکانی دوژمن هێرشیان بردووەتە سەر گەڕەکی کرێکارانی کارگەی دانیشتووان لە بەغداو بەسرەو ناسریەو نەینەوا کە ژمارەیەك لە دانیشتووان شەهید بوون لەوانە (٢٠) شەهید ژمارە نە کرێکارانی کارگەی پترۆکیمیاویات و کارگەی کوود لە بەسرە .

هەروەها هێزەکانی ئاسمانی ی عیراق و بەرەنگاری زەمینیمان حەوت فڕۆکە لە مووسڵ و پێنج لە بەسرەو چوار لە بەغدایان خستە خوارەوە سەرەڕای دوو فڕۆکە لە حەبانیەو دوو لە کوت و ناسریە .. بەمەیشەوە ژمارەی فڕۆکەکان کە خراونەتە خوارەوە گەیشتە بیست فڕۆکەو چەندین فڕۆکەوانیش لە جۆرها ناوچەدا ـ دەستگیر کران .

لە هەمان بەیاننامەدا هاتووە کە هێزەکانی ئاسمانیمان شالاویان بردووەتە سەر بنکەی دزفوول و بنکەی شاڕوخ و فڕۆکەخانە سەربازی ی ئەهواز و چەندین فڕۆکەی دوژمینان تێکشکاندو بە ساغی گەڕانەوە زیانیشمان تەنیا یەك فڕۆکە بوو .

● لە بەیاننامەی ژمارە پێنجدا

هاتووە کە قوربانی یانی شالاوە درندانەکان کە فڕۆکەکانی دوژمن کردیانە سەر گەڕەکی دانیشتووان و دەزگا ئابووری یەکان بەم جۆرە بوو :ـ

١ ـ شاری بەغدا ١٨ شەهیدو ٤٢ زامدار .. ڕووخاندنی چوار ماڵ .

٢ ـ شاری مووسڵ ٢٤ زامدار .. کارگەی شەکر هەندێك زیانی پێ گەیشت .

٣ ـ شاری بەسرە ٢٩ شەهیدو ٥٠ زامدار ، کارگەی پترۆکیمیاویات هەندێك زیانی پێ گەیشت .

٤ ـ لە ناسریە زیانی گیانی نەبوو .. هەندێك دەزگای نەوتی زیانیان پێ گەیشت .

٥ ـ چوار فڕۆکەوانی ئێرانی لەوانەی فڕۆکەکانیان خرانە خوارەوە دەستگیر کران .

● لە بەیاننامەی ژمارە شەشیشدا

هاتووە کە بە پێچەوانەی ڕەفتاری ئێو دەوڵەتان و یاساکانی جەنگەوە ئەوا فڕۆکەکانی دوژمن هێرشیان بردووەتە سەر گەڕەکەکانی دانیشتووان و دەزگا ئابووری یەکان بۆیە ئێمەیش ئاگاداری دەستەڵاتدارانی ڕەگەز پەرست دەکەین لە ئێران ئاگادار کردنێکی دوایی و تیژ ئەگەر ئەم کارە دووبارە بکەنەوە ئێمەیش بە توندو تیژی دەزگا ئابووری یەکانی ئێران لە هەموو لایەکی ئێراندا بوردومان دەکەین .

● لە بەیاننامەی ژمارە حەوتدا

هاتووە کە فڕۆکەکانمان شالاویان بردووەتە سەر بنکەی هەمەدان و دزفوول و تەبرێز ، فڕۆکەکانیشمان بە ساغی گەڕاونەتەوە سیبیانیان نەبێت کە لایەنی ئێرانی بەرانبەر بە ساغی ی فڕۆکەوانەکانیان بە لێپرسراو دەزانین .

هەروەها فڕۆکەکانی دوژمن هێرشیان هێناوەتە سەر ام قصرو دوو فڕۆکەی فانتۆم و دوو هلیکۆپتەر خراونەتە خوارەوە ، پێنج فڕۆکەی تریش هێرشیان بردووەتە سەر شاری کەرکووك و هەمویان خراونەتە خوارەوە پاشانیش یەکێکی تر خراوەتە خوارەوە .

● لە بەیاننامەی ژمارە هەشتیشدا

هاتووە کە هێزەکانی زەمینیمان چومەنەتە ناو خاکی ئێرانەوەو قەزای سۆماریان گرتووەو قەسری شیرینیان ئابڵۆقە داوە لە گەڵ شاری محمرەو عەبادان دا .

● لە بەیاننامەی ژمارە نۆشدا

هاتووە کە فڕۆکەکانی دوژمن هێرشیان بردووەتە سەر سەربازگەی ڕەشیدو فڕۆکەخانە نێو دەوڵەتان و گەڕەکی دانیشتوان شاری بەغداو فڕۆکەخانەی شعیبەو دەزگا ئابووری یەکان لە بەسرەو دەزگاکانی نەوت لە مفتیەو سایلۆی گەنمو جۆو دەزگاکانی نەوت لە فاوو ناوچەی نەجیبیەو فڕۆکەخانەی کەرکووك و هەولێرو پالاوگەی گەیارە ، لەم هێرشانەدا ١٤ فڕۆکە لە بەغداو ٩ فڕۆکە لە بەسرەو ١٠ فڕۆکە لە کەرکووك و یەك فڕۆکە لە دوکان و یەکێك لە هەولێر لە لایەن هێزەکانی بەرەنگاری زەمینی یەوە خراونەتە خوارەوەو هێزەکانی ئێمەیش دەزگاکانی نەوتیان لە عەبادان سووتاندووەو پێنج لنشد لە گەڵ تاقمەکانیان دا سەرنگوم کردووەو هەموو کەشتی و ساحیبەی ئێرانیان بەرانبەر بەردەوامەو هیچ زیانێکمان نەبووە .

● لە بەیاننامەی ژمارە پازدەیشدا

ئەوە ڕوون بووەتەوە کە هێزە پاڵەوانەکانمان دەستی سەخت لە دوژمن دەوەشێنن و زیانی گەورەیان پێ دەگەیەنن و توانیومانە قەسری شیرین بگرین و پاکی بکەینەوە . . هەروەها دەستمان بەسەر سن جن دا گرتووە لە ڕۆژهەڵاتی میهران سەرەڕای ناوچەی زید لە باشووری شاری میهران و هێزەکانمان ئابڵۆقەی میهرانیان داوەو دەستی سەر بە دەروازەکانی دا گرتووە بۆ ئەوەی ڕایماڵێت .

لە ناوچەی ناوەڕاستیش دا هێزەکانمان بە دووی هێزە ڕاکردووەکانی دوژمن کەوتوون تابگەنە ئەو ئامانجانەی بۆیان نەخشە کێشراون .

لە ناوچەی باشووریش هێزەکانمان دەستیان بە توندی بە سەر کەرتە ئابڵۆقە دراوەکانی دوژمن دا گرتووە لە چەندین ناوچەی جۆراو جۆرو چەندین زیانی گەورەیان بە دوژمن گەیاندووە لەوانە خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی جەنگی لە قەسری شیرین و تێکشکاندنی تانکێك و سووتاندنی چەندین زەخیرەی کەلەکە کراوو لە ناوبردنی ژمارەیەکی زۆری سەربازەکانی مەجووس کە ژمارەی دەستگیر کراوەکانیان .

لە بەیاننامەی ژمارە (١٦) ی هەمان ڕۆژیشدا

هاتووە کە هێزە چەکدارە سەرکەوتووەکانمان لە زەمین و دەریاو ئاسمان زیان بە هێزەکانی دوژمن دەگەیەنن ، لە بەیاننامەکەدا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە تۆپخانەکانی دوژمن مەخفەری مطوعی عیراقییان لە شط العرب دا داوەتە بەر تۆپ تۆپخانەکانی ئێمەیش وەڵامیان داونەتەوەو ئاگریان لە کارگەی چاك کردنەوەی بەلەمی سەر بە دەریاوانی ی ئێران بەرداوە کە ئێستایش هەر دەسووتێت ، سەرەڕای پێکانی سێ بەلەمی ئێرانی و پێکانی فڕۆکەیەکی دوژمن لە ناوچەی بەسمایە کە ناچاری کردووە دابەزێنە سەر زەمین لە سەر ڕێگای گشتی کە ئێستا لە ژێر جنگی سوپای میللی دایە ، هەروەها هێزە چەکدارەکانمان توانیویانە دوو فڕۆکەی دوژمن لە کەرتی بەدرە بخەنە خوارەوەو بۆمان دەرکەوتووە کە پارچە دەریایی یەکان ئەوانەی کەرتە دەریایی و ئاسمانی یەکانمان وێرانیان کردوون ، سەرنگوم بوون هەروەها پارچەیەکی دەریایی تر سەرنگوم کراوە بەمەوە ژمارەی ئەو پارچانەی سەرنگوم کراون گەیشتە شەش پارچە .

● لە بەیاننامەی ژمارە حەڤدەیشدا

هاتووە کە بە هۆی دەستوەشاندنی شێرانەی هێزەکانی ئاسمانی لە کەرتی ژوورو ئەوا کەرتەکانی دوژمن ڕووخان و هەڵاتن و جێگەك و تفاقیان لە مەیدانی جەنگدا بەجێ هێشت و هێزکانمان کەوتوونەتە دوویان تا سەرپێلی زەهاو ڕفاندرویان و ئەو شتارەیان ئابڵۆقە داوە لەگەڵ ئەو هێزانەی لەوێدان و داوای خۆبەدەستەوەدانیان دەکەین هەروەها فڕۆکەکانمان شالاویان بردووەتە سەر کۆمەڵی تانك و زرێپۆشەکانی دوژمن لە دزفوول و زیانی گەورەیان پێ گەیاندووە .

● لە بەیاننامەی ژمارە هەژدەیشدا

هاتووە کە پاش هەوڵی ئاومێدی یانەی دوژمن داکۆکی کردن لە میهران ئەوا ئەو شارە ئەمڕۆ کەوتە ژێر دەستی هێزەکانمانەوەو نیایدا هێزەکانی زیانێکی گەورەی گیانی و ئامێڕو چەك و تفاقیان پێ گەیشت و داوا لە ئەوانەیش دەکەین کە ماون خۆیان بە دەستەوە بدەن .

هەروەها لە ڕۆژی چوارشەممەدا بەیاننامەی ژمارە نۆزدە لەلایەن سەرکردایەتی ی گشتی ی هێزە چەکدارەکانەوە دەرچووە کە تیایدا هاتووە فڕۆکەکانی دوژمن شالاویان هێناوەتە سەر شاری کەرکووك و بۆردمانی دەزگاکانی نەوت و فڕۆکەخانەی سوپایی یان تێدا کردووەو دە فڕۆکەیان لێ خراوەتە خوارەوە ، لەم هێرشەدا سیازدە زامدارمان بووەو فڕۆکەیەکی گواستنەمان تێك شکاوەو ژمارەیەك لە مانگی دانیشتووان وێران بوون ، هەروەها چەند فڕۆکەیەکی تری دوژمن هێرشیان بردووەتە سەر شاری مووسڵ و شەشیان لێ خراوەتە خوارەوە .

هەروەها لە بەیاننامەی ژمارە بیست دا هاتووە کە بۆمان دەرکەوتووە کە زیانی دەریایی دوژمن لە جەنگی ئەم بەیانی یەدا بەم جۆرە بوو ، وێران کردنی دوو ـ فرقاطە ـ ، وێران کردنی حەوت بەلەمی تۆپ تەقین .. بەم جۆرە سەرجەمی زیانی

بڕوانە : ل : ٧

بانگەوازی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ جەماوەری گەلی کورد لە ئێران دا

پارتی دیموکراتی کوردستان ، ئامادەیی تەواوی خۆی دووپات کردۆتەوە بۆ پاراستن و بەرگری کردن لەنیشتمان و ڕێزو سەربەستی لەپێناوی سەرکەوتنی هەمیشەیی دەستەڵاتی حەق و پێشێل کردنی پیلانەکانی فارسی ڕەگەزپەرست و دوژمن .

پارتی لەکۆبوونەوەیەکی ناڕاسایی لیژنەی مەرکەزی دا ، کۆتایی هەفتەی ڕابوردوو بانگەوازێکی ئاراستەی گەلانی تێکۆشەری ئێران و بەتایبەتی گەلی کورد کردوە تیایدا بانگی کردوون بۆ بەردەوامی تێکۆشان لەپێناوی سەندنەوەی مافی نیشتمانی و نەتەوەی لەتاقمەکەی خومەینی ڕەگەزپەرست و خوێن ڕێژەکانی ڕژێمەکەی .

دیسان پارتی هاونیشتمانیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بانگ کردوە کە لەوبەری ڕادەی چاوکراوەیی و وریایی دا بن و هەست بەباری قۆناغی ئێستا بکەن و بەهوشیاری سووربن لەسەر پتەوکردنی یەکیتی نیشتمانی و پاراستنی و گوڕکردنی پرۆپاگەندەی قین لەدڵەکان و چاوکراوەیی بەرامبەر هەر جموجوڵێکی دوژمن و کار بکەن لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموزی مەزن بەسەرکردایەتی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین .

قوتابیانی ناوچەی کوردستان پشتیگری سەرۆکی فەرماندە دەکەن

نووسینگەی سکرتاریەتی یەکێتی ی قوتابیانی کوردستان لە هەولێر لەبەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردوو دەری کردووە داوای لە هەموو قوتابیانی بارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کردووە ناوی خۆیان لە لقەکانی یەکێتی دا بنووسن بۆ ئەوەی ڕێك بخرێن خوێنی خۆیان ببەخشن .

یەکێتی دووپاتی کردووەتەوە کە قوتابی یەکوردەکان پشتگیری ی سەرکردایەتی سەرۆکی نەبەرد شۆڕە سوار صدام حسین دەکەن بۆ سەرکۆتکردنی دوژمن و پتەوکردنی ڕێڕەوی سەرکەوتن .

لە بارێزگاکەیش دا هەزارەها کرێکاری **میسری** خۆیان گەیاندووەتە بنکەی یەکێتی ناوچەیی نیقابەکانی کرێکاران داوایان کردووە ببرێنە ڕیزی هێزە چەکدارەکانمانەوە کە دوو چەندان دەست لە دوژمنە مەجوسی یەکان دەوەشێنن .. هەروەها بروسکەکەیان بۆ سەرۆکی بەڕێز لێ داوە تیایدا پترۆزبایی یان لێ کردووە بۆ ئەو سەر کەوتنانەی سوپای نەبەزمان وەدەی هێناون .

Institut kurde de Paris

ئاسمانی عیراق دۆزەخی فڕۆکەکانی خومەینی یە

لە دوای ئەوەی کە هێزە چەکدارە لە نەبەزەکانمان مەخفەرو سەنگەرەکانی سوپای ئەم مرۆڤە دواکەوتوەتێك شکاندو ئوردوگاکانی یەك لەبەردەم تۆپو بۆردومانی سوپاکەمان چۆڵکرانو بەشێکی زۆر لەچەك و جەبەخانەو سەربازەکانی کەوتنە دەست هێزەکانمانەوە.. عەمامەکەی لەسەری فڕیوکەوتە لنگەرفرتێو ئارامی نەماو فەرمانی دایە هێزە ئاسمانیەکانی بۆ بۆمباباران کردنی شارو دەزگا ئابوریەکانی عیراق بەوهیوایەی کە وەرەی هێزەچەکدارەکانمان کەم دەبێتەو ئەو هەموو شارەی کە لەئێرانی داگیرکرد بەجێ دێڵێو بەرەودواوە دەگەڕێتەوە .

بەڵام ئەم خەیاڵەی عەمامە بەسەرو داروەدستەکەی خەباڵێکی خاو بوو چونکە ئاسمانی عیراق بوو بەدۆزەخو هەر فڕوکەیەکی خومەینی کە دەگەیشتە ئاسمانی وڵات دەورو پشتی ئەکرا بەئاگرو لە روایشدا ناچار دەبوو وەکو پەروانە چۆن بەرەو رووناکی دەکوێتەو دەسووتێت فڕۆکەوانەکانیش ئەئەوا خۆیان دەکوتایە ناو ئاگرەکەو لە دوایش وەکو بەروانە لەدەوری شەمعدا دەسووتانو بێ ئەوەی فەرمایشەکانی عەمامە بەسەر بەجێبێنن دەبوونە خەڵووز.

سوپایی نەبوردو نەبەزی عیراق دلێرانە کەوتوتە لێدانی سوپا ترسنۆکەکەی خومەینیو داروودستەکەیو رۆژبەرۆژ بەدەیا فرۆکەو تانك تێك دەشکێنێتەو بەسەدەها سەربازی لەناو سەنگەرو لە سەر تانکەکانیدا بەدیل دەگرێ . ئەم هەموو سەرکەوتنو دەسکەوتانەی سوپاکەمان ئەفسانەی ئایە تولاهەکانی ئیرانو خەباڵە خاوەکانیان پووچەڵ کرد کە نە هۆسەو ووتارە درۆزنەکانیان گەلانی ئیرانیان هەڵخە ڵەتاندبوو فریودابوو کە هەردوو سێ مانگەو هەموو وولاتانی دراوسێمان (انقلابی ئیسلامیان) تێدا روو دەدات و ئالای ئیسلامیەتی خومەینی تێدا دەشەکێتەوە .

عەمامە بەسەر نازانێ ئەو عەقڵە کۆنەی کەبەکاری دەهێنیو داروەدستەکەی شاباشی بۆ دەکەن گەلی مەزنی عیراق بەفلسێك نایکڕێو باوەڕەی بەگەڕانەوە بەرەوردواوەنییە .

هەربژی هێزە چەکدارەکانمان ..
هەربژی گەل ..
هەربژی سەرکردە .

لە ماهاباد

هوشترینێ !
تە دئێتن بەحسی جیهانا ئەڤرۆکە
بوتە بکەم ..
کا چ دەرچوو
بەحسی مودێلێت نوی بکەم ..
وەدیارە تو نزانی !
من هاژ ڤان گوتنا نینە
وەرە .وەرە . بوتە بێژم ..
کا چەند زارۆ
لە ـمهابادێ دئێنە کوژتن ؟!
کا چەند سێدارە ل ـطهران ـێ
دئێت دانانو
چەند مرۆڤ دئێن هلاویستن ؟
کا چەند گوندێت تژی هەژار
هەرو دئێنە
ڤەبراندنو وێرانکرن ؟!..
ئەرێ .. ئەر ێ. .ئەز ڤان دزانم
لەوان خەم خورێ هەمانم ..
لێ من ل بەرە ..
خڕ گەڕا ژبو پەریستنێ ،
ئەز بکەمە مزگەفتو دێر ..
هەمی گوندێت وێرانکری ،
بکەم باژێر ...
بکەم باژێر ...

خلیل محمد دهۆکی

قەڵای شێران

شۆڕشی ئێمە ، حەفدەی تەمووزە
لە شۆڕشەکاندا تاك و پیرۆزە
فەرماندەی شۆڕش کاکە صەدامە
هەر ئەو شایستەی جێگاو مەقامە
بۆ گەلی عیراق رووناکی چاوە
لە ناخماندایە هێزی هەتاوە
بەدڵو بەگیان زۆرمان خۆش دەوێ
ئالای شەکاوەی هەر سەر دەکەوێ

● × ●

ئێستا ڕژێمی تاران دەکۆشێ
شەڕ بە عیراقی نەبەز بفرۆشێ
نازانی سوپای عیراق پۆڵایە
ئەو لەسەنگەردا دەرهەقی نایە
ئالای نیشتمان وا دەپارێزێ
لە تێکۆشاندایە بەهەموو هێزێ
دوژمنی خاکی سەرنگوم دەکات
لە ڕەگ وڕیشە لە ناوی دەبات
لە رووکەی دەریاو زەمینو ئاسمان
لە خەباتدایە هەر بەبێ ووچان

● × ●

ئەوانەی ئێران بەڕێوە دەبەن
بەگفتو قسەی ئەمریکا دەکەن
لە خومەینییەوە تا بەنی سەدر
پێناسی ڕەشیان وەها کەوتە دەر
پیاوی ئەمریکان لە ئێران دەژین
خەریکی شەڕو ئاژاوە چێتین

بەگژی سوپای عیراقدا دەچن
لە خەباڵیاندا دەرهەقی دەبن
سوپای عیراقیش ئالای نایەوێ
خاك دەپارێزێ هەر سەر دەکەوێ

● × ●

خومەینی هاتووە عەمامە لە سەر
لە لای ئاغەکەی سەری هێنا دەر
پەردەی ڕوو ڕەشی خێرا هەڵمالی
بەناوی ئایین داوبانە پالی
شەڕو کوشتاری خستە کوردستان
هێرشی بردە سەر عەرەبستان
پیلانەکانی دبارو ئاشکران
گشت شانۆگەرین وا پێشکەش کران
بەڵام خەیاڵی خلیچك و خاوە
بۆی ناچێتە سەر هەتاکوو ماوە

● × ●

عیراقی نەبەرد قەڵای شێرانە
لەناو جیهاندا جێی تێکۆشانە
سوپای پاڵەوان لە سەر سنوورە
لەسەر مافی گەل هەمیشە سوورە
هەرگیزاو هەرگیز ڕێ بەدوژمن نادات
پێ بە زەمینی خاونییان بنات
چونکە پەیمانی پیرۆزی داوە
بەجێی دەهێنێ ،هەنگاوی ناوە
هەتا هەتایە ئالای نانەوێ
بۆ سەربەزیی خاك هەر سەر دەکەوێ

شیعری : مکرم رشید تاڵەبانی

بۆ خەباق ڕەوای گەدنی ئێران دژی خومەینی ڕەگەزپەرست

کەبیر لە ئێوە دەکەمەوە

مرۆڤ پیرۆزەو زەویش گەلێ فراوانە
هەزار هێندەی مرۆڤایەتی مرۆڤ لەسەر زەوی بژێ
هێشتا زەوی فراوانە ..

● × ●

وەك شەمەندەفەر ، بە بەر چاوما تێدەپەڕن
خەمی خەڵکتان لە کۆڵدایە ، هەنگاودەنێن ماندو نابن
هەر دەڕۆنو بیر لە ئاسمان دەکەنەوە
هەر دەڕۆنو بیر لە زەوی دەکەنەوە
چەندە یەکتریان خۆش دەوێ
ئاوا یەکتریش ئازاردەدەن
هەر دەڕۆنو لە هیچ شوێنێك ڕاناوەستن
کۆڵەکەتان گرانتربوەو لە جارانیش گەورەترن

● × ●

کە بیر لە ئێوە دەکەمەوە
گوێم لەچرپەی پێتان دەبێ سوکەڵانە ڕێدەکەن
واهەستدەکەم عاشقێکی بەوەفانو
لەناو عەشقا دەسوتێنو دەژێینەوە
ئا ... ئەوەندە عاشقن بە قەد هەموو ئەم دنیایە
خەمو عەشقی ڕێبوارانتان لەگۆڵدابە
جێ ژوانگەتان لەگەڵ هەموو برسییەکاندا
پۆپەی چیایەو کەپێك دەگەن
لەسەر بەفرا یاری لەگەڵ هەتاو دەکەن
کەپێك دەگەن ، هەزارەها ـمەمـو ـزێنـ یش
لە وولاتی عیشقو بەفر بەیەك دەگەن
ئێوە دەزانن مرۆڤ پیرۆزەو زەویش گەلێ فراوانە
هەزار هێندەی مرۆڤایەتی مرۆڤ لەسەر زەوی بژێ
هێشتا زەوی فراوانە .

رزگار شێخانی

Institut Kurde de Paris

عیراق .. دژی ئارەزووی شەرخوازی ی رژیمی ئێران دەجەنگێت

گەلی عیراق بە کوردو عەرەبەوە سەربازی گیان فیدایی پاراستنی ڕێزو بەرزی وولاتەکەیان

لەگەل "صدام حسین" ی سەرکردە بەردەوام بۆ پێشەوەو بێ گەڕانەوە

کە بە دڵێکی پڕ ئازارەوە ، باسی رەگەزپەرستەکانی رژیمی ئێرانو هەڵویستە دوژمنایەتیەکانیان دەکەین ، لە بیرمان ناچێ بەرێزەوە هەڵویستی خێرخوازانی لە رۆڵەکانی گەلانی ئێران بیربخەینەوە ، بە نارسەکانیشەوە ، ئێمە سۆزی دۆستایەتیمان بەرامبەریان هەیەو پەیوەندی دۆستایەتیو هیوای رزگاریان لەو کارەساتەی ئەمرۆ تیا دەژین بۆ دەخوازین .

● صدام حسین

ئێمە سڵاوی گەرم ئاراستەی برا عەرەبەکانمان لە ئەحواز دەکەین ، ئەوانەی بە رۆژگاری سزاو چەوساندنەوەی وادا لە سایەی رژیمی خومەینیدا راپوردن کە لە سایەی رژیمی شادا نەیان بینی .

● صدام حسین

سڵاومان بۆ تێکوشەرە بە شەرەفەکانی کورد لە ئێرانو هەموو گەلانی دۆست لە ئێران .

● صدام حسین

نهێنی نادرکێنینو شتێکی نوێش ناخەینە بەرچاو ، ئەگەر بڵێین ، عیراق بە گەلو حوکومەتەوەو حزبی سەرکردەی ئەم وولاتەش ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ، زۆربان پێشکەش بە بزوتنەوەی نیشتمانی ئێرانو هیزەکانی ئەو کرد ، لە کاتێکدا ، ئەو بزوتنەوەیە لە گەرمەی تێکوشانی رەوایدا بوو ، بۆ روخاندنی رژیمی شاو زامنکردنی پاشەروژێکی رووناکو سەربەست بۆ گەلانی ئێران . خۆ هەمووشمان لە بیرمانە ، « خومەینی » کە شا دەری کرد ، ئەو وڵاتەی دەرگای بۆ کردەوەو پێشوازی کردو دەستی رێزی لێنا ، عیراق بوو .

عیراق ، بە باوەڕەوە ، هەمیشە وای بۆ چوە ، کە سەرکەوتنی خەباتی گەلانی ئێرانو سەربەست بوونیان لە ژێر دەستەلاتی حوکمە فاشستیەکەی شاداو دامەزراندنی رژێمێکی سەر بە ئاواتو خواستەکانی گەلانی ئێران ، لە سوودی گەلی ئێران ، لە سوودی گەلی عیراقە ، چونکە گەلانی ئێرانو خاکی ئێران ، دراوسێی نزیکی عیراقنو بەلای عیراقیەکانەوە ، گرنگە بارو دۆخی ئەو وڵاتە سەقام گیربێو رێگای هاوکاریو دەستی دۆستایەتی درێژ کردن لە نێوانیاندا بەردەوام لە سوودی راستەقینەی پاشەرۆژی هەردوو لایان بێ .

دیسان ، هەموو لە بیرمانە ، لەبەر رووناکی ئەم باوەڕو هەڵویستە مەوزوعیەی عیراقدا هەر لەگەل رماندنی رژێمی شای ئێراندا ، عیراق بە پاکیو دڵسۆزی ئاشکرای کرد کە ئامادەیە بۆ هاوکاری بە سوود لەگەل شۆڕشی گەلانی ئێرانو بۆ سوودو قازانجی گەلی عیراقو ئاواتو خواستی ئەو گەلانەی لە ئێران ، هەزارەها قوربانی سەختیاندا تا سەرکەوتن .

● **ئەنجام ...**

کەچی ، ئەنجام ، ئەوە بوو ، زۆری نەبرد ئەو دەستە عەقڵ تەنگە خۆ پەرستو کۆنەویستە نالەبارانەی خۆیان بە زۆرسەباند بەسەر گەلانی ئێراندا ، پەردەی قینی رەشیان بەرامبەر عیراق لە رووی خۆیان دری . ئەوانە هەر بەوەوە نەوەستان ، بەڵکو درندایەتی خۆشیان بەرامبەر ئاواتو خواستی گەلانی ئێرانیش پێ نە شاردرایەوە ، کەوتنە قەلاچۆکردنی هەموو بیرو باوەڕ رووناکێك لە ئێران ، چەندان قەسایخانەیان لە کوردستانو عەرەبستانو بلوجستانو شوێنەکانی تری ئێراندا دامەزراند بۆ کوشتنو برینی ئازادیخوازانی ئەو گەلانە ، لەبەر هیچ نە ، تەنیا لەبەر ئەوەی ، ئەو گەلانە ، سووربوون لەسەر ئەوەی کە شۆڕشی ئێران ، کە بە خوێنی ئەوان بە ئەنجام درا دەبێ رێگای وا ببڕێ کە ئاواتو خواستی ئازاد زامن بکات . گەلی کورد ، لە کوردستانی ئێران دەنگی بۆ سەندنی مافی نەتەوەیی رەوایی خۆی هەڵبڕی ، گەلی عەرەب لە عەرەبستان هەمان جۆر ، کەچی جەلادەکانی (خومەینی) وەڵامی ئەو دەنگانەیان بە ئاگرو ئاسن دایەوە ، بەریزداری سنێدارەیان بۆ رۆڵەکانی ئەو گەلانە لە شەقامەکانی مەهابادو سەقزو مەریوانو عەبادانو محەمەرە داچەقاند ، لەم جارەشدا هەر عیراقو گەلی عیراق دەستی دڵسۆزی بۆ تێکۆشەرانی ئەو گەلانە کردەوە .

● ★ ●

لەوانەیە ، هەندێ لایەنی داخ لە دل وێنەیەکی تری پێچەوانەی وێنەی راستەقینەی زۆرانبازی نێوان عیراقو حوکم راکانی ئێران پیشانی رای گشتی خەڵك بدەن ، بەڵام رووی رۆژ بە بێژنگ ناگیرێ ، حوکم راکانی ئێران ، قینی رەش بەرامبەر عیراقو شۆڕشەکەیو سەرکەوتنەکانی کوێری کردوون ، لەبەر ئەوە ، هەر زوو کەوتنە قارسکردنی وولاتو گەلەکەمان ، بەبێ ئەوەی گوێ بدەن بە پچوکترین عورفو عاداتی دراوسێیەتیو رێو شوێنی راستی پەیوەندی نێو دەوڵەتان ، کەوتنە دەستخستنە ناوکاروباری عیراق ، نە خێر لەو سنوورەشدا نەوەستا ، جەلادو نوکەریان دەناردو بۆمبابان بەسەر خەڵکی بێ گوناهباردا تەقاندەوە ، وایان زانی بەم کاروبارە بێ رەوشتانەیان عیراق مل کەچی خواستو ئارەزووی ئەوان دەبێتو ئەوان چیان بوێ لێرە خێراو دەستو برد وەڵامیان دەدرێتەوە نەیان زانی گەلی عیراق یەك جارەو رزگاری بووەو ئیتر مل کەچی هیچ هێزو دەستەلاتێکی دەرەوەی سنوور نابێو ئەوەی دەست دەخاتەکاروباریەوە دەستی دەبڕرێتەوە .

● ★ ●

● رۆژان ، هاتنو رۆشتن ، حوکمرا عەقڵ بەردینەکانی ئێران زیاتر لە خۆیان بایی دەبوون ، زیاتر سنوریان پێ دەگرتین عیراق گەلو سەرکردەی ، بە چاوی ئارامەوە دەیان روانی ، بەڵام جام کە پڕبوو لێی دەرژێ ، رژێمی ئێران لە هەموو ئوسوڵێکی پیاوەتیو دراوسێیەتیو پەیوەندی نێو دەوڵەتان چوە دەرەوە ، کە واتە ئیتر هیچ ماوەی ئەوە نەماوە ، گەلی عیراقو سەرکردایەتی عیراقو سوپای ئازای عیراق بەرامبەر بەم کارەساتە دەست بەستراو بن ، چونکە روون بوەوە ، کە حوکمراکانی ئێران ، واز لە هەڵویستی نارەوایان ناهێننو سوورن لە سەر ئەوەی کوسپ بخەنە رێگای پێشکەوتنی عیراق لەبەر .هیچ لە ، لەبەر ئەوەی چاویان بەرایی نایەت عیراق لە ریزی پێشوە ببینن ، لەبەر هیچ نە ، تەنیا لەبەر ئەوە نەبێ دەزانن تیشکی رووناکی شۆڕشی عیراق لە کوردستانەوە دەگاتە گەلی کوردی ئێرانو لە هەموو عیراقەوە دەگاتە عەرەبستان ، ئەوانیش رەگەزپەرستو فاشستو خوێنرێژن ، نایانەوێ گەلانی ئێران بەو جۆرە بە مافو سەربەستی خۆیان شادبن.

● ★ ●

بە بەراوردێکی بە ویژدانانەی ، نێوان رژێمی رەگەزپەرستی ئێستای ئێران ، کە خۆی لە ژێر چەندان دروشمی بریقەداری درۆزنانەدا شاردۆتەوەو لە نێوان رژێمی شای گوڕکراودا،دەگەینە ئەو ئەنجامە، رژێمی ئێستا ، درندایەتیو دوژمنایەتی کردنی هەموو خێر خوازیەك لە زۆر لاوە گرەوی لەشا بردۆتەوە ، کەواتە ، حەقی خۆمانە بڵێین ، کام گۆڕان لە ئێراندا رووی داوە لە سوودی گەلانی ئێران بوە ، هیچ !

رژێمی شای ئێران :هەڵویستی بەرامبەر ئاواتو خواستی ئازادیخوازی گەلانی ئێران ، کردنەوەی دەرگای هەزاران زیندان بوو ، سەربڕینو کوشتنو راونانی هەموو ئازادیخوازە بە شەرەفەکانی گەلانی فارسو کوردو عەرەبو تورکو بلوشی ، لە رووی سیاسەتی دەرەوە ، رژێمی شا بە ئاشکرا پولیسی یاساولی سوودی ئیمپریالی بوو لە ناوچەکەدا پیلان رووی‌نەداوە دژی ئاواتو خواستی گەلانی رۆژهەڵاتی دوورو نزیكو رژێمی شا دەستی تیا نە بووبێ ، رژێمی ئێستای رەگەزپەرست بە عەقڵیەتی بەردینیەوەو بە خۆ شاردنەوە لە ژێر پەردەی ئیسلامدا کە لەوان بێ بەری‌یە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەل ئەو رژێمەداو ئەمەش چەندان بەڵگە :

– بە هەمان درندایەتی رژێمی شا دژی هەموو بیروباوەڕیکی پێشکەوتنخوازانەی گشتی گەلانی ئیرانە

– ئەو خوێن رشتنەی لە کوردستانو عەرەبستانو ناوچەکانی تری ئێران دژی گەلانی ئێران بەرپای‌کردن بەڵگەی بێ‌گومان لێ‌کراوی رەگەزپەرستی ئەم رژێمەیە.

– هەر چەند ئەم رژێمە بە قسەو فیشاڵی زل گوایە لەگەل شۆڕشی فەلەستیندایە کەچی زۆر بێ شەرمانە پەردەی لە رووی چاو برسیەتی خۆی بەرامبەر وولاتانی خلیجی عەرەبی دەربری ئەمە سەرەڕای هەڵویستی بێ شەرمانەی بەرامبەر عیراقو شۆڕشە سەرکەوتوەکەی .

● ★ ●

● ئارامان گرت ، بەڵام ئارام سنووری هەیە، دەستی خێرمان راکێشا کەچی رژیمی ئێران بومبای ویرانکاری‌دا بەسەر منداڵەکانی عیراقدا ، بۆیە ئیتر لەوە زیاتر لە وزەی شۆڕشو گەلی عیراقدا نەما چاوەڕێی خێرخوازی لە رژیمی بکرێ تا بینەقاقای لە درندایەتیو کۆنەپەرستیو رەگەزپەرستیو شەر خوازیا نوقم بوە ، ئیتر گەلی عیراق لەوە زیاتر ماوە بەپێ هەڵبڕینێ ئەو عەقڵ بەردینانە نادات ، سوپای عیراق کەوتە خۆ ، لە ماوەی چەند رۆژێکدا دەرسێکی وای دا بە رژیمی رەگەزپەرستی ئێران ئەگەر شەرمو شورەی لە لایان سنووری هەبێ هەرگیز لە بیریان ناچێتەوە .

● گەلی عیراق ، بە کوردو عەرەبو هەموو کەمایەتیە راکانیەوە سوورن لە سەر ئەوەی ئەم رێگایە بەر نەدەن تا سەرکەوتنی تەواوو هەموو سەربازی گیان فیدای ئەو ئامانجە پیرۆزانەن سەرکردەی گەل صدام حسین لە ووتارەکەی ١٦–٩ – ١٩٨٠دا رای‌گەیاندنو بەرەو سەرکەونو ... بێ گەڕانەوە .

Institut Kurde de Paris

بەرەو سەرکەوتنی تەواو، دوژمن لەبەردەم هێرشی مەردانەی پاڵەوانەکانماندا هەڵدێن

لەشکری ئازاو دڵێری عراق ، لەبەر روونا کی ئامۆژگاریەکانی رابەرو سەرکردەی گەلدا صدام حسین ، هەڵمەتەکانیان بەرەو پێشەوەیەو .. عیراق هەمیشە پێش دەکەوێو .. ناگەڕێتەوە ، لەم هیرشە رەوایەی لەشکری عیراقدا کە بۆ بەرپەچدانەوەی چاو چنۆکیو ئارەزووی شەڕخوازی رەگەز پەرستەکانی فارسە ، سەرکەوتن گەیشتۆتە رادەی ئەوەی ... لەبەردەم هیزەکانماندا .. دوژمن هەڵدێ ..



هەوڵی ئاوەدانی و پرۆژەی تازە لە پارێزگای سلێمانی

● لە نێوان هەوڵی ئاوەدانیو جێبەجێکردنی گەلێ پرۆژەی ئاوەدانی تازە لە پارێزگای سلێمانیدا ،لە پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆراوجۆرەوە بۆ مسوگەرکردنی ژیانی ئاسودەیی هاوڵاتیان، گەلێ لایەنی لێپرسراو چالاکانە لە هەوڵی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیاندانویەکێك لەو لایەنانە بەرێوەبەرینی کاروخانەسازی سلێمانییە کە گەلێ پرۆژەی ئاوەدانیان بە دەستەوەیەو دڵسۆزانەلە هەموو لایەکەوە ئەیاتەوێ بە زووترین کاتتەواویان بکەنو ئێمەش لە سەردانێکی رۆژنامە نووسیدا بۆ ئەو بەرێوەبەرێتییە ئەم گفتوگۆیەمان دەربارەی ئیشوکاریان لەگەل بەرێز ئەندازیار حمید سلیم میراندا دەربارەی گرنگترین پرۆژەی کردو کاك حمید خۆی سەرەتا دەربارەی پرۆژەی ئاوەدانی ئەمسالیان وتی :-

× ئەمسال کە سالی ١٩٨٠ یەو هێشتا تەواو نەبووە ئەلی پرۆژەی ئاوەدانی جۆراوجۆرمان بە دەستەوە بووە کە هەیانە تەواو بووە وهە شیانە هێشتا ماوویەتی ونیشی لێ ئەکرێو هەشمانە بە تەماین دەستی پێبکەین و بە گشتی ئەو پرۆژانەی کە ئیشیان لێ ئەکرێ سەرجەم هەموویان بایی ٤ ملیونو ٥٠١ هەزارو ٢٢٨ دینارن و بریتین لە:

١ - چەوبردن بۆ کارگەی اسفلتی تانجەرۆ .
٢ - چاککردنەوەی ریگای گەردەبۆر - زێوێ - پیرەمەگرون .
٣ - دروستکردنی کارگەی چاککردنەوەی مەکینەو ئوتومبێل .
٤ - دروستکردنی خانوی حاکم لە سلێمانی .
٥ - دروستکردنی ئەخۆشخانەی هەڵەبجە بەفراوانی ١٠٠ قەرەوێلە
٦ - دروستکردنی ئەخۆشخانەی سنگ لە سلێمانی .
٧ - دروستکردنی مەلبەندێکی تەندروستیو دوو خانو لە سەنگاو .
٨ - دروستکردنی مەلبەندێکی تەندروستیو دووخانولە سەرقەلا .
٩ - دروستکردنی مەلبەندێکی تەندروستیو لە بیارە .
١٠ - دروستکردنی مەلبەندێکی تەندروستیو لەگەل چوار خانوو لە بەرزنجە .
١١ - دروستکردنی مەلبەندێکی تەندروستیو لەگەل چوار خانو لەسیروان
١٢- دروستکردنی ٦٠ شقەی نیشتەجێ لە سلێمانی .
١٣ - دروستکردنی مەلبەندی لاوانی چمەچمال .
١٤ - دروستکردنی مەلبەندی لاوان لە رانیە .
١٥ - دروستکردنی مەلبەندی لاوان لە هەڵەبجە .
١٦ - تەواکردنی یاریگای وەرزشی لە چمەچمال .
١٧ - دروستکردنی قوتابخانەی ئامادەیی بازرگانی لە سلێمانی .
١٨ - دروستکردنی دار المعلمات لە سلێمانی .
١٩ - دروستکردنی ترتابخانەیەکی ناوەتدی لە سلێمانی .

ئەمانە ئەو پرۆژانەن کە هێشتا ئیشیان لێ ئەکرێو لە تەواو بوون دان .

● کاك حمید حەز ئەکەین بزانین ئەمسال بە گوێرەی چاوەروانی خۆتان کام پرۆژانە تەواو ئەکەن بەتایبەتی وا سالی ١٩٨٠ خەریکە تەواو ئەبێ ؟.

× بە گوێرەی ئیشوکاری خۆمانو چاوەروان کردنمان وا بە تەماین ئەمسال نزیکەی ٤٠ پرۆژەی جۆراوجۆر تەواو بکەینو هەموویان بایی نزیکەی ١ ملیونو ٧٣٠ هەزارو ٣١٤ دینار ئەبنو بریتین لە هەندێ ریگاوبانو دروستکردنی خانوی حاکمو ئەخۆشخانەو مەلبەندی تەندروستیو قوتابخانەی سلێمانی .
سەرەتایی و ناوەندیو بەشی ناوخۆیی و گەنجینەی

حمە سعید حمە کریم
پ . هاوکاری لە سلێمانی

بەرێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانیو گەلێ پرۆژەی ئاوەدانی تریش کە هەموویان تەواو ئەبنو دەست ئەکەین بە ئیشوکاری تر کە لە پلانی سالێ داهاتودا بۆمان دانراوە .

● ئەی باشە ئەو ئیشوکارانەی کە دەستتان پێ ئەکردووە کامانەنو چیو چین ؟.

× ئەو پرۆژەو ئیشوکارانەی کە هێشتا دەستمان پێ ئەکردوون زۆرنو هەموویان لە پلانی پێگەیاندنی ئەتەوایە نیدانو لە حسابانی ئەمسالدا دانراونو ئەوانیش نریکەی ٣٧ پرۆژەن کە بریتین لە دروستکردنی خانو بۆ حاکم لە ماوەتو چوارتاو چمەچمالو کەلارو دەربەندیخانو سلێمانیو دروستکردنی دایەرەی دادگا لە سلێمانیو هەروەها دروستکردنی دایەرەی خۆمانو پەروەردەو بارەگای یەکیەتی نووسەرانی کوردو یەکیەتی ئافرەتانو جوتیارانو مەلبەندی لاوانی سلێمانیو بارەگای دایەرەکانی وەزارەتی خۆمانو یانەو کتێبخانەی کرێکارانو بارەگای یەکیەتی قوتابیان لە سلێمانیو هەڵەبجەو رانیەو دەربەندیخانو دروستکردنی ئەخۆشخانەی رانیەو قەلادزەو سەنگەسەرو تیلەکۆو بێتواتەو جێشانەو سلێمانیو بازیانو مۆریاس کە ئەم ئەخۆشخانانە جۆراوجۆرنو هەندێکیان خانوشیان لەگەلدایە ، هەروەها دروستکردنی مەلبەندی فێرکردنی حواردەمەنی لە سلێمانیو مەلبەندی ئیسعافی فەوری سلێمانیو ٢٤ شقەی نیشتەجێ بۆ پزیشکەکانی سلێمانیو ١٢یش بۆ هەڵەبجە . لەگەل دوو دابەنگەو پەیمانگای ئیسلامیو بەشی ناوخۆیی لە سلێمانیو بەشی ناوخۆیی بۆ دار المعلمینو دار المعلماتو وا بەتەماین لە کۆتایی ئەم ساڵدا ئەگەر هەندێ گیروگرفتی لاوەکی بێلێ دەستیان پێبکەین .

● کاك حمید باسی گیروگرفتان کرد حەز ئەکەم هەندێکیان بزانین .

× گیروگرفتی ئیشوکار زۆر زۆرەو رۆژانە کە دێتە رێگامان خۆمان زۆریان جێبەجێ ئەکەینو ئەوەی کە تۆزێك ئیشوکارمان دووا بخات ئەوەیە کە هەندێ جار زۆربە نارەحەتی زەویمان دەست ئەکەوێ کە پرۆژەکانی لەسەر بکەینو جار جاریش هەر بە نارەحەتی بەلێندەرمان دەست ئەکەوێ کە شایستەی ئیشەکان بێتو ئیتر کەمی چیمەنتۆو هەندێ مەوادی تریش هەر جار جار دوامان ئەخات .

لەو روانگەوە کە دەبێ رۆژنامەنووسی کوردیش بچێتە ناو خەڵکەوەو سەر بکاتە ناو هەموو لایەنەکانی ژیان ، وە لە چوارچێوەی بایەخو پێدانی فراوانتری ـهاوکاری ـ بۆ دەرخستنی رووی رووناکی بتشکەوتنی بەردەوام لە گوندو شارەکانی کوردستانو دەربرینی خواستی دوورو نزیکی کۆمەڵانی خەڵك ، ئەم نامەیەی پ : هاوکاری لە هەولێر ، کە لە سەردانیا ، بۆ دیبگە نووسیویەتی بڵاو دەکەینەوە



شێرزاد عبدالرحمن

خواست و ئاواتەکانی دیبەگە

● کە چونیە دیبەگە، لە پێشەوە لەگەل هاوڵاتیان کە وتینە قسە ، ئەوانیش ، هەر یەکە بارە سەرنجی تایبەتی بەرامبەر بە خواستەکانی دیبەگەو کەمو کورتیو پێداویستیەکانی ئەم ناحیەیە دەربڕی ، ئێمەش ئەو خواستە پیرۆزانەمان کرد. پرسیاری گەشتەکەمان ...

● بەرێز محمود حسین وەکیلی ناحیەکە وتی :

× پر بە دل سوپاسی رۆژنامەی « هاوکاری » دەکەین ، راستیەکەشی دەمێك بوو ، ئێمە خۆمان، چاوەڕوانی ئەوە بوین خواستی خۆمانو ئەم خەڵکە بخرێتە رووو لێپرسراوان ئاورێکی دڵسۆزانە لە گیروگرفتەکان بدەنەوە .

× مادام وا بێ ، با لەوەوە دەستی پێ بکەین کە بۆ چی ئا ئێستا زۆربەی گوندەکانی ناحیەکە بە بێ ئاوو کارەبا ماونەتەوە .

● ئەتوانی ئاوی چەند گوندێك بڵێی ؟

× لە رێگامان لامان دایە چەندەها گوند کە بەداخەوە، هاوڵاتیان لەو گوندانەدا لەبەر مەتینەتی بێ ئاوی و بێ کارەبایی دەناڵن ، لەوانە مەلەك ئاغا ، گردە شینە ، بەرزەوار ، خورمەلە ، چڵهەوێر ..

× لە نەخشەی ساڵانی داهاتوودا بە دەستمانەوەیە کە زۆربەی گوندەکانی سەر بە دیبەگە ئاوو کارەبایان بکاتێ ، وەپارەیەکی چاك دادەنرێ بۆ زامن کردنی خواستو پێویستی هاوڵاتیان لەو گوندانەدا کە راستیەکەی پێویستی راستەقینەیان بە گوڕانو بێشکەوتنی بەردەوام هەیە.

● ئایا بۆچی تا ئێستا لەگەل ئەو گوڕانکاریە فراوانە ، تائە باخچەیەکی منداڵان نیە ؟

× لە ئەنجامی خواستی هاوڵاتیان دەمێکە بیرمان لەم لایەنە کردۆتەوەو «٨٠» هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوەو پرۆژەکە ئێستا لە جێبەجێ کردندایە .

● هەر وەکو هاوڵاتیان باسیان کرد سەرچاوەی ئاوی ئەم ناوچەیە لە گوندێکەوە دێو پاك نیە ، تا ئێستا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە چارەسەرێك بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزنەوە ؟

× مەسەلەی ئاوی دیبەگە سەرەرای ئەوەی کە پاك و خاوێن نیە ، دەبێتە گۆماوی گەورە ، کار دەکاتە سەر ژیانو تەندروستی هاوڵاتیانو چەندەها جاریش ئەم گیروگرفتە بەر چاو خراوە ، تەنانەت داوامان کردووە ، دیبەگە ، پێویستی بە بیری ئیرتیوازی هەیەو سەر چاوەکەی بە کەلکی خواردنەوە نایەت .. بەڵام تا ئێستاش گیروگرفتی ئاو وەك خۆی ماوەتەوە .

● ئەی پرۆژەکانی ئێستاتان چیە ؟

× راستیەکەی گەلێ ئاوات و خۆزگەمان هەیە ، بەڵام لەو پرۆژانەی کە ئێستا بە دەستمانەوەیە :

١ - باخچەی منداڵانی دیبەگە .
٢ - دروست کردنو دامەزراندنی سەرای دیبەگە.
٣ - بە نزیخانەیەکی گەورە .
٤ - دابەش کردنی زەویو زار .
٥ - یانەی فەرمانبەران .
٦ - قیرتاوکردنی شەقامەکان .
٧ - قوتابخانەیەکی نوێ لە گوندی « کۆزەبانکە ».
٨ - مەڵبەندی لاوانی دیبەگە .
ریبەگە .
٩ - هەشت خانو بۆ هاوولاتیانو ئاسایشی ناو خۆیی .
قوتانخانەی سانەوی دیبەگە - کە لە چاوپێ کەوتنەکەی بەرێز وەکیلی بەرێوەبەری ناحیە بوونیەوە گەشتێکی ترمان کردە ناو خەڵك و راپۆرتێکی تایبەتمان پێش کەش بە لێپرسراوان دیبەگە بە جوانترو پاکترو پێشکەوتووتر بپێنیینەوە .

★ ★ ★

عەلامەکەی خومەینی

لە بەردەم ئاگری جەنگی رەوای عیراقدا

عبدالوهاب تالەبانی

● کاتێ کە دەستم بە نووسینی ئەم وتارە کرد ، (فیقەی ئاگادار کردنەوە) نالەی لێهەستاو ئەوەی ڕاکەیاند کە فڕۆکەی ڕەگەز پەرستەکانی ڕژێمی خومەینی لە پایتەختی شیرین نزیك بوونەتەوەو دەیانەوێ بارانی ڕکو قین‌و دوژمنایەتی ببارێننە سەر خەڵکی وڵاتەکەمان ..

ڕادیوو تەلەفزیۆن لە هەمان کاتدا ڕایان دەگەیاند کە لە هەموو جێگەیەکەوە فڕۆکەکانی خومەینی بت پەرست شارو ناوچە ستراتیژیەکانیان داگرتوە ...

بێگومان ئەم دەست درێژیەی تاقمە دکتاتۆرەکەی ئێران وەنەبێ لە تۆڵەی هێزە چەکدارەکانی وڵاتەکەمان ڕزگاری بوو بێ بەڵکو ئەوە بوو سەرکردایەتی هێزی چەکدار ڕایگەیاند کە تەنها لە ڕۆژی ٢٣-٩-١٩٨٠ دا(٦٧) فڕۆکەی ساختی ئەمەریکا لە ئاسمانی عیراقدا خراونەتە خوارەوە ولەولاشتەوە هێزی پیادەو زرێپۆش‌و هێزەکانی دەریا تەنگیان بە ئەرتشی ڕەگەز پەرستەکانی ئێران هەڵچنیوەو ، دیاریشە ئەم هێرشە ئاسمانیەی هەر لە ئەنجامی ئەو نوشستی‌و ڕووخانانەی دایە کە لە جەبهەکانی شەردا لە بەسرەو میسان‌و واسط دیالی دوو چاری بووە ... شەڕی شەلم کوێرم ناپارێزم - دەکا ، کە ئەویش شەڕی موفلیس‌و بێبڕواو بێ ئومێدەکانە .

● وا شەڕەو لە ئەنجامی سەرکێشی‌و گومڕایی تاقمەکەی خومەینی‌دا ،عیراق ناچارە سنوورو ئاوو کەرامەتی میللەتەکەی بپارێزێ‌و ، بە توندی‌و بە هەموو هێزیەکیەوە ، کە هەوێنە سەرەکی‌یەکەشی هەر گەلی عیراقە ، بمالێ بە سەروبۆتەلاکی ڕژێمی نەگریسی خومەینی‌دا ... ئینجا بەرامبەر بەم بارورزوفە تازەیە ، بارورزوفی بەرەنگاری بوونەوەی ڕاستەوخۆی خومەینی‌و ڕژێمە ڕەگەز پەرستە چلیستەکەی ، چۆن دەست نیشانی پاشەڕۆژو ئەنجامی جەنگە ڕەواکەی عیراق دژی دەست درێژکارە خومەینیستەکان دەکرێ ؟ ئایا پەرەپێدانی شەڕو لێدانی تەپڵی جەنگ لەلایەن حوکمڕانەکانی ئێرانەوە لە بەرژەوەندی کێدا دەبێ‌و بە چبارێکدا دەشکێتەوە ؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە ، کە ئێستە بەرای من ، پرسیاری سەر زاری زوربەی خەڵکەکەیە ، دەبێ یەکەم‌جار سەر باسی ڕەگی مەسەلەکە ، یان بڵێین ڕەگەکانی کێشەی نێوان ڕژێمی پێشکەوتنخوازی عیراق‌و ڕژێمی فاشێت‌و ڕەگەز پەرستی خومەینی .

لە سەرەتادا ، لام وایە ئەم کێشەیە بەشێکە لە نەخشەیەکی فراوان‌و خەستی درێژ خایەنی دەزگای ئیمپریالیستەکانی جیهان‌و ، خومەینی لەم نەخشەیەدا دەوری خۆی هەیەو کەرەستەیەکی بەکرێگیراوەو ، پەنجە ڕەشەکانی بەرەی ئیمپریالیزم بە کەیفی خۆیان‌و لە سنوورەدا کە بەرژەوەندی پرۆژەکانیانی تیابێ ... بۆ لێدانی ڕژێمە پێشکەوتنخوازەکان‌و جەزرەبەدانی گەلانی ناوچەکەو تالان کردنیان ... ددیجوولێنن‌و دەیسووڕێنن.. تەنانەت پیا چوونەوەیەکی مەوزوعیانەی ئەو بارورزوفانەی کە خومەینی تبدا هاتە سەر حوکم ڕاستی ئەو بۆ چوونەی سەرەوەمان بۆ دەچەسپێنێ .

کومانی تێدا نیە کە پێش ڕووخانی ڕژێمی شاهانشایەتی بزوتنەوەی گەلانی ئێران‌و ، هەڵچوونی قینی خەڵکی چەوساوەو ستەم‌دیدەی نێوان گەیشتبوە ڕادەیەك پێویست بوو ، گۆڕینێت لە باری سیاسی ئێراندا بکرێ‌و دەست - کاریەکی وەزعەکە بکرێ ، بۆ ئەم مەبەستە دەستگاکانی ئیمپریالیزم خومەینیان جوڵاندو ئەوەبوو ئەم خومەینیە چوە پاریس‌و لەوێوە دەستی کرد بە هاندان‌و ناردنی شریتی دەنگی خۆی بۆ ئێران‌و بەرەبەرە ، جێگەی پێشڕەوی پاشەڕۆژی گرتەوەو مەبەستی دەستگای ئیمپریالیستەکان هاتەدی ، بێگومان هەندێ هۆی مەوزوعیش هەبوو کە وای کرد پیلانەکەی خومەینی سەربگری ، لە سەرووی هەموو ئەو هۆیانەوە هێزە سیاسی‌یەکانی ئێران نەگەیشتبوونە ئەو قوناغە سیاسی‌یەی بتوانن کەسێك ، یان پێشەوایەکی لێهاتوو بخولقێنن .

● شتێکی ئاشکرایە کە ڕژێمی عیراق ، ئەو ڕژێمە نیە کە دەستگاکانی ئیمپریالیزم لێی ڕازی‌بن‌و ، بە شەهادەتی دەست‌و دوژمن ، ئەم ڕژێمە وڵاتەکەمان پێناسی تایبەتی خۆی هەیەو هەرگیز مان‌و پێشکەوتن‌و سەرکەوتنی بە سەر ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی ، لە گەڵ حیساباتی ئەو دەستگایانەدا ناگونجێ‌و ، بەڵکو بە پێچەوانەیانەوەیەو ، هەر لێرەشەوە هۆی سەرەکی‌ی شەڕەکەی خومەینی دژی عیراق سەر هەڵدەدا ...

عیراق دەیەوێ ئەو پارچە زەویانەی کە لە بارێکی ئاڵۆزدا ، ئێران داگیری کرد بکەرێتەوە بۆ عیراق ، چونکە خاکی عیراقەو داگیرکردنی بۆ ماوەیەك لەلایەن ئێرانەوە پێناسی ئەو خاکە ناگۆڕێ‌و مافی‌ئەوەش نادا بە ئێران بڵێ ئەمە هی ئێرانەو ئیتر دەستی بەسەردا بگرێ...

هەروەها عیراق دەیەوێ ئاری - شط العرب - کە هەمیشە پارچەیەك بوە کە خاکی عیراق بگەڕێتەوە ژێر دەستەلاتی خۆی ، کە ئەمەش مافێکی ڕەوایەو هیچ چەندوچوونی تیا نیە ، عیراق چەند جارێك بە ڕێگای دیبلوماسیانە ویستی لە ئێران بگەیەنێ کە پێویستە دان بەو ڕاستیانەدا بنێن‌ودەست لە خاك‌و ئاوی عیراق هەڵگرن، کەچی خومەینی‌و تاقمەکەی تا دەهات زیاتر دانیان ڕیچ دەکردەوەو،تەنانەت،خومەینی گەیشتە نەجەف‌و کەربەلا،واتە خومەینی تەنها بەوە ڕازی‌نیە کە داگیری کردوە ، بەڵکو ڕەیەوێ بە بیرێکی گەندەڵی مەزهەبی یەوە یەکێتی میللەتەکەمان تێك‌دات‌و تاقمە ڕەگەز پەرست‌و دڕندەکەی . باشە ، بەرانبەر بەم هەڕەشەو گورەشەو جم‌وجوڵە گومان لێکراوانەی خومەینی ، هەڵویستی عیراق دەبی چی‌بێ ، لە غەیری خۆ ئامادە کردن بۆ پاراستنی خاك‌و بەریەست کردنی خەوو خەیاڵ پڵاوەکانی خومەینی ؟

ئەوەش کە ڕوویدا هەر ئەوە بوو ؛ عیراق بۆ گێرانەوەی خاکی داگیرکراوی جووڵاو بڕیاری دا کە خاك‌و ئاوی داگیر کراو بگێڕێتەوە بۆ ژێر دەستەلاتی ڕەوای خۆی‌و ، ئەوە بوو سوپای عیراق لە ماوەیەکی کورتداو بە هەڵمەتێکی مەردانە توانی هەموو ئەو ناوچانە ڕزگار بکات ،لە تۆڵەی ئەمەدا خومەینی فەرمانی دا کە دەست درێژی بکرێتە سەر ناوچەی مەدەنی‌و سنراتیژیەکانی عیراق ، ئەوە بوو لە هەندێ کارگەو ناوچەی مەدەنیمان درا لە بەسرەو خانەقین ... ئینجا بۆ ئەوەی خومەینی‌و تاقمەکەی‌و ئەوانەی لە پشتیەوە وەستاون تێبگەن عیراق ئەو جێگەیە نیە مردنی تیا بچێنن‌و ئاسمانی عیراقیش نایێتە سەیرانگای فڕۆکە کوشەندەکانیان .. بۆیە هێزی ئاسمانی عیراق خۆی گەیاندە درور ترین بنکەی ئاسمانی ئێران‌و فڕۆکەخانەی سەربازی‌ی میهرابادی تاران‌و تەورێزو ئەسفەهان‌و شیراز‌و هەمەدان‌و کرماشانی بوردومان کرد ، هەروەها هێزی ئاسمانیمان ئەو فڕۆکەخانەیەشی بوردومان کرد کە خومەینی کردبوویە بنکەی هێرش بردنە سەر شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران‌و گوندە کورد نشینەکانی ئەو دیوی لێوە بوردومان دەکرد .. کە ئەویش فڕۆکەخانەی سەربازی‌ی ..سنە..بە..

تا نووسینی ئەم وتارەش شەڕ بەردەوامەو سەرۆك صدام حسین ڕای‌گەیاند کە عیراق خۆی لە حاڵەتی جەنگا دەبێتێ لە گەڵ ڕژێمی خومەنیبداو ئیتر لە ناوچە ستراتیژیەکانی ناوی ناوەوەی ئێران دەدات تاوەکو خومەینی‌و تاقمەکەی سەر بۆ دەنگی ڕاسنی دادەنەوێنن‌و خاك‌و ئاوی عیراق بە هی عیراق دەناسن .

ئەم شەڕەی نێوان وڵاتەکەمان‌و ڕژێمی گەندەڵی خومەینی ، شەڕیکی نیشتمانی‌ی پیرۆزی گەلەکەمانەو پشتگیری کردنی‌و هاوکاری کردنی بێ سنوور بۆ سەر خستنی ویست‌و ئیرادەی گەلی عیراقمان‌و نابووت کردنی ڕژێمی فاشێستی خومەینی ئەرکی سەرشانی هەموو نیشتمان پەروەرێکی کوردو عەرەبە ، .. خاك‌و ئاوی نیشتمان کە تووشی هێرش‌و داگیر کردن دەبێ لەلایەن دوژمنێکی وەکو ڕژێمە ڕەگەز پەرستەکەی خومەینی‌یەوە .. دەبێ هەموو مەسەلەیەکی تر .. هەموو بەرژەوەندیەکی تری تیا بخرێتە دواوەو دەست لەناو دەست لە گەڵ سەرکردایەتی وڵاتدا ...

سنوورو کەرامەتی نیشتمان بپارێزرێ ..

لەو بڕوایەداین .. بڕوایەکی بەتین ، کە ئەنجامی جەنگە ڕەواکەی عیراقمان دژی ڕژێمی گەندەڵی خومەینی‌و هێرشە دڕندانەکانی‌و ، لەبەر تیشکی ئەو بارو زروفەی ئێران خۆی تیا دەژی‌و لە دایك بوونی بزوتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی ڕاستەقینە لە نێو گەلانی ئێراندا بە تایبەتی لە کوردستان‌و عەرەبستان ... دەڵێین ئەنجامەکەی هەر بە بەزینی هێزی دوژمن دەشکێتەوەو ، بەڵکو بە داڕزانیشی بەو شێوەیەی کە لە بەردەم هێرشی‌و شۆڕشی چاوە ڕوان کراوی سەراپای گەلانی ئێراندا وردوخاش بێ‌و ئەم ناوچەیە ئێرانیش لەم تاقمە کۆنەپەرستەو نەجاڵە ڕزگاری بێ . هەر لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوەشە کە پەرەپێدانی شەڕ لە لایەن دەستگاکانی ڕژێمی ئیرانەوە دیسان هەر بە نابووتی . خۆیان دەشکێتەوەو تووشی هەڵەیەکی زۆر گەورە بوون ، کە وەزعەکەیان گەیاندە ئەم ڕادەیە ... لە عیراقدا گەلێکی یەکگرتوو ، سوپایەکی بە هێزو بە بڕوا هەیەو لە ئێرانیش ڕژێمیکی دواکەوتو و سیحرباز‌و گەلێکی پارچە پارچەو سوپایەکی بێ هێزو بێ دەستەلات‌و داڕزراو کە زیاتر لەسەدا شەستی سەربازەکانی هەڵاتوون . ئەمە جگە لەو بارە ـئابووری‌یە زۆر ئاڵۆزو خراپەی کە ئێران پیا دەڕوا ...

خومەینی حەزی لێبڕو ئەم شەڕەش بکا ، وا ئاگرەکەی داگیرساند ، ئێمەش موژدەی ئەوە بە گەلانی ئێران دەدەین کە هەر ئەو ئاگرە خومەینی دەسوتێنێ‌و تەخت‌و تاراجی وێران دەبێ‌و ئەم مۆرە ڕەشە لە نێوچاوانی مێژووی ئێران لادەچێ .

ئەی نیشتمان بۆتۆ سوێندم خوارد

نیشتمانەکەم

کاتێك دایك‌و باوکم لەدەستچوو .. هیچ غەمێکم نەخوارد ، چونکە من لە باوەشی سوزی یەکێك لە باوك‌و دایکم گەورەتردا پێگەیشتم .. بەڵێ خاکی تۆ کە باوەشی بە منداڵێتی‌ی من‌دا کردو .. ئاوەکەت کە دەمارەکانی ئاو دام‌و سروەکەت کە ژیانی پەرەپێدام .. ئیتر ژیانم بۆ کەس نی‌یە تۆ نەبێت .. ئەی نیشتمانم .. ئەوا بانگ کردنت .. بانگ کردنێکە بۆ هەموو سەربەستێکی شەرەفمەند .. بانگی نیشتمان لە هەموو بانگەکانی تری ژیان گەورەترە . . ئەی نیشتمانم چۆن چۆنەکی فیدات بم کە تۆ بڵندیت بەکوێری چاوی دوژمن .. ئیتر ئەی نیشتمان چۆن فیدات نابم کە صدام سەرکردەی مەزنتە .. کە واتە ئەی نیشتمان سوێندت بۆ دەخۆم کە ئەم لەشم بکەم بە پردێك بۆ ئەوەی سوپای مەزنمان بەسەری‌دا تێبپەڕێت‌و خوێنم دەکەم بە ئاگرێکی هەمیشەیی لە زەمینی تۆوە بەڕووی دوژمن‌و مەجووسەکان‌دا هەڵبچێت و بیرم دەکەم بە باخچەی ساوایان بۆ هەر منداڵێك لەسەردەمی صدام‌دا لەدایك بووەو لەبەر بیروڕاکانی صدام‌دا پەروەردە بووە .. هەزار سڵاوت لێ بێت نیشتمانم .. هەزار سڵاویش بۆ تۆ ئەی صدام .

● اکرم محمود ●

Institut kurde de Paris

بە یاننامە مێژوویە کەی (پاشماوە)

باشکەوتووەکەی خومەینی سەرەڕای کارە وێرانکاریەکانی دژ بەئاسایشی عیراق ئەوا دەستی لە دەستەلاتی عیراق بە سەر زەوی و خاک و ئاوی نیشتمانیدا وەشاندووە لە شط العرب و قەلەمڕەوی لە کەناری عەرەب مافەکان و دەستەلاتی نەتەوەی عەرەب و ئاسایشی ، ویستیشیان پیلان بۆ عیراق دروست بکەن بە کارە سوپایی یە دوژمنکاری - یەکانیان ئەمڕۆ دوێنێ و پێرێ هەروەها ئێمەیش ناچاربووین فەرمان بەهێزە چەکدارەکانمان بدەین کاری سوپایی توندوتیژ بەئەنجام بدەن بۆوەلامی کارەدوژمنکاریی یە ترسناکەکانیان کە دژی هێزە چەکدارەکانمان و دەزگاکانی ئابوورییمان و هێلەکانی کەشتی ڕانیمان ئەنجامیان دا ، ئێمە نامانەوێت دەست لە جێگا مەدەنی یەکان بوەشێنین ئەو کاتە نەبێت کە لایەنی ئێرانی لە دەست وەشاندن لە جێگا مەدەنیەکان بەردەوام بوو لەو زەوی و زارەی ئێرانیش دەکشێینە دواوە کە کارێکخستنی داکۆکی کردنی سوپاییمان و ئاسایشی سوپا پێویستیان پێیەتی تێیدا بن تەنیا بەددان نانی ئێران بە مافەکانی دەستەلاتداریتی لەسەر خاکمان و ڕێزگرتنی بەرژەوەندی یەزیندووەکانمان

ئەی گەلی مەزنی عیراق

ئەی ڕۆلە ئازاکانی هێزە چەکدارەکانمان .. بەیارمەتی خودا بە ئێوە سەردەکەوین وەك چۆن لە جەنگەکانی پێشوودا سەرکەوتین و دەستدرێژ کەو داگیر کەرەکان ژێردەکەون ئیتر سلاوتان لێبێت .

صدام حسین

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لە ٢٢ ئەیلوولی ١٩٨٠ دا .

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕایگەیاند کە عیراق هەموو ڕێگایەکی شیاو بەکاردێنێت بۆ ناچارکردنی فارسە ڕەگەزپەرستەکان ئەوانەی لێپرسراوێتی و شەرتیان لە دەستداوە تا ڕێز لە مافەکانی کەسانی دیکەو یاساکانی نێو دەولەتان لە بواری کەشتی ڕانیدا بگرن .

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەیاننامەیەك کە ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو دەری کردووە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە حکومەتی ئێران و تاقمەکەی خومەینی جارێکی تر سووربوونی خۆیان کە لەوەوپێش هەبوویانە دووپات دەکەنەوە دژمنایەتی عیراق و نەتەوەی عەرەب بکەن ئەویش لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئێران دەستی بەسەر هێڵی کەشتی ڕانی نێو دەولەتان لە دەربەندی هرمزدا گرتووە ، ئەمەی خوارەوەیش دەقی بەیاننامەکەیە :-

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەیاننامەیەك لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ..

جارێکی تر حکومەتی ئێران و تاقمەکەی خومەینی سووربوونی خۆیان کە لەوەوپێش هەیانبووە دووپات دەکەنەوە دوژمنایەتی عیراق و نەتەوەی عەرەب بکەن و ساکارترین چەشنی لێپرسراوێتی نێو دەولەتان لە دەست بدەن ئەویش کاتێك گەوەیان ڕاگەیاند کە (ئێران) دەستی بەسەر هێڵی کەشتی ڕانی نێودەولەتاندا گرتووە لە دەربەندی هرمزو نایەلێت کەشتی و شتو مەك لە ئەم هێڵە زیندووەی کەشتی ڕانی یەوە تێبپەڕێت کە بەگوێرەی یاسای نێو دەولەتان دابین کراوە ئەمەیش ڕاگەیاندنی جەنگی سەرتاپاگیری و ئامادەکردنی بارو دۆخی شیاو دەگەیەنێت بۆ ئەوەی هێزی دەرەوە دەست لە کاروباری ناوچەکە تێوەربدات عیراقیش لەبەرانبەر ئەم بارە نوێیەدا دەستەوسان ڕاناوەستێت و هەموو کارێکی شیاو دەکات بۆ ناچارکردنی ئەوانەی لێپرسراوێتی و شەرەفیان لەدەستداوە تا ڕێز لە مافەکانی دیکەو یاسا نێو دەولەتییەکان بگرن .

صدام حسین

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

٢٣ ی ئەیلوولی ١٩٨٠

شەپۆل تاقەبانی

ڕۆژی دوو شەممە ٢٢-٩-١٩٨٠ خوای گەورە کچێکی ڕوحسووکی بە هاوڕێمان کاك مکرم ڕشید تاقەبانی بەخشی ، لە ژێر سایەی دایك و باوکیدا ناوی «شەپۆل» یان لێناوە .. داوای تەمەن درێژی و سەربەرزی بۆدەخوازین .

- هاوکاری -

میرخول (پاشماوە)

هەموو دەرهێنانێکی میرخولد توانای ئەوەی هەبووە کە ڕێبازێکی نوێی بە دەستەوە بدات میرخولد ڕەگ و ڕیشەی داهاتووی بە شانۆ بەخشی داهاتووش مافی خۆی دەداتێ.

ڕەنگە ئەم قسە بەنرخەی - فاختانکوف - مان لە لا زۆر ئاسایی بێت ئەگەر ئاگاداری چارەنووس و دوارۆژی ژیان و مردنی میرخولدی هونەرمەند نەبین .. میرخولد لە سۆراخ و یشکنینی خۆیدا بە درای داهێنان و دۆزینەوەی فورم و ڕێچکەی خۆی دا ، وەکو خۆی ناوی لێ ناوە ، بەدوای دۆزینەوەی خودی خۆیدا تووشی چەرمەسەرییەکی بێ پایان و ئەشکەنجەیەکی ترسناك کراوە .. چوونکە ئەوان بەدوای ئەم حەقیقەتە هونەریەدا لای میری و دام و دەسگا - جدانۆف - یەکانەوە بە ڕێبازی - شکلی - لە قەلەم دراوە بۆیە دەستبەجێ نەفی سیبیریا کراوە و لەوێ کووشتیوبانە ... لەو دەمەی کە میرخولد تاوانبار کرا بەوەی کە لە ریالیزمی سوشیالست لای داوەو پاشان ڕەوانەی سیبیریا کرا .. ئەم ووتارەی خوێندەوە کە لەهونەری شانۆدا بلاو کراوەتەوە - نووسینی : ئودیت ئەسلان وەرگێرانی د.سامیە ئەسعەد ل ١٩ .-

بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی (پاشماوە)

دەریایی دوژمن گەیشتە نۆ پارچە سەرەڕای سەرنگوم کردنی هەموو تاقمەکانیان .

هەروەها لە بەیاننامەی ژمارە ٢١ی ڕۆژی چوارشەممەدا هاتووە کە پارچە دەریایی یەکانمان لەناوچەی شط العرب تەقەیان لە چوار لنش کردووەو سووتاندوویانن کە چەند کۆمەڵە پاسەوانەکانی خومەینییان پێبووە لە گەڵ دوو بەلەمو دوو ڕەشاشی فڕۆکە شکێن ، هەروەها بۆردمان کردنی گەرەکەکانی وبستوویانە هێرش ببەنە سەر شتاری بەسرەو بەرەنگاری یەکانی زەمینی بەرەنگاریان بوونەتەوەو فڕۆکەیەکیان لێ خستووەتە خوارەوەو لەڕێگەی گەڕانەوەیاندا تۆپەکانی هێزی دەریایی مان بەرەنگاریان بوونەوەو فڕۆکەیەکیان لێ خستە خوارەوە .

لە بەیاننامەی ژمارە -٢٢- یش دا هاتووە کە ژمارەی فڕۆکەکانی دوژمن کە ئەمڕۆ خراونەتە خوارەوە گەیشتووەتە ٣٣ فڕۆکە ، لەوانە ، لە کەرتی زووروو ١٩ فڕۆکە لە کەرکووك و موسل ، ٢ فڕۆکە بەهۆی بەرەنگاری زەمینی لە سەرستوور ، ١٢ فڕۆکە لە کەرتی باشوور کە هەموو لە بەسرە خراونەتە خوارەوە .

لە بەیاننامەی ژمارە بیست و ستێ دا هاتووە کە فڕۆکەکانی دوژمن لە بۆردمان کردنی گەرەکەکانی دانیشتووان و دەزگا ئابووریەکان بەردەوام بوون وەکو هەوڵدانێکمی بێ ئومێدی یانە بۆ شاردنەوەی ژێرکەوتنی هێزەکانی لە سەر هێڵی بەرە بەرانبەر بە سووربوونی هێزە ئازاکانمان و دەستوەشاندنی لێیان و زیانی گەورە پێ گەیاندنیان .. بەرەنگاری زەمینیمان بەرەنگاریان بوونەوەو ئەنجام - بەم جۆرە بوو .. خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەك لە هەولێرو لە شاری موسل دوو فڕۆکەو لە شاری کەرکووك پێنج فڕۆکەو لە شاری بەغدا پێنج فڕۆکە حراونەتە خوارەوە پاشان ئەوەی وبستیان دەزگاکانی نەوت و پالاوگەی دۆرەو هەندێك مالی هاوولاتیانیان بۆردمان بکەن .

هەروەها لە ڕۆژی پێنج - شەممەدا ڕێکەوتی ٢٥-٩-٨٠ بەیاننامەی ژمارە ٢٤ی هێزە چەکدارەکان دەرچوو کە تیایدا هاتووە هێزە چەکدارەکانمان لە پێشرەوی خۆیدا بەردەوامەو ڕاوی دوژمنی ڕاکردوو دەنێت و زیانی گەورە گەورەی پێ دەگەیەنێت لەوانەیش دەست بە سەردا گرتنی نەوتی شاه ، بەرزکردنەوەی ئالای عیراق بەسەر قایمقامیەی میهراندا و هێزەکانمان ڕاوی هێزە ژێرکەوتووەکانی دوژمن دەنێن و سێ ئەفسەرو ١٢٧ سەربازیان لێ دەستگیر کردوون و دەستیان بەسەر ئەم تفاقانەی دوژمن دا گرتووە : ١٣ بنکەی موشەکی - تاو - بۆ بەکارهێنان دەشێن ، ١٤ تانکی ساغ ، ١٤ تۆپی - ١٧٥ - ملم ئۆتۆماتێك کە ساغن ، ١٤ شۆفل ، ٣٦ ئۆتۆمبیلی هەمەچەشن ، ١٨ تۆپی هەمەچەشن ، دوو تۆپی هاوەن ، دوو ڕەشاشی مام ناوەندی ، وێران کردنی ٢٩ تانك و سێ ئۆتۆمبیلی هەمەچەشن و زرێپوشێك ، خستنە خوارەوەی یازدە فڕۆکەی تر سەرەڕای ئەو ژمارەیە ی ڕۆژی چوارشەممە ڕاگەیاندرا ، بەم جۆرە ژمارە فڕۆکەکان کە ڕۆژی چوارشەممە خرانە خوارەوە گەیشتە ٤٤ فڕۆکە ، سەرەڕای ئەوەی دوژمن ٢٢ سەربازی لێ کوژراوە دووانیان ئەفسەرن ، هەروەها هێزێکی دوژمن سەرکۆت - کراون کە بە پەرەشووت لە نزیکی هێزەکانمان لە کەرتی قەسری شیرین دابەزیون .

لە بەیاننامەی ژمارە بیست و پێنجیش دا هاتووە کە فڕۆکەکانی دوژمن شالاویان بردووەتە سەر گەرەکی دانیشتووان و دەزگا ئابووریەکان ئەمەیش ئەوەو دەگەیەنێت ئەقڵی خۆیی لەدەست داوەو ناتوانایی دەگەیەنێت ڕەفتاری ڕاست بەرانبەر بەم کارانە بکات بە گوێرەی ئاسایی ترین سیاقی زانراوی سوبایی ئەمەیش ژمارەی ئەو فڕۆکانەیە کە ئەمڕۆ خراوانەتە خوارەوە .. لە شاری کووت سێ فڕۆکەو لە شاری کەرکووك دوو فڕۆکەو لە شاری بەسرە فڕۆکەیەکی هیلیکۆپتەر خراونەتە خوارەوە بە مەیش ژمارەی ئەو فڕۆکانەی ئەمڕۆ لەلایەن بەرەنگاری ی زەمینیمانەوە خرانە خوارەوە گەیشتە نۆزدە فڕۆکەی دوژمن .

لە بەیاننامەی ٢٦ یش دا هاتووە کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پێنج شەممە هێزە نەبەزەکانی ئاسمانیمان شالاویان بردووەتە سەر چەند بنکەو فڕۆکەخانەی سوپایی و پردی ئێرانی ی دوژمن و زیانی زۆری پێ گەیاندوون ئەو بنکانەیش ئەمانەن : فڕۆکەخانەی کرماشان و فڕۆکەخانەی شاه ئابادو دووریانی بەرەو شاری شاهئابادو فڕۆکەخانەی ڕەزاییەو ئاغاجاری و دیزفوول و تەبرێزو پردی دیزفوول هەموو فڕۆکەکانیشمان بە ساغی گەڕانەوە سێیان نەبێت کە یەکێکیان لە خاکی ئێراندا کەوتە خوارەوەو ئێران لێپرسراوە سەبارەت بە گیانی فڕۆکەوانەکە کە بە بەرەشووت دابەزیوەو ئەو دوو فڕۆکەکەیش کەوتنە خاکی نیشتمانەوە کە فڕۆکەوانەکانیان بە ساغی لە خاکی نیشتمان دا بە پەرەشووت دابەزین .

لە بەیاننامەی ژماری ٢٧ یش دا هاتووە کە فارسی مەجووسی دوژمن بەردەوام بوو لە شالاوی نائومێدی یانە بۆ سەر دەزگا ئابووری یەکان و ئامانجی مەدەنی و سوپایی سەرەڕای ئەو زیانەی لێی دەکەوێت لە فڕۆکەکانی ، ئەوە بوو فڕۆکەکانی دوژمن هێرشیان کردە سەر شاری کەرکووك و دەزگاکانی نەوت و بەرگری زەمینیمان پێنجیان لێ خستنە خوارەوە ئەو دوایشی هەڵاتن ، هەروەها فڕۆکەکانی دوژمن هێرشیان بردووەتە سەر دەزگاکانی نەوت لە عەین زالەو پالاوگەی غاز تێیدا سووتاو بەرەنگاری ی زەمینیمان ناچاری کردن هەڵبێن .

بە مەیشەوە ژمارەی فڕۆکەکان کە ئەمڕۆ خرانە خوارەوە گەیشتە ٢٤ فڕۆکە تا ئامادەکردنی ئەم بەیاننامەیە .

بەیاننامەی ژمارە بیست و هەشتیش دەڵێت هێزکانی ئاسمانیمان بەردەوامن لە شالاو بردنە سەر بنکەکانی فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن لە ماڵی خۆیداو زیانی ڕۆژی هەینی دا هاتووە کە ئەورەی پێ دەگەیەنن . . ئەمڕۆ فڕۆکەکانمان شالاویان بردووەتە سەر پردو ڕێگای هاتوچۆی دوژمن ، لەوانەیش لیدانو وێران کردنی پەخشگەی ئەحوازو لیدانی ئێستگەی ڕاداری دوژمن لە ئەحوازو وێران کردنی هەروەها تۆپخانەکانی کەناریمان تەقەیان لە دوو بەلەمی جەنگی ی دوژمن کردووە لە نۆکەندی عەبدوڵلا ئەنجامە یەکێکیان سووتاندووەو ئەوی دیکە هەڵاتووە سەرەڕای ئەوەی هەندێك پارچەی دەریاییمان لەگەڵ ژمارەیەك هیلکۆپتەردا بەشداری ی جەنگێکی دەریایی یان کرد لە دەروازەی خۆر عەبدوڵلا لە سەرووی کەناری عەرەبی لەگەڵ چەند پارچەیەکی دەریایی دوژمن داو توانیویانە ئاراپانە سێ پارچەی دوژمن تێك بشکێنن .

لە بەیاننامەی ٢٩ی ڕۆژی پێنجشەممەیش دا هاتووە کە لە گەڵ هەموو سەرکەوتنێك دا لە سەرووی سەرکەوتنیك دا سووربوون و خواست دوو چەندان دەبێت و لە ویژدانی پاڵەوانە کانماندا گیانی قادسیەو شەرەفمەندی ی پەیام سەر لەنوێ دەبووژێتەوە .. ئالای سەرکەوتن و سەربەستیش بەسەر شوێنەکانی دوژمن دا دەشەکێتەوە ئەو شوێنانەی یەك لە شوێن یەك بە زەبری ئێوەو بەرگەگرتنتان دەرووخێن .. ئا بەم جۆرەیش هێزەکانمان لە کاتژمێری ١٣٠٠ی ئەمڕۆدا چوونە شاری محەمرەوەو دەبێتە گۆڕستانی فارسە مەجووسە دوژمنەکان کە کرنووشیان برد وەکوو چۆن لەوەوپێش فیلەکانی ڕۆستەم و زەلامەکانی کرنووشیان برد .

● لە بەیاننامەی ژمارە ٣٠ دا سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان ڕای گەیاند کە فڕۆکەکانی دوژمن بەردەوام بوون لە بۆردومانی بنکە ئابووری و نیشتەجێیەکان و ڕۆژی ٢٥-٩-١٩٨٠ هێرشی نارەوایان بردۆتە سەر شاری کەرکوك و ناوچەی دوکان و ئەو هێرشانە هەندێ زیانیان بەماڵ و گیانی هاوولاتیان گەیاندوەو توپە تەیارە شکێنەکانمان سێ فڕۆکەیان خستۆتە خوارەوە .

● لە بەیاننامەی ژمارە ٣١ دا سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانمان ڕای گەیاند کە هێزی پەرگری زەمینی دژی فڕۆکەکانی دوژمن لە ڕۆژی ٢٥- ٩- ١٩٨٠ دا لەکەرتی باکوور - ٢٠ - فڕۆکەیان خستۆتە خوارەوە ، لە کەرتی ناوەراست شەش فڕۆکە لە ناوچەی بەغداو سێ فڕۆکە لەکوت خراونەتە خوارەوە ، لە کەرتی خوارووو شەش فڕۆکەی بۆردومان و یەکێکی عمودی خراوەتە خوارەوەو بەم جۆرە ژمارەی ئەو فڕۆکانەی لەو ڕۆژەدا کەوتون دەکاتە ٣٦ فڕۆکە .

● لە بەیاننامەی ژمارە ٣٢ دا ڕاگەیەنرا کە دوژمن بە جارێ وەی بەرداوەو شێتانەو بێ حساب دەستی ئارەوای دەوشێنێو لەڕۆژی ٢٥-٩-٨٠ دا بۆردومانی بنکەی خلیجی عەرەبی و پاپۆری - لیك - ی یونانی کردوە بەبێ گوێدان بە عورفو ئوسوڵی پەیوەندی نێوو دەوڵەتان .

لە بەیاننامەی سی و سێ ی ڕۆژی هەینی دا هاتووە کە هێزە سەرکەوتووەکانمان بەوپەڕی ووڕەو خۆ گرتنەوە بەرەو پێشەوە دەچن لە هەموو ئاوچەکان دا زیانی گەورەیش بە دوژمن دەگەیەنن ، زیانەکانی ئەم دەستبەسەردا گرتنی بەیانی یەی بەم جۆرە بووە سەربازگەیەك کە ١٩ تانکی ساغی تێدایە سەرەڕای ئامبارەیەکی زۆری ئۆتۆمبیل و چەك و تەقەمەنی ، وێران کردنی هەشت تۆپی ئۆتۆماتیکی ١٥٥ ملم ، ویران کردنی ٢٧ تانك و ١٠ زرێپوشی هەمەچەشن ، خستنە خوارەوەی ٩ فڕۆکەی دوژمن لە سەر زەمینی جەنگ ، سەدەیان بە دیل گیراو ، ئێمەیش ٧ شەهیدو ٢٨ زامدارو سێ فڕۆکەی جەنگی و وون بوونی فڕۆکەوانێکیان و هیلیکۆپتەرێك زیانمان لێ کەوتووە .

بەیاننامەی ژمارە ٣٤ یش لە ڕۆژی هەینی دا دەرچوو تیایدا هاتووە کە فڕۆکەکانی دوژمن دیسانەوە هێرشیان هێناوەتە سەر دەزگا ئابووری و سوپایی یەکان و گەرەکەکانی نیشتەجێ و بەرەنگاری زەمینیمان بەرەنگاریان بوونەتەوەو لە سەر شاری موسل فڕۆکەیەکیان لێ خستووەتە خوارەوەو ئێمە چوار زامدارمان هەبووە ، هەروەها لە سەر شاری کەرکووك دوو فڕۆکە خراوەتە خوارەوەو هەروەها دیسانەوە فڕۆکەیەکی تر لە شالاوێکی تردا ، هەروەها جارێکی تر فڕۆکەکانی دوژمن هێرشیان بردووەتە سەر شاری کەرکووك و موسل لەم هێرشەدا پێنج فڕۆکە لە کەرکووك و یەکێك لە شاری موسل و یەکێك لە دەربەندیخان خراونەتە خوارەوە .

لە بەیاننامەی سی و پێنجیشی دا هاتووە کە فڕۆکەکانی دوژمن وسیتوویانە هێرش بەرنە سەر هێزو شارەکانمان ، هێزی زەمینیمان بەرەنگاریان بوونەتەوەو لە سەر شاری عمارە یەکێکیان لێ خستووەتە خوارەو لە سەر بەرەی جەنگ دروانیان لێ خستووەتە خوارەوە .

لە بەیاننامەی سی و شەشیش دا هاتووە کە لە وەلامی هێرشی فڕۆکەکانی دوژمن دا بۆ سەر دەزگا ئابووری و گەرەکەکانی دانیشتووان و زیان پێ گەیاندنیان ئەوا لە کاتژمێری ١٦٠٠ دا فڕۆکەکانمان هێرشیان بردە سەر پالاوگەی نەوت لە تاران ، لە هەمان کات دا دوژمن ئاگادار دەکەینەوە ئەم ڕەفتارە دووبارە نەکاتەوە .

لە بەیاننامەی ٣٧ یش دا هاتووە کە ئەو فڕۆکانەی هێرشیان بردە سەر پالاوگەی نەوت لە تاران هەموویان بە ساغی گەڕانەوە خاکی نیشتمان .

لە بەیاننامەی ٣٨ یش دا هاتووە کە لە کاتژمێری ٤٥٥ دا لوغم شکێنێك و بەلەمێکی تۆپداری دوژمن لە ناوچەی سەرووی کەناری عەرەب نزیك بوونەوە پارچە دەریاییەکانمان بەرەنگاریان بوونەوەو هەردوو کیان وێران کران و سەرنگومیش بوون .

ڕۆژی شەممەی ڕابوردوویش سەرکردایەتی ی گشتی ی هێزە چەکدارەکان بەیاننامەی ژمارە ٣٩ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە هێزە چەکدارەکانمان بەردەوامن لە جەنگەکانیاندا دژی فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن ئەوەبوو ڕۆژی هەینی ی ڕابوردوو ڕێگای خەسرەوی قەسری شیرین - سەرپێڵی زەهاو پاك کرایەوەو هیچ بەرەنگاری یەکی تێدا نەماو بەرەنگاری ی دوژمن لە نێوان سۆمارو نەوتی شاو ئیمام حسن دا وێران کراو کپ کرایەوە ؛ لە کەرتی ناوەڕاستیش هێزەکانمان گەیشتنە دەروازەی دیزفوول پاشان ئەوەی دەستیان بەسەر زادە عەباس و کنانەو بستیین دا گرت ، لە کەرتی باشووریش هێزەکانمان بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن و نزیکی شاری ئەهوازو سوسنگردو بوونەتەوە پاش ئەوەی دەستیان بەسەر ناوچەی شفیرو شایکنان گرت و فڕۆکەوانە ئازاکامان لە قوولایی خاکی دوژمن دا بنکە سیایی یەکانیان بۆردمان کردو زیانی گەورەیان بە دوژمن گەیاند کە ئەمانە : دەستبەسەردا گرتنی ٤٠ تانك لە کەرتی خەسرەوی لەگەڵ چوار تۆپهاوێژی ١٠٦ ملم و ٢ تۆپهاوێژی هەمەجۆرو ٤ ئۆتۆمبیل و یەك هاوەنی ٨١ ملم و دوو سەربازبەری زرێپۆش و دوو تانکی ئێم -٤٨ و دوو تانکی سنتۆریۆن و دوو شۆفل و هەشت ڕەشاشی مامەناوەندی و ١٦ تفەنگی هەمەچەشنی دوو تۆپهاوێژی ١٣٠ ملم چوار لاسلکی و تەلەفۆنێکی مەیدانی و ڕەشاشێکی فڕۆکەشکێن .

هەروەها دەست بە سەری سەربازگەیەکی دوژمن دا گیراوە ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبیل و چەك و تفاقی سوپایی تێدایە لەگەڵ دەست بە سەردا گرتنی عەمبارێکی چەك و تەقەمەنی کە پڕی لە تەقەمەنی یە سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری چەکی ناوەندی سورك هەروەها ٦٣ تانك و ١٨ ئۆتۆمبیلی هەمەجۆرو ٤ سەربازبەری زرێپۆش و ٩ تۆپهاوێژی ئۆتۆماتیك و ٣ تۆپهاوێژی ١٠٦ ملم کە هەڵدەگیرێت لەگەڵ دوو هاوەنی ٨١ ملم و ٢ ئاربی جی ٧ هاوێژ تێك شکێنران و هیلیکۆپتەرێکیش خراوەتە خوارەوەو دوو بەلەمی جەنگی ی دوژمن لە ناوی شط العرب دا لەگەڵ تاقمەکانی دا لە ناوچەی بەرانبەر بە شاری عەبادان سەرنگوم کراون .

هەروەها دوژمن ٨٠ کوژراوو ژمارەیەکی زۆری دەستگیر کراوی زیان لێ کەوت ، زیانی ئێمەیش ١٦ شەهیدو ١٤ زامدارو وێران کردنی دوو ئۆتۆمبیل بووە .

وتەی هاوکاری (پاشماوە)

شۆڕش بزیاری ئازایانەی بەربەچ دانەوەی چاوچنۆکی و ئارەزووی شەڕخوازی ڕژیمی فارسی دا.

بڕیار ، بڕیاری سەرکەدەو گەلە ، شەڕی ئێمە شەڕی ڕەواو بەرگری کردنە لەڕێزو سەربەستی نیشتمانی و نەتەوەیی ، بەرامبەر شەڕی ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئێران ، کە شەڕی چاوچنۆکی و کۆنەپەرستی و دواکەوتنە ، سەرەڕای ئەوەی شەڕی ڕەگەزپەرستانەیە بۆ سەر دیاردەی پێشکەوتنی هاوچەرخ کە وڵاتەکەی ئێمە بە مەردانە بنەڕەتی بۆ داناوە .

ئێستا ، ئەوا شەڕەو یەخەی گرتوین ، ئێمەی گەلی عیراقیش ، کوردو عەرەب و کەمایەتیە براکان ، ڕۆڵەی ئازایەتی و مەردانەیێن بۆ بەرگری لەڕێزو سەربەستی ئینسان و خاکی عیراق ، چیاکانی کوردستانیان بۆ دەکەین بەگوڕستان و ئاوی دجلەو فراتیان لێ دەکەین بەئاگرو بیابانی خواروی وڵات دەبێتە گەردەلولی کوێر کردنیان و نایەلێین پێی پیسی دوژمنایەتیان بخەنە سەرخاکمان ...

شەڕی قادسیە صدام حسین شتەڕی هەموو گەلی عیراقەو بەڕابەری سەرکردەی دڵسۆزو لێهاتوو صدام حسین دژی تاقمێکی قین لەدڵ و دواکەوتوی دوژمن بە هەموو دیاردەیەکی پێشکەوتنی هاوچەرخ و دژی ئاوات و خواستەکانی گەلانی ئێران و گەلانی دراوسێو لەپێشەوە گەلی عیراقی ئازامان .

لەبەر ئەوە ، گەلی عیراق ، کوردو عەرەب ، سوپای ئازا ، سەرکردایەتی لێ هاتوو ، سورن لەسەر ئەوەی دەرسێکی وایان دابدەن ، هەتا هەتایە لەبیر نەچێتەوەو سەرکەوتنیش لەگەڵ ڕێرەوی حەق خوازو ڕەوایی خەباتی ئێمە دایە دژی ناهەقی و قین لەدڵی ئەو تاقمە چەپەڵە .

- هاوکاری -

عیراق بۆ ئەنجوومەنی (پاشماوە)

دووپات کردەوە کە عیراق ئامادەیە بۆ هاوکاری و لەهەموو کاتێکدا لەگەڵ هەر دەستپێشکەریەکدایە ئامانجی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی دەوڵەتان بێ و بەنجەی بۆ ئەوە کێشا کە عیراق هەمیشە لەسەر ڕێرەوی سیاسەتی بێلایەنەکە لەسەربنەڕەتی دەست نەخستنە کاروباری ناوخۆیەو ڕێز گرتنی دەستەلاتی نیشتمانی لەهەموو وڵاتێکدا .

هەروەها وتی مەبەستی عیراق پاراستنی مافی نیشتمانی ڕەوایەتی و سەلامەتی خاکەکەیە و دەستەلاتی لەسەر ئاوی نشتمانی و هەرگیز هیچ مەبەستی چاوچنۆکی لەخاکی ئێراندا نەبووە ئەوەی دەیەوێ ئەوەیە ، ڕژیمی ئێران دان بەم مافەدابنی و ئیتر چیتر دەست نەخاتە کاروباری ناوخۆی عیراقەوە .

Institut Kurde de Paris

چەند وێنەیەك لە گەشتەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین بەگەڕەکەکانی شاری بەغدادا

ریشی خومەینی بوو بە پەتی سێدارەک خنکاندنی سەربەستی

● **ئەی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران ..**

دایکەکانی شەهیدانی مەهابادو ... ورمێو شەقامەکانی تاران ... چەند کارەساتێکی پڕ ئێش و ئازارە ، ئەو خوێنەی ڕۆڵەکانتان بۆ ڕوخاندنی شای ئێران ڕشتی ، ئەنجامی بەوە بشکێتەوە ، عەقڵ بەردێنێکی دواکەوتووی کۆنە پەرستی وەك خومەینی لە سایەیدا بێ بە حوکمڕاو هیشتا ، شەهیدەکان ، چاویان لێك نەنابوو ... ئەو بەربشی کۆنە پەرستی کەوتە خنکاندنی زیندوەکان .. .

● **خوین ڕشتنی مەهابادو سەقزو**

مەریوان و عەرەبستان لە بیری کێ دەچێتەوە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە ...

کەواتە ... ئەمڕۆ ڕۆژتانە، ڕاپەڕین و لە هەرکوێیەك بۆتان دەکرێ لەو کۆنە پەرستە نامەردانە بدەن کە بە زۆرو بە عەقڵی دواکەوتوانەی شەڕ لەگەڵ هەموو باوەڕێکی پاك و ئازادیخوازی دا دەکات ..

● **ئەی ڕۆڵەکانی کوردستانی ئێران ..**

تاقە ڕێگای بەردەم ئەمڕۆ، بۆ پاشە ڕۆژی بەختەوەری ئێوە ، مەردانە هاتنە دەستە بۆ لێدانی ئەو بتە کۆنە پەرستانەی ئەیانەوێ لەسەر قوربانیەکانی ئێوە ، پاشەیەتیەکی لە پاشایەتیەکەی حمە ڕەزا شا درندە تر دامەزرێنن ...

گەلی عیراق ، بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە ، دۆستی بەوەفای ئێوەن ، دژمنی ئەو حوکمدارە ڕەگەزپەرستانەی تارانن کە بەزۆر خۆیان بە سەرتانا سەپاندوە ریشی «خومەینی» بوو بە پەتی سێدارەی خنکاندنی سەربەستی ئێوە ... کە واتە بێنە دەست و ئاواتی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و بۆ پێشەوە ...

● ئەوا شەڕە ، شەڕ لەگەڵ گەلانی ئێران نەو، لەگەڵ ئەو تێکوشەرە فارسیە نەو ، کە زیندانەکانی شا نەیتوانی وەری نیشتمان پەروەری و ڕێی تێکوشانی سەر بەئاوات و خواستەکانی گەلی لێ بگری ، لەگەڵ ئەو کوردە مەردە نەو کە سێدارەکانی مەهابادی کردوە بە مەشخەلی ڕێگای خەباتی پاشەڕۆژی. لەگەڵ ئەو عەرەبە نەو کە ڕەگەز پەرستەکان دان بە بونیا لەئێراندا نانێت و بەلام ئەوان هەر ماون ، نەو شەڕ لەگەڵ دەستەیەکی « جاهل »و « گەمژە»ی کۆنەپەرستا دەکەین و ئەم شەڕەشمان ڕەوایەو ڕێگای خەباتی گەلانی ئێران ئاسان دەکا ..

بۆ ئێرانی خوێن و قوربانی

شاهید

کوشتیان ...
ـباـ هات و بەدلەکەی ،
لەبەر داکەند
باران : شتی .
ڕووبار : بردی .
باخچە : ناشتی .
لەماڵەوە ، کە بەدلەکەیان هەڵواسی ،
ـخەمـە وردیلەکان ، دەستیان ،
بەگیر فانە کاندا گێڕا ..
گیرفانی یەکەم ... پێی وتن :
ئەوە .. پێنج شەش ،
« تەمەن »ی ئەمڕۆی خوێن مژراو ..
گیرفانی دووەم ... پێی وتن :
ئەوە .. قولی ،
جگەرەی قامیشی کوردیی
گیرفانی سێیەم ، قیژاندی و،
وتی ئەوەش :
دوا وێنەی پەتی سێدارەو ،
ملی « قازی » ..

شیرکو بێکەس

بلند

تۆ ، ئەو ولاتەی ، چۆك داناوەیت و ڕووبارێکی بەتەوژمی ...

ڕەوتی هەڵچووت ، درِ بە شەو ئەداو سەرچاوەکەت پاکە ..

ڕەوی هەنگاوو ڕێگاکەت .. عەشقی خۆرێکی ڕووناکە..، ڕووبارێکی، سەرەڕۆ نارۆی.. سەر بلندی ، خۆر ماچ ئەکەی .. ، ئەی ولاتی عەشقی ئەزەلی خۆرو خاك و ئینسان ، ڕەوتی ، تەوژمی ڕووباری سەرچاوەی پیرۆزی ژیان .. چەندان شەوە زەنگی خنکانە

عبدالله عباس

Institut Kurde de Paris

دەقی تدواوی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی ریکەوتنەکەی جەزایر

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

برایان ، ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی :

لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی سەرکرایەتی شۆڕش بۆ ئەم دانیشتنە جیایە بانگمان‌کردن تا ئاگاداری هەندێ باری چارەنووسی‌بن ، کە پەیوەندی بە نیشتمان‌و نەتەوەوە هەیە ، لەباوەڕی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕشەوە بو دەوری توانادارتان بۆ پتەوکردنی خواستی نیشتمان ، دووپات‌کردنەوەی بەکارهێنانی دیموکراتیەت کە شانازی پێوەئەکەین ، بە گوێرەی ئەوەی کە پایەیەکی بنەڕەتی‌یە لە پایەکانی تافی‌کردنەوەی شۆڕشگێڕیمان ، دەربڕینیکی ڕەسەنە لەو پەیوەندی‌یە قوڵەی نێوان جەماوەرو سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌و، دەزگا نیشتمانی‌یەکان .

برایان

مەسەلەو گیروگرفتی نیشتمانی‌و نەتەوەیی لە مێژووی نیشتمانی‌و نەتەوەیمان جیانابێتەوە ، کۆن‌و نوێ ،، کەوابوو ئەبێ لە مێژوومان بکۆڵرێتەوە ، وەرگرتنی وانە بنەڕەتی‌یەکانی بۆ زانینی ئەو ڕاستی‌یە جەوهەریانەی ئێستا هەیە .

ئیمپریالیزم بە درێژایی چاخەکانی کۆن هەموو هۆیەکی دەسکەوتووی بۆ لاوازکردنی نەتەوەی عەرەب‌و کرنۆش‌پێ‌دان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو زەوی‌و فەڕو کەلکەکانی بۆ حۆی بەکاربهێنێ ، مەترسی‌دارترین شت کەئیمپریالیزمی بەریتانیاو فەرەنساو ، ئیمپریالیزمی ئەمریکاو، هەمو و هێزێکی ئیمپریالی چاخی نوێ دژی نەتەوەی عەرەب کردوویانە ، دروست‌کردنی قەوارەی زایۆنی‌یە ، لە سایەی دۆخێکی مێژوویی زاراودا ، بۆ مانەوەی پارچە پارچەیی نەتەوەی عەرەب‌و ، لاوازکردنی ، واتە تەخت‌کردنی ڕێگای چەوساندنەوەو دەسەڵات بە سەریا پەیداکردنە .

دوای ئەوەی کە لەزەوی خاکی فەلەستینی داگیر کراودا قەوارەی زایۆنی دروست‌بوو ، فازانج‌و خواست‌و سیاسەتی تایبەتیشی پێکهات کە هەندێکیانی لە قازانج‌و مەبەست‌و سیاسەتی ئیمپریالیزمەکانەوە وەرئەگرت ، لەکاتێکدا کە هەندێکی‌تر لەوان تایبەتیەکی دەستنیشان‌کراوی دەستئەکەوت ، قەوارەی زایۆنی لە دروست‌بوونی‌یەوە تا ئەمڕۆ هەر لەلایەن ئیمپریالیەتی جیهانی‌یەوە نەپارێزراوە ، بگرەلەلایەن ئەو زایۆنزمە جیهانی‌یەوە کە لەگەڵ وولاتانی جیهاندا هەن کە هۆی مەترسی‌داری بۆ دەستەلات‌و کار تێ‌کردن ، خزمەتی ئەم قەوارەیە ئەکەن‌و بە هۆو بەهێز یارمەتی‌ئەدەن‌و ، پیلانە فراوان‌کردنە دوشمنایەتی‌یەکەی دژی نەتەوەی عەرەبی بۆ ئاسان‌ئەکەن ، قەوارەی زایۆنی نەك هەر مەخفەرێکی پێشەوەبێ بۆ ئیمپریالیەت ، بگرە هەر لەو کاتەدا لەم ناوچە بەکەلکەی جیهاندا بۆ زایۆنی ڕەگەزپەرستی‌و ، بۆ خواست‌و قازانج‌و مەبەستی بلاوبونەوەی ، بۆتە مەخفەرتکی پێشەوە .

قەوارەی زایۆنی لە ماوەی سی ساڵدا لە ڕۆژی دروست‌بوونیەوە تا ئەمڕۆ پێویستی خۆی لە پارچە پارچەکردن‌و لاوازکردنی توانای نەتەوە لە ڕابەرین‌و پێشکەوتن‌دا جێ‌بەجێ‌کردووە .. هەروەك جێ‌بەجێ‌ی‌کرد ، کە هەلی بۆ ڕێکەوت ـ بۆ دەست‌درێژی‌و بلاوبوونەوە لە خاکی عەرەب‌دا .

بەلام پێشەوا ڕۆشنبیرەکانی ناو نەتەوەی عەرەب ئەوانەی کە بە تێگەیشتن‌و ووریایی‌یەوە ئاگاداری پیلانەکانی زایۆنیزمی جیهانی‌یەو دژی تێ‌ئەکۆشی ، ئەوە ئەزانێت کە هێزی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم لەوە دەرچوون کە هەر بەو پارچە پارچەکردنە دەست‌بەردار نابێ کەلە سەرەنای ئەم سەدەیەدا بەسەر نەتەوەی عەرەبی‌دا سەپان ،بگرە کاری ئەوە ئەکات کە وولاتانی عەرەب پارچە پارچەبکات‌و بە جۆرێك هەریەك لە پارچەکان یان هەردووکیان ئێستا یەکگرتوو نەبێ کە یەکێکیان بۆ ئەوی‌تر ببێتە قولایی‌یەکی بازار بۆ ئەوی کەیان ، کە ئەکەونە نزیك‌ترین سنووری قەوارەی زایۆنی‌یەوەو ئەتوانن هەڕەشە لە قەوارەی زایۆنی بکەن یاخود پیلانی بەرپەرچی بلاوبونەوەیی‌و خواستەکانی لە نیشتمانی عەرەب‌دا بدەنەوە .

عیراق لەپێش ئەو وولاتانەوە بو کە ئەم پیلانە زایۆنی‌یە ئیمپریالیزمی‌یە پیسە مەبەستی‌بوو .

● تەقەللای ئیمپریالیزمانە بۆ پارچە پارچەکردنی عیراق ..

لەبەر ئەو هۆیانەی کە پەیوەندی بە شوێنی جوگرافی‌و ئەو هۆیە سیاسی‌و ئابوری‌و مێژوویانەو بە هۆی سروشتی تێکۆشانی‌ئەوەی گەلەکەی‌و ئەو دەورەی کە بە درێژایی مێژوو گێڕاوێتی بۆ بەرگری‌کردن لە کەرامەتی نەتەوەی عەرەب‌و سەرفرازی‌و ، لەبەر ئەو توانایەی کە هەیەتی بۆ ڕابەرین‌و پێشکەوتن ، ئەگەر ئەوەی پێویستە دەستی‌کەوێ .. ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم لەبەر ئەم هۆیانە لەڕێی بەپاکردنی تایبەتیەکانی ناو خۆ لە عیراق‌داو لە نێوان سەر بە نەتەوەی عەرەبی ، بە بەرپاکردنی ڕەگی ناوچەیی جیابۆوە ، لەسەردەمەکانی مێژووە نوێ‌کە‌یدا ،، هەروەها تەقەللای دروست‌بوونی بەربەرەکانیان کردووە لە نێوان ئەوەکانی‌دا .. لەڕووی تیرەو ئاینەکان‌و لە نێوان ئەوەی کە سەر بە نیشتمان‌و نەتەوەن .. بۆ پارچە پارچەکردنی عیراق.

برایان عیراق پێش شۆڕشی تەمموزی ١٩٦٨ لە سەرمێزی دابەش‌کردنی باسێك‌بووە هێزی ئیمپریالیزمی‌و زایۆنیستی جیهانی بە هەموو شێوەیەکی چەپەڵانە تەقەللای پارچە پاچەکردنی عیراقیان داوە کە بیکەن بە چەند نیمچە دەوڵەتێکی پۆخل ، ئەگەر بوایە .. خوا بەو ڕۆژە نەکات .. بێ‌گومان نەیئەتوانی پارێزگاری ئازادی‌و سەربەخۆیی‌و شەرەفی خۆی بکات‌و ، عیراق قەدەغەی بەشداری‌بوونی دڵسۆزانەو بەکار نەکرا لەبەر گرێ‌کردنی سەربەخۆیی‌و کەرامەتی نەتەوەو وەرگرتنەوەی مافەکانی‌و بەشداری‌کردنی نامە مرۆڤانەیەکەی ،، کەلێنێك ئەکەوتە نێوانی‌و نێوان تێکۆشانی دژی قەوارەی زایۆنی‌و مەبەستەکانی‌یەوەو نێوان ئەو هێزە ئیمپریالیزمیانەی کە لە پشت زایۆنی‌یەوەیەو بە پێویستی‌یەکانی ژیان بە خێوی‌ئەکات لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەست بەوەدەکەین کە گەلی عیراق لەدایك‌بووەو ، پێش شۆڕشی تەمموز ژیاوەو ، مەردانە دژی هەموو جۆرە پیلان‌و ئەخشە ئیمپریالیزمی‌و زایۆنیزمەکان تێکۆشاوە ،، بەلام ڕاستی مێژوویی دووپاتی‌ئەکاتەوە ئەگەر شۆڕشی تەمموزو سەرکەوتنە مەزنەکەی نەبوایە بۆ چەسپاندنی یەکێتی نیشتمانی‌و ،، ئەوەی لە هەموو زەمینەیەکی سیاسی‌یەوە لە پلەی بنیاتنانی نیشتمانی‌یەوە وەدەستی هێنا ، لەوانەبوو تەقەللاکانی پارچە پارچەکردنی عیراق سەری بکرتایە ،هەروەك چۆن پێش شۆڕش توشی لاوازی‌و ، جیاجیایی‌و بڕین هاتبو بە دەست هێزو تۆڕە ئیمپریالیزمی زایۆنیزمەکانەوە .

لە چوار چێوەی ئەم ئەخشەیەدا بەرێوەبەرایەتی بە ئیمپریالیزمی‌و زایۆنیزمەکان پێش شۆڕش‌و بەتایبەتی دوای شۆڕش ، بە چەکێکی بێ‌پایانی نوێ‌و بەپارەیەکی زۆر یارمەتی سەرکردایەتی‌یە کۆنەپەرستە خۆ فرۆشەکەی سەرووی نیشتمانی ئەداو تەنەنانەت وای لێ‌هاتبوو ببووە مەترسی‌یەکی ئەوتۆ کە هەڕەشەی لە یەکێتی عیراق‌و دوارۆژو نامە نیشتمانی‌یە نەتەوەیی‌یەکەی ئەکرد ئێران بە پشت‌و هاندانی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو زایۆنیزمی جیهانی کەوتبووە پاڵپشت‌گرتنی ئەو سەرکردایەتی‌یە خۆفرۆشە .. بۆ ئەم مەبەستە ئیران توانای سەربازی‌و دارایی‌و سیاسی‌و ڕاگەیاندن‌و دەزگای جاسوسیەتی پێشکەوتووی خۆی تەرخان‌کردبوو .

● جەنگەکانی ڕۆژە جوانمەردەکانی عیراق

عیراق ، بە ڕۆژە جوانمەردەکانی‌یەوە لەهەموو تایەفەو ئاین‌و نەتەوەکان‌دا لەدژی ئەو تاقمە بەکرێ‌گیراوەو لەدژی ئەوانەش کە لەپشتی‌یەوە وەستابوون خەباتێکی سەختی دەست پێ‌کرد ، سوپای عیراقیش ئیلهامی لە سەردەمی عیراق‌و ئەرکی بەرگری‌کردن لە یەکێتی‌ی نیشتمان‌و رابردووی بەرزی نەتەوەی عەرەب‌و نامەکەی وەرگرت‌و لە جەنگدا قارەمانانە ئازایەتی نواندو بەنرخترین قوربانی‌ی پێش‌کەش‌کردو گەشترین نموونەی ئازایەتی‌و نەبەزی خستەڕوو ، گەلەکەشمان هەموو جۆرە قوربانی‌یەکی قەبوڵ کرد بۆ ئەو جەنگەی کە دوانزدە مانگ لە ئاداری ١٩٧٤ەوە تا ئاداری ١٩٧٥ درێژەی کێشا کەوا سوپای عیراق زیاد لە شانزدە هەزار پێکراوی زیان لی‌کەوت ـ بە شەهیدو بریندارەکانەوە ـ تێکڕای زیانی سوپاو گەلی شەست هەزار پێکراوبوو لە شەهیدو لەبریندداران .

لەگەڵ ئەوەشدا سوپاکەمان ئازایانە شەڕی دەکرد لەگەڵ بەکرێ‌گیراوان‌و پاڵپشتەکانیان لە سەهیونی‌و ئەمیریکی‌و دەسەڵاتداریی ئیران ، لەگەڵ ئەوەشدا کەم دڵ‌و دەروونێکی بەرزو ڕاتیکی نەبەزی هەبوو بەڵام لەتوانادا نەبوو پیویستی‌یە مادی‌و موضوعی‌یەکان لە جەنگدا پشت‌گوێ بخرێت ؛ چونکە هەندێ‌جار بۆ دیارکردنی زۆر ئەنجامی سیاسی‌و سوپایی ئەو پێویستی‌یانە گرنگ‌و کاریگەرن ، گیروگرفتی بنەڕەتی‌ی جەنگەکەمان لەگەڵ یاخی‌بوونە بەکرێ‌گیراوەکە ئەوەبوو، تادەهات چەك‌و ئازوقەی شەر بەلێشاو دەهێنرایە مەیدانەوە ، کە بەلای‌کەمەوە هاوتای ئەو چەك‌و ئازوقەو کەلوپەلە بێ ژمارانە بێت کە ڕژێمی ئیرانی بە نوینەرایەتی‌ی ئیمپریالزمی ئەمەریکاو سەهیونی دەیخستە بەردەستی تاقمە بەکرێ‌گیراوە یاخی‌یەکەوە.

● مەترسی‌ی باری سوپایی پێشوو

تا باری سوپایی گەیشتە ڕادەیەکی پڕلەمەترسی ، ئەوە بوو ڕژیمی ئیرانی تازەترین‌و کاریگەرترین چەکی بەرامبەر بە هێزە ئازاکانمان دانا ، بەڵکو کار بەوە گەیشت کە چەند جار هێزەکانی ئیران ڕاستەوخۆ شەڕی لەگەڵ هێزەکانمان دەکرد . هەروەکو مەشق‌و بزووتنەوەو لەشکرکێشی‌ی بەدرێژایی سنووری ڕۆژهەڵاتمان‌دا بەردەوام بوو بۆ ئەوەی لەچەند بەرەیەکەوە سوپاکەمان خەریك بکات‌و هەڵوێستی سوپایی تاقمە بەکرێ‌گیراوەکە پتەو بکات.. بە ئامانجی ئەوە سوپای ئازامان ببەزێنن ، یان وای لێ‌بکەن کە دەروەستی بەردنگاربوونی یاخی بوونە گومان لێ‌کراوەکە نەبەت ؛ دوای ئەوەی کە ئازوقەو چەك‌و تفاقی نامێنێ .. ئەوسا لەتوانادا دەبێت کە پیلانەکەی ئیمپریالزمی ـ سەهیونیزم بۆ لەتلەت‌و بێ هێزکردنی عیراق‌و لەناوبردنی دەوری نەتەوایەتی عیراق بەجێ بهێنرێت .

بەڕاستی مەترسی کەیشتە پلەیەکی بەرزکاتێ‌کە تفاق‌و ئازوقەی بنەڕەتیمان بەشێوەیەکی ترسناك لەکەمی دەدا ، بەتایبەتی چەکە کاریگەرو بەکارەکان وای‌لێ‌هات تفاقی لوله تۆپە قورسەکان هاتە سەر نەمان ، لەبۆمبا قورسەکانی چەکی فرۆکەوانی‌دا تەنیا سێ بۆمبا مابوو .

ئێمە ، برایینە ،دەزانین کە چەك فرۆشتن بەتایبەتی ئالقە پیشکەوتووەکانی ، لەجیهانی ئەمڕۆدا، ناچێتە ژێر باری بازرگانی‌یەوە ، زۆرتر لەچوارچێوەی تەقدیر کردنی سیاسی‌و ستراتیژی‌ی دەوڵەتە خاوەن چەکەکە دادەنرێت . چەکدارکردنی سوپاکەمان لەبلەی یەکەم پشت بەیەکێتی سوڤیەتی دەبەستێ ، یەکێتیی سوڤیەتیش لەو سالانەی ڕابردوودا ، چەکی پێشکەوتووی پێ‌دایین ، بەڵام ئەمەیە ڕاستی لەو ڕۆژەدا ، لەکاتی تیکۆشانمان‌و کوشتارمان لەدژی تاقمە بەکرێ‌گیراوە یاخی‌یەکە لە باکووری نیشتماندا ، ئێمە کەئەو ڕاستی‌یە مێژوویی‌یە ئاشکرادەکەین گلەیی لە کەس‌ناکەین‌و بیانوش دروست ناکەین ، بەڵام دەمانەوێ ڕاستی‌یەکی مێژوویی ڕوون بکەینەوەو لێپرسراوی بخەینە چوارچێوەی تەواوی خۆیەوە .

لە کاتی‌خۆشیدا ڕاستی‌ی کەمی‌ی ترسناکی تفاقی جەنگمان شاردەوەو لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا لە بازنەی سەرکردایەتی‌دا هێشتمانەوە ، بۆ ئەوەی دوژمن بەو نهێنی‌یە نەزانێت‌و لەپیلان‌و دوژمنایەتی‌یان‌دا مل‌هوڕی نەکەن ، بۆ ئەوەش تا زاتی مەعنەویی هێزەکانمان کە بەو چەکانەی تر کە هەیان بوو ئازایانەو سەربەرزانە شەڕیان دەکرد بێ‌هێز نەبێت .

بەڵام ئەم ڕاستی‌یە ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی بۆ سەر دروست‌کردنی بڕیاری سیاسی ئێمە لە زۆرانبازیی نێوان ئێمەو ئێران‌دا هەبوو .

● هەڵومەرجەکانی شەڕی تشرین

ئەمە لایەکی مەسەلەکەیە ، لایەکەی تریش ، برایینە ، ڕۆژگارو هەڵو مەرجی‌ئەوجەنگەیە کە عیراق لەشەڕی تشرینی ساڵی ١٩٧٣دا دەستی‌دایە .

ئەوەبوو بەبێ ئاگادارکردنی عیراق‌و بەبێ‌ئەوەی ماوەیەکی تەواوی ئەوەی هەبێت خۆی ئامادە بکات شەڕ لەگەڵ قەوارەی زایۆنیزم‌دا هەڵگیرسا ، بە گونجان لەگەڵ هەڵوێستی عیراق‌و لێپرسراوی‌ی نەتەوەیی خۆیدا ، چار نەبوو دەبوو لەم جەنگەدا بەشداری بکات ، ئیتر ئامانج‌و سروشتی ئەوکەسانەی نەخشەیان بۆ کێشابوو هەرچ ی‌بوو بێت‌و سروشتی پەیوەندی عیراقیش بەو ڕژێمانەوە کە لەشەڕەکەدا بەشداربوون هەرچونێك بوو بێت . لەو کاتەدا هێزەکانی عیراق لەبەرەی ڕۆژهەڵاتدا هەڵیان دابوو لەدژی دەستدرێژی ئیران لە زەوی‌ی نیشتمانی لەپارێزدا بوون ، جا بۆ ئەوەی عیراق هەڵو مەرجێکی لەبار بۆ بەشداری‌کردنی هێزەکانی خۆی لە شەڕ لەگەڵ زایۆنی‌ی دوژمن سازبکات ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش لە حەوتی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا بەبانامەبەکی دەرکرد تێیدا دووپاتی کردەوە کە عیراق ئامادەیە لەگەڵ ئێران گیروگرفتەکان بەرێکەی ئاشتی چارە سەر بکات ، پاشان هێزە لێدەرەکانی خۆی نارده سووریا ، کەوا شەرافەتمەندیی پاراستنی دیمەشق لە کەوتنە دەست‌و ڕاگرتنی کشانی سەهیونی‌ی بۆ سەر خاکی سووریایان وەرگرت .

دەرکردنی ئەو بەیانامەیە ، لەلایەنی واقیعی‌یەوە، مانای وابوو کە عیراق ئامادەیە سەیری داخوازی‌یەکانی ئێران لە (شط العرب)دا بکات .

ساڵی ١٩٧٥یش ، کاتێ کە سەروك بومدیەن ـ ڕەحمەتی خوای لێ‌بێ ـ دەستی کرد بە پەیوەندی کردن بە عیراق‌و بەئیران‌و پێشنیاری‌کرد کە لە جەزایەردا دەربارەی ئەو مەسەلانەی ناکۆکیمان لەسەریان هەیە هەردوولا بکەوینە گفتوگۆ ، ئەو کارەمان پەسندکردو بەهەلێکی ڕەخساومان دانا بۆ باراستنی ئاسایشی عیراق‌و یەکێتیی نیشتمانی‌و ئاسایشی سوپای عیراقی .

لەسەر ئەم بناخەیە سەرکردایەتی‌ی حزب‌و دەوڵەت بڕیاریکی دەرکرد کە لەگەڵ ئێران‌دا بکەوینە گفتوگۆکردن‌و هێڵی (تالوك) بەهێڵی سنوور لە شط العرب‌دا قەبوول بکەین ئەمەش بەرامبەر بە خۆکێشا نەوەی ئێران لەو زەوییانەی عیراق کە لە سەردەمەکانی پێشوودا داگیری کردبوون بە پێچەوانەی پروتوکولی قسطنطینیەی ساڵی ١٩١٣ و پ ـکۆیەکەی واتا تۆمارەکانی کوبوونەوەکانی قومیسیرەکانی سنوور بۆ نیشانە کردنی سنووری نێوان عیراق‌و ئێران لەساڵی ١٩١٤دا لەوانە ناوچەی (زبنە لقەوس)و (سەیف سەعد) کەوا بەر لەچەند ڕۆژێك هێزەکانمان ڕزگاریان کردن، هەروەها بەرامبەر بەپێش‌ئەش نەکردنی هیچ یارمەتی‌یەکی سوپایی‌و جۆری تر بۆ تاقمە بەکرێ‌گیراوە یاخی‌بووەکەی باکووری نیشتمان .

● ڕێکەوتننامەی ٦ی ئاداری ١٩٧٥

لەسەر ئەم بناخەیەـ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران کرا ڕێکەوتننامەی ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥ مۆرکرا .

ئەم ڕێکەوتننامەیە لەکاتی خۆیدا ، ڕووداوێکی گرنگ بوو .. ئەوەبوو پاش بلاوکردنەوەی یەکسەر هێزەکانی یاخی‌بوونە بەکرێ‌گیراوەکە ڕووخا یاخی‌یەکان خۆیان بەدەستەوەداو ئەو چەکانەی کە سوپا گرتنی گەیشتنە ١٥٢٠٠٠ پارچە .

Institut Kurde de Paris

دەقی تدواوی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی ریکەوتنەکەی جەزایر

برایینە .

ریکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٥ وەختی خۆی بریاریکی ئازاو ژیرانە بوو .. بریاریکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی بوو .

ئازایەتی هەرئەوە نی‌یە لە مەیدانی بەرەنگار بوونی دوژمن‌دا ، لە بەرگری‌و پەلاماردا بە چاک بە کارهێنانی تفەنگ‌و شیر بە تەنیا بنوێنرێ ، بەڵکو هەروەها لە پلەی سەرکردایەتی‌دا بە شێوەیەکی تایبەتی ، بە بڕیاری سیاسی‌ی ئازا ، لە بەرکری کردن لە گەل‌و نەتەوەداو لە پاراستنی سەربەرزی‌دا دەنوێنرێ ، کاتێ کە شیرو تفەنگ بە تەنیا ناتوانن ئەو ئامانجانە بهێننە دی .

ئەو بڕیارە ، بەپێی هەل‌ومەرجی ئەوسا ، لە چەند مەترسی‌یەکی کاریگەر عیراقی رزگار کرد کە هەڕەشەیان لە یەکێتی‌و ئاسایش‌و دوا رۆژی دەکرد . هەروەها هەلی بۆ گەلەکەمان ریك خست کە لە شورشەکەیدا بەرەو پێش بچێ‌و لە کرداری بنیات نان‌و راپەرینداا بەردەوام بێت‌و بگاتە رادەیەکی ئەوتۆی هێزو پێشکەوتن‌و کامەرانی ، کە ئابروومەندی‌و سەربەرزی عیراقی‌یەکان بپارێزێت‌و عیراقێکی بە هێزی بە توانا بخاتە سەر رێی خزمەتی نەتەوەی عەرەب‌و بەیامە مەزنەکەی وەنەبێ بڕیارەکە خۆ بەدەستەوەدانی واقعێکی تاڵ بێت ، ئەگەرچی واقیعەکە تاڵیش‌و بە ترسیش بوو ، بەڵکو پشت نەرم کردنی ئەو واقیعە بوو بە کردەوەیەکی سەرکردانەی بە تواناو لە گەل حیسابی هەل‌ومەرج‌و تواناکان هاوسەنگدا . ریکەوتننامەکەی ئادار زادەی زرووفی خۆی بوو .. گەلەکەمان لێی تێ‌گەیشت‌و - لە چوارچیوەی ئەو زرووفانەدا - بە سەرکەوتنێکی گەورەی داناو بە شادی‌و خوشی‌یەوە پێشوازی لێ کرد. لەگەل ئەوەشدا کە سوپاکەمان لەگەل یاخی‌یەکاندا بە جەرگانە شەڕی دەکردو بەو راستی‌یە تاڵانەی نەدەزانی کە باسمان کرد دەربارەی کەمی‌ی تفاقی بایەخداری ، زەبری بە ئێشی بە یاخی‌یە خاینەکان دەگەیاند ، ئەویش بە شادی‌یەکی زۆرەوە پێشوازیی لە ریکەوتننامەکە کرد ، چونکە لە ناوەرۆکەکەی گەیشت لە چاو یەکێتی نیشتمان‌و پاشە رۆژیدا ، وە هەل‌ومەرجە بە جێ‌یەکانی نرخاند .

برایینە ،

پاش مۆر کردنی ریکەوتننامەی ئادار ، گەلێ گفتوگۆو هاموشۆ کرا بۆ ئەوەی بەندەکانی بەجێ بگەنرێت ، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە هێڵکێشانی سنوورو چەسپاندنی کۆڵەکە سنووری‌یەکان‌و کاروباری تری شێوە هونەری‌یەوە هەبوو . هەرسێ پرۆتوکۆڵ، بنەڕەتی‌یەکەی سەر بەو ریکەوتننامەیەش مۆر کران ، کە بریتین لە پروتوکولی سنوور کێشانی رووبارو بروتوکولی کێشانی سەر لە نوێ‌ی سنووری ووشکانی‌و پروتوکولی ئاسایشی سەر سنوور .. ئەوەبوو هەر زوو لایەنی ئێرانی کەلکی لە ریکەوتننامەی دیار کردنی سنووری رووبار لە (شط العرب) دا وەرگرت ؛ بەڵام جێ‌بەجێ کردنی پروتوکولی تایبەت بە سنووری ووشکانی وەختێکی سەرباری پێویست بوو ، ئەمەش کارێکی ئاسایی بوو.. لە پاشانیشدا کاری تەسلیم کردنەوەی زەوی‌یەکان بە هۆی باری رژیمی ئیرانی پێشوو لە ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ دا دواکەوت .. پاشان دەسەڵاتداری ئیرانی نوێ هاتو .. زەوی‌یەکانمان هەر لە دەست لایەنی ئەولادا مانەوە ، ئێمەش ئەوەمان رەچاو کرد کە رژیمی نوێ پیویستی بە کات هەیە بۆ ئەوەی بەڵێنەکانی خۆی بەپێی ریکەوتننامەکە بەجێ بهێنێ ؛ کەچی ئێمە، لە رۆژی یەکەمی هاتنە سەر حوکمی ئەو کۆمەڵەوە لە ئێران ، هەستمان بە هەڵوێستی دوژمنایەتی‌ی ئەوان کردو پەیوەندیی هاوسێ‌یەتی چاکیان تێکدا .. گوێمان لێیان دەبوو کە بەرودوا رایان دەگەیاند کە ئەوان دەربەست بە بەڵێنەکانی ریکەوتننامەکەی ئادار نین . هەر لە زۆر زووەوە ، بەندێك لە بەندە بنەڕەتی‌یەکانی ریکەوتننامەکەیان شکاند کاتێ کە سەرکردایەتی‌ی یاخی بوونی بە کرێ گیراویان لە ئەمەریکاوە بانگ کردە ئێران .. بارزانی بە کرێ گیراوو هەندێ کوڕی ئەویان ئامادە دەکرد بگەڕێنەوە ئێران‌و چالاکی‌ی دوژمنانەیان لە دژی عیراق دەست پێ بکەنەوە بەڵام لای ئاغاکانی وەلی نیعمەتی مردو کوڕەکانی‌و سەرەکانی یاخی بوونی بە کرێ گیراو گەڕانەوە ئێران‌و کردیان بە سەرشاری هەڕەشە کردن لە ئاسایش‌و یەکێتی نیشتمانی‌ی عیراق بە پشتیوانی‌یەکی ئاشکرای کاربەدەستانی ئێران .

هەموو کردەوەکانی کاربەدەستانی ئێران لەو رۆژەوە هاتوونەتە سەر حوکم هەتا ئەمڕو ، ئەوە دیاری دەکەن کە پەیوەندیی هاوسێ‌یەتی تێك دەدەن‌و باڵێنەکانی ریکەوتننامەی ئادار ناپارێزن ،لە بەر ئەوە ئەوان هەموو لێپرسراوی‌یەکی قانونی‌و کرداری دەکەوێتە ئەستۆیان لە بەتاڵ کردنەوەی ریکەوتننامەکەو کۆتا پێهێنانی .

ریکەوتننامەکە - لە گەل ئەو بارە سەختانەدا کە عیراق لە کاتی مۆرکردنی‌دا ! تێ‌یدا بوو - لە سەر چەند بناخەیەکی هاوسەنگ دامەزرابوو ، واش دارابوو کە تێك‌دانی هەر بناخەیەك لەم بناغانە تێك‌دانی گیانی ریکەوتننامەکە بێت .

لە بەر ئەوەش کە کار بەدەستانی ئێران لە سەرەتای حوکمیانەوە بەهۆی دەست تێوەردانی ئاشکراو بە غەرەزبان لە کاروباری ناوەخۆی عیراق‌داو یارمەتی‌دانی سەرەکانی یاخی بوون - هەروەکو شا لە پێشوودا دەیکرد - کە لە لایەن ئەمەریکاو سەهیونیزمەوە پشتگیری کراون وە بە هۆی ئەوەوە کە زەوی‌یەکانی عیراق نادەنەوە کە ناچار بە هێز رزگارمان کردن ، من وا لە بەردەم ئێوەدا بڵاوی دەکەمەوە کە ئێمە ریکەوتننامەی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لەلای خومانەوە بە دوا پێ‌هاتوو دادەنێین (ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بریاریکی بۆ ئەمە دەرکردووە).. ئیتر بەم جۆرە دەبێ پەیوەندی قانونی لە «شط العرب »دا بگەڕێنەوە رۆژگاری پێشی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ ، ئەو شەتەش هەروەکو لە مێژوودا هاتووە بەناویش‌و بەراستیش دەبێتەوە بەعیراقی‌و عەرەبی ،لەگەل هەموو مافی بە کارهێنانی دەسەڵاتی تەواوی عیراق لێ‌یدا .

برایان

عیراق لە پەیوەندیەکانیدا لەگەل هەموو جیهان ، ئیلتزامی تەوا شارەف مەندی هەیە بەرامبەر هەموو بەڵێنەکانی ، دیسان ئیسپانی کردوە کە ناگونجێ بە هیچ جۆرو شێوەیەك هەڕەشەو دوژمنایەتی‌و دەستدرێژی بۆ سەر رێزو کەرامەتی قبوڵ‌بکات . گەلی عیراق‌و سوپای عیراق تەواو ئامادەی هەموو شەرێکی ئازایانەن ، هەرچەندە قوربانی گران‌بێ لە پێناوی پاراستنی شەرەف‌و رێزدا .

بریاری مێژوویمان‌دا ، بە چەسپاندنەوەی دەستەڵاتی تەواومانی لە سەر خاك‌و ئاوەکەمان‌و بەهێزوو تواناوە بەرامبەر هەر پەرپەچێك هەڵدەسوڕێین کە بەرووی ئەم‌بڕیارە رەوایەدا بوەستێ .

ئێمە بۆ ئێوەی دووپات دەکەینەوە ، وەك چۆن لەمەوبەر وابووین ، چاومان لە دامەزراندنی پەیوەندی دراوسێ باشی‌یە لەگەل وڵاتانی دراوسێ‌دا بەتایبەتی ئێران ، عیراق هیچ چاوی لەخاکی ئێران نەبڕیوە ،دیسان نبازمان نیە هەرگیز بەشەڕ پەلاماری ئێران بدەین یان بازنەی زۆران‌بازی بگەیەنینە دەرەوەی سنووری بەرگری کردن لە ماف‌و رێزمانی‌و ئێمە بەوانە دەڵێین کە لە خۆبای‌بوون لە ئێران کوێری کردوون‌و ئارەزووی گومان لێ‌کراویان گەڕاندونەتیە ئەوەی بە نهێنی‌و ئاشکرا لە لایەن هێزەکانی ئیمپریالی‌و زایونیەوە ، هەڵسوڕێن ، پێیان دەڵێین لەسەریانە دەرس لە رۆژانی رابوردو وەرگرن کە سوپای ئازامانی (زین القوس)و (سیف سعد) مەخفەرەکانی سنووریان بە هەڵویستی پباوانی ئازا سەندەوە ، بانگیان دەکەین بۆ وەلام‌دانەوەی دەنگی حەق‌و عەقڵ کە داوای پاراستنی دراوسێ باشی‌دەکا لەگەل عیراق‌و نەتەوەی عەرەب ، تەنیا بەوە دەتوانن خزمەتی گەلەکەیان بکەن ئەگەر بەراستی دڵسۆزن بۆی ، هەر بەوەشی دەتوانن بیسەلێنن شۆڕشگێڕن‌و نووکەری هیچ دەگانی نیستعمارو زایونی نین‌و رەگەز پەرست‌و دواکەوتو نین‌و قین لە دڵ‌و دوژمن نین بەرامبەر نەتەوەی عەرەب کە بیانەوێ فیتنەو ئاژاوە لەریزەکانیان بنێنەوەو دابەش‌و بێهێزی‌بکەن بە پێی نەخشەی زایون‌و یەکگرتو لەگەڵیا وەك ئەنجام .

ئێمە لەبەردەم ئێوەو لەبەردەم نەتەوەی عەرەب‌و جیهاندا دەڵێین ، ئێمە پەردەی درۆزنیمان لە رووی ئەو تاقمە حوکم رەوایە دڕی کە لەئێرانە ، ئەو تاقمەحوکم رەوایە پەردەی دینی بەدرۆ بەکارهێنا بۆئەوەی لەسەر حسابی رێزی ئەتەوەی عەرەب‌و سوودی بەرزی نەتەوەی عەرەب دەستەڵاتیان فراوان بکەن‌و فیتنەو ئاژاوەو کەرت بوون لەریزەکانیا بڵاوبکەنەوە ، لەبەڵ ئەو رۆژگارە گرانەش کە نەتەوەی عەرەب پیا دەڕواو ئەو خەباتەی دژی زایونی دوژمن‌و هێزە ئیمپریالیەکان دەیکا

پەردەی دین ، تەنیا پەردەیە بۆ داپۆشینی رەگەزپەرستی فارسی‌و قین لە دڵی بەرامبەر عەرەب ، ئەو تاقمە زیرەکانە بۆ ژیاندنەوەی گیانی رەگەزپەرستی‌و قین‌و ناکۆکی نانەوە لەناو گەلانی ناوچەکە بەکاری دەهێنن بۆ سوودی نەخشەی زایونی جیهانی جا ئەمە بزانن یان نەزانن .

هەندێ لایەن کە هەندێ هۆی جیاجیا دەیان - جوڵێنی‌و ئیستە نامانەوێ باسی بکەین ،دەڵێین خومەینی لە شا جیایە ، بۆ چی وا مامەلەی لەگەل دەکەن ؟ ئێمەش دەڵێین ! بەدڵ حەزمان دەکرد خومەینی جیا بوایە لەشا لە رووی هەڵویستیەوە بەرامبەر کاروباری نیشتمانی‌و نەتەوەیمان‌و بەتایبەتی بەرامبەر مەسەلەی داگیرکردنی خاکی عەرەب ، ماوەیەکی باشیشمان دایە تا ئەوە بسەلێنی جیایە لەشا ، بەڵام ئەوو ئەوانەی لە حوکمدان ئەمڕۆ لە ئێران ، سەلماندیان لە چاوچنۆکی‌و هەڵویستی رەگەزپەرستیان بەرامبەر عەرەب جیانین لەشا ، بە پێچەوانەی حەقەوە ، سووربون لەسەر بەرنەدانی ئەوخاکەی عیراق شاداگیری‌کردبوو ،سووربون لەسەر بەرنەدانی دورگەکانی طنب الکبری ، وطنب الصغری وابو موسی ،هەتا ئەوبانگە وازە داگیر کاریانەیان نوێ‌کردەوە کەشا وازی لێ‌هینابوو لە ژێر هێزی دەستەڵاتی نەتەوەی عەرەب ،بەرامبەر بە عیراق نەیان‌ویست هەتا ئەو زەویانەش بدەنەوە کە شا بەپێی ریکەوتنی ١٩٧٥ موافقەتی کرد لەسەر دانەوەیان .

برایان :

کاتێك کە بە ئازارەوە باس لە رەگەزپەرستیتی‌ی رژێم لە ئێران‌و ، هەڵوێستە دوژمنایەتکاریەکانی دەکەین ، لەبیرمانەوە ناچێت کە بەریزەوە هەڵوێستی چاکەی رۆڵە نەبەردەکانی گەلانی ئێران لەبەرچاو بخەین ، لەمانەش فارس ، کە ئێمە سوزو خۆشەو یستیمان بەرانبەریانەوە هەیەو ، پەیوەندی دۆستانە لە گەڵیاندا دەبەستین‌و ، هیوادارین لەو مەینەتە کە ئێستا تیایدا دەژین رزگار بین .

ئێمە سڵاوێکی گەرم ئاراستەی برا عەرەبەکانی ئەحواز دەکەین ، کە لە بارودۆخی لە ناوبردن‌و کوشتن‌و چەوسانەوەدا لە ژێر سایەی خومەینی دەناڵێنن زیاتر لەوەی کە لەکاتی خۆیدا لەزەمانی شاه دەیاننالاندو .. سڵاو لە خەباتکەرە کوردە بەشەرەفەکان‌و هەموو گەلانی دۆستی ئێران دەکەین‌و بۆیان دووپات دەکەینەوە،کە ئێمە چاوچنۆکی بستێك خاکیا نمانی‌یەو لە خۆشەویستی‌و سۆزەوە زیاتر هیچ شتێکمان بەرانبەریان‌وە نی‌یە .

ئێمە هیوامان وایە کە ئێرانی دراوسێ سەربەست‌و سەربەخۆبێت‌و ، لە دەورە ئیجابی‌یەکەیدا بەشداری لە ناوچەکەو ، برووتنەوەی بێ‌لایەن‌و ، خەباتی گەلان دەکات لەپێناوی سەربەستی‌و سەربەخۆیی‌و پێشکەوتندا .

برایان :

ئێمە بۆ جیهان دووپات دەکەینەوە ، لە کاتی خۆیدا کە عیراق کاروباری کەشتی‌یەوانی لە (شط العرب)دا ، بەپێی حەفتی دەسەڵاتی ئاری ١٩٧٥دا بەریوەی دەبرد . لێ‌هاتوویی‌و حەقیقی‌و لێپرسراوی بەرز لەمەدا سەڵاندو .. عیراق -ئیستا - زیاتر لە توانایدایە ئەرکەکانی لەم بارەیەوە جێ‌بەجێ بکات و..ئێمە داوا لەلایەنە بەرپرسیارەکان‌و ، لەوانە لایەنی ئێرانی دەکەین ، بەریزی دەسەڵاتی عیراق بکرێت بە «شط العرب » .او ، بەپێ ی ئەمە سات‌و سەودا بکات .

برایان :

لە یەکێك لە کۆبوونەوە حزبی‌یەکاندا هاورێیەك لێمی پرسی .. ئەو (یەدەگە مسۆگەرەیە) کە هەڵتان گرتوە چی‌یە بۆ رووبەرو بوونەوەی دوژمنایەتی‌ی گومان لێکراوی رەگەزپەرستنی رژێمی تازە لە ئێراندا ؟

بەو هاورێ یەم ووت : سەرکردایەتی لە عیراقدا گەلی عیراقی وا راهێناوە ، کە هەمیشە (یەدەکێکی مسۆگەری) هەبێت بۆ بەکارهێنانی لە ساتە مێژوویەکاندا بەرانبەر بەدوژمنان وەکو شتێکی کتوپڕی .. بەڵام من بەئێوەو ، هەموو عیراقی‌یەکان‌و، رۆڵەبە شەرەفەکانی نەتەوەی عەرەب دەڵێین کە یەدەگی‌بنەڕەتی (مسۆگەر)و لەروو کەبەنیسبەت پیلان‌و بەکرێگیراوە گومان تێگراوەکانەوە لە ئێراندا کە بە ئەقڵی دواکەوتوانەو پالپێوە نەرانەی رەگەزپەرستانەوە دەڕوانن شت‌و ، ئێمە بەهۆیەوە رووبەرووی هەموو پیلانی دوژمنایەتکاری ئیستعمارو زایۆنی‌و رەگەزپەرستانە دەبینەوە ،گەلی مەزنی‌ی عیراقە بەگیانە راستگۆییەکەی‌و ، ئامادەیی بێ لە ئەندازە بەدەری بۆ خەبات‌و قوربانی‌دان‌و ، خۆ بەستنەوە بەهێزەکەی بەمافە رەواکانی‌و ، هەڵهێنجانی‌ی کە لەپووره بەرزە مێژوویی‌یەکەی .. کەلەپووری پەیامی مەزنی‌ی ئیسلامی‌یەوەو مێژووی نەمری‌ی نەتەوەی عەرەب‌و ؛ گەورەیی عیراق‌و ... سوپای نەبەزی عراقمانە کە لەو گیانەوە هاتۆتە کایەوەو ، لە بیروباوەڕی شۆڕشەوە دەژێت‌و ، لەژیان‌و جەنگەکانیدا مێژووی رەونە قداری نەتەوەو مێژووی بەرزی عیراق رەنگدەداتەوە .

(یەدەگی مسۆگەر)و ناسراوئێوەن‌و ، هەموو عیراقی‌یەکی نەبەزو بەشەرەف لە ئەفسەرو سەرباز لە سوپاکەمان‌و رۆڵەکانی گەلمان ژن‌وپیاو ، پیرو منداڵانەوە . ئەو گیانە بەشەرەفەی عەرەبەکانە کە دژی دەستدرێژی‌و تاڵان‌و چەوساندنەوەو کلکایەتی لە هەموو شوێنێکدا خەبات دەکەن‌و رەفزی مل کەچی داگیرکەری پۆخڵی فارس دەکەن‌و هەروەکو چۆن رەفزی داگیرکردنی زایۆنی دوژمن دەکەن‌و بەهەموو هێزو نەبەردی‌یەوە خەبات دەکەن دژی داگیرکردنی نارەوای زایۆنی بۆ فەلەستین‌و بەشی تری عەرەبەوە .

برایان :

سڵاوی شەرەف مەندی‌و بەڵێن‌تان لێ‌بێ ... سڵاوی چاکە ... سوپاستان دەکەم بەرامبەر ئامادەبوونتان لەم کۆبوونەوەرە ئاناسایی‌یەداو من دڵنیام گەلەکەمان کە بەدرێژایی میژوو بەرگەی لێپرسینەوەی ئیشتمانی‌و نەتەوەیی بەلێ‌هاتویی ئازایانە گرتوە ، لەسەر ئەورێ رەوە بەردەوام دەبێ‌و دەوری ئیجابی‌و بەکاری لەم ناوچەیەو لەرووی دەوڵەتانەوە پتەو دەبێ.

عیراق هەمیشە قەڵایی پۆلاین‌و خۆڕاگرتو دەبێ بەرووی هەموو داگیرکارو دەست درێژکاریدا عیراق هەمیشە مەرکەزی پاڵپشتی هەموو هێزێکی سەربەستی‌خوازو پێشکەوتن‌و خیر خواز دەبی لەجیهاندا عیراق هەمیشە قەڵای نەتەوەی عەرەب دەمێنتەوە .

والسلام علیکم وارحمه الله وبرکاته.

Institut Kurde de Paris

ده‌زگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی و
سه‌رنووسه‌ر
إسماعیل رسول

شه‌قامی الخلفاء
مه‌یدانی الخلانی
ت ٨٨٣٣٧٩٥/٥ خه‌ت
ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی
هه‌فته‌نامه‌یه
٤ لاپه‌ڕه
٢٥ فلسه

● پێنج شه‌ممه ٢ی تشرینی به‌که‌م ١٩٨٠ ژماره ٥٤٥ ●

● الخميس ٢ تشرين الاول ١٩٨٠ العدد ٥٤٥ ●

عیراق هیچ ته‌ماحێکی به‌زه‌وی‌و زاری ئێران نی‌یه‌ هه‌روه‌ها ئێمه‌ نامانه‌وێت‌ به‌هیچ جۆرێك - جه‌نگ دژ به ئێران هه‌لگیرسێنین یان‌بازنه‌ی به‌ربه‌ره‌کانی کردنی له‌گه‌ل فراوان بکه‌ینه‌وه له ده‌ره‌وه‌ی چوارچێوه‌ی داکۆکی‌کردن له مافه‌کان‌و سه‌ربه‌خۆییمان ..

سه‌رۆکی فه‌رمانده
صدام حسین

ئێمه به‌یام هه‌لگری هه‌ره‌خوازین و هه‌رگیز شه‌ڕخواز نه‌بووین

به‌توندی به‌رپه‌رچی هه‌ر هه‌وڵدانێکی په‌ره‌پێدانی ده‌ستدرێژی و کاری جه‌نگی ده‌ده‌ین‌ده‌وه

سه‌رۆکی به‌ڕێز مهیب رکن‌صدام حسین فه‌رمانده‌ی دووپاتی کرده‌وه که هێزه نه‌به‌زه ئازاکانمان ئه‌رکه‌کانیان جێبه‌جێ‌کردو ئێستا له سه‌رئه‌و ئامانجه ڕاوه‌ستاون که شیرین‌و میهران‌و سه‌رپێڵی زه‌هاوو خاکی ئه‌هوازو له ژماره‌یه‌کی تری شاره‌کانی به‌ره‌ی جه‌نگ .

گشتی‌ی هێزه جه‌کداره‌کان ئازایانه‌و لێهاتووانه‌و خێرا بۆیان دارێژراوه له قه‌سری شاری محه‌مره‌و دزفوول‌و

به‌ڕێز سه‌رۆکی فه‌رمانده له ووته‌یه‌کی نه‌ته‌وه‌یی فراواندا که له ئیزگه‌ی رادیۆو ته‌له‌فزیۆنی وولاته‌وه خۆیندیه‌وه ووتی له ماوه‌ی چه‌ند سه‌عاتێك‌دا له ده‌ستپێ‌کردنی جه‌نگه‌وه له زه‌مین‌و ده‌ریاو ئاسمان‌دا شمشێری عیراقی به‌ره‌و پێشه‌وه ده‌چوو به‌پاکپشتی‌ی گیانی نه‌ته‌وه‌و به‌بام‌و مێژووی مه‌زنی .

هه‌روه‌ها ووتی ئه‌و جه‌نگه‌ی له‌گه‌ل ڕژێمی ئێران‌دا کردمان ئه‌گه‌ر چی جه‌نگێکه له پێناوی داکۆکی‌کردنه له شه‌ره‌فی وولات‌و سه‌ر به‌خۆیی‌و به‌رژه‌وه‌ندی‌یه ڕه‌واکانی‌دا له‌هه‌مان کاتیش‌دا جه‌نگێکه له پێناوی عه‌ره‌بایه‌تی که‌ناری عه‌ره‌ب‌و به‌رپه‌رچدانه‌وه‌ی چاوچنۆکی فراوانگه‌ڕێنی‌ی فارسه‌کان‌و له‌پێناوی سه‌ربه‌خۆیی ته‌واوه‌تی‌دا له ده‌ستێوه‌ردانی هێزه ده‌وڵه‌تیه‌کان .

هه‌روه‌ها سه‌رۆکی به‌ڕێز وونی ئه‌وه‌ی ئێمه داوای ده‌که‌ین ئه‌وه‌یه حکومه‌تی ئێران دان به مافه مێژوویی‌یه‌کانی عیراق‌دا بنێت دان پێدانانێکی ڕاشکاوو یاسایانه‌و به‌کار سه‌باره‌ت به‌مافه ڕه‌واکانی عیراق له خاك‌و ئاوه‌که‌یدا سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی لایه‌نی سیاسه‌تی هاوسایه‌تی‌ی باش بگرێت‌و واز له ره‌گه‌زپه‌رستی‌و ده‌ستدرێژی‌و فراوانگه‌ڕێتی بهێنێت .

هه‌روه‌ها ووتی له‌به‌رده‌می ئێوه‌و له‌به‌رده‌می هه‌موو جیهان‌دا ڕای ده‌گه‌یه‌نین که عیراق ئامادەیه جه‌نگ رابگرێت به مه‌رجێك ئه‌و لایه‌نه‌که‌ی‌تر لایه‌نی ئه‌م بانگه‌وازه دڵسۆزانه بگرێت‌و ئامادەین له‌گه‌ل لایه‌نی ئێرانی‌دا بکه‌وینه گفت‌و گۆکردن ڕاسته‌وخۆیان به‌ڕێگای لایه‌نی سێهه‌مه‌وه یان هه‌ر لایه‌نێك یان ڕێکخراوێکی نێو ده‌وڵه‌تانه‌وه ڕێزمان ده‌گرێت‌و باوه‌ڕی پێده‌که‌ین .

له کۆتایی ووته‌که‌یدا سه‌رۆکی به‌ڕێز سڵاوی ئاراسته‌ی سه‌رکه‌وتنه‌کانی سوپا مه‌زنه‌که‌مان کرد به‌ئه‌و توانا و هێزو لێبڕسراوێتی‌یه‌ی له جێبه‌جێ‌کردنی ئه‌رکه‌کانی‌دا نواندنی .

ده‌قی وتاره‌که له په‌ڕه‌ی (٢)و (٣) دایه

سه‌رۆکی به‌ڕێز صدام حسین وسه‌رۆك ضیاء الحق له‌گه‌ڵ ئه‌میر حسن گه‌شتێك به‌ناوشاری به‌غداد ده‌که‌ن

ڕۆژی سێشه‌ممه‌ی‌رابوردوو مهیب روکن صدام حسین سه‌رۆك کۆمار‌و فه‌رمانده‌ی گشتی هێزه‌چه‌کداره‌کان‌و سه‌رۆکی‌پاکستانی ضیاء الحق سه‌رۆکی ڕێکخراوی کۆنگره‌ی ئیسلامی‌و ئه‌میر حسن بن‌طلال .وه‌لی عه‌هدی وڵاتی ئه‌ردەنی گه‌شتێکی به‌گاوشه‌قامه‌کانی شاری به‌غدایان‌کردوه .

له بووژانه‌وه‌ی شارستانێتی‌گه‌شته‌که بریتیبوه له‌سه‌ردانی قوتابخانه‌ی المستنصریه که‌ده‌وڕێکی بالای بیسیوه‌و یه‌کێك بوه له‌و مه‌لبه‌نده گرنگانه‌ی که جێگایه‌کی تایبه‌تی هه‌بووه له‌هه‌موو چاخه‌کانی ئیسلامیداو له ساڵی -١٢٢٧- زانییدا له لایه‌ن مستنصر بالله دروست‌کراوه .

هه‌روه‌ها له‌و گه‌شته‌یه‌دا سه‌رۆکی به‌ڕێزو هه‌ردوو میوانه‌کانی سه‌ریان له ماڵی به‌کێ له هاووڵاتیان‌داو سه‌رۆکی به‌ڕێز له ئه‌حواڵ‌و ژیان‌و وره‌یان پرسی له دوای ئه‌و سه‌رکه‌وتنه گه‌وره‌انه‌ی که‌سوپای عیراق وه‌ده‌ستی‌هێناون‌و هه‌روه‌ها سه‌رۆکی به‌ڕێز له ئۆتومبیله‌که‌یدا سڵاوله ئه‌ندامانی سوپای میللی‌و پیشه‌نگاکانه‌وه ده‌کرد که له هه‌موو لایه‌که‌وه هه‌ڵتاف به‌ژیانی سه‌رۆکیان ده‌کێشا‌و ئامادەیی خۆیانیانی ده‌رده‌ڕی که سه‌ربازی هه‌میشه‌ی‌شۆڕشن‌و له پێناوی‌دا خوێنی‌خۆیان ده‌ڕێژن .

فالدهایم ستایشی هه‌ڵوێستی عیراق ده‌کات سه‌باره‌ت به‌ڕاگرتنی جه‌نگ

ڕۆژی سێشه‌ممه‌ی ڕابوردوو دکتۆر سعدون حمادی وه‌زیری ده‌ره‌وه له‌گه‌ڵ دکتۆر فالدهایم سکرتێری گشتی‌ی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان‌دا کۆبووه‌وه له بنکه‌ی ڕێکخراوی نێو ده‌وڵه‌تان له نێویۆرك .

به‌بامنێری ئا.د.ع له نێویۆرك ووتوویه‌تی له کۆبوونه‌وه‌دا که سێ چاره‌ك سه‌عاتی خایاند باسی به‌ره‌سه‌ندنه‌کانی بارودۆخی سنووری ڕۆژهه‌ڵاتی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب کرا له چوارچێوه‌ی ئه‌و جه‌نگه‌ی که عیراق دژی ئێران ده‌یکات بۆ گه‌ڕاندنه‌وه‌ی سه‌ربه‌خۆیی خۆی به سه‌ر خاك‌و ئاوه‌که‌یدا .

هه‌روه‌ها ووتوویه‌تی دکتۆر کۆرت فالداهایم له کۆبوونه‌وه‌که‌دا سوپاس‌و ڕێزی خۆی ده‌ربڕیوه بۆ ئه‌و وه‌ڵامه‌دانه‌وه ئازاو خێرایانه‌ی که عیراق به هۆی سه‌رکوده‌یه‌وه به‌ڕێز صدام حسین ده‌ری خستووه سه‌باره‌ت به بانگه‌وازی ئه‌نجوومه‌نی ئاسایشی نێو ده‌وڵه‌تان بۆ ڕاگرتنی ئه‌و جه‌نگه‌ی ئێستا له ناوچه‌که‌دا به‌رده‌وامه .

ووتوویشیه‌تی که دکتۆر فالداهایم بۆ به‌ڕێز وه‌زیری ده‌ره‌وه دووپاتی ئه‌وه‌ی‌کردووه‌ته‌وه که قایل بوونی عیراق به ڕاگرتنی جه‌نگ پله‌وپایه‌ی له نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان‌دا پته‌و تر کردو بروه‌ته به‌ڵگه‌ی ئه‌و نیازو ئاره‌زووه‌ی بۆ کۆتایی‌پێهێنانی پشێوی له ناو چه‌که‌داو گێڕانه‌وه‌ی ئاسایش بۆ ناوچه‌که .

ده‌قی وتاره‌که له په‌ڕه‌ی (٢)و (٣) دایه

Institut Kurde de Paris

هێزه‌کانمان سه‌رکه‌وتنی نوێ وه‌دی ده‌هێنن

ڕۆژی یه‌ك شه‌ممه‌ی‌رابوردوو سه‌رکرداییه‌تی‌ی گشتی‌ی هێزه چه‌کداره‌کان چه‌ندین به‌یاننامه‌ی تری سه‌باره‌ت به جه‌نگ له نێوان هێزه نه‌به‌زه‌کانمان‌و له نێوان هێزه مه‌جووسی‌یه‌کانی دوژمن‌دا ، ده‌رکردووه ، که له به‌یاننامه‌ی -٤٦-دا هاتووه که پاش جه‌نگی شه‌ره‌فو سه‌ربڵندی که هێزه‌بانه‌وانه‌کانمان له گه‌ڵ هێزه‌کانی دوژمن‌دا کردیان که به بێهوده ده‌یانویست له به‌رده‌می به‌ره‌وپێشه‌وه‌چوونی پیرۆزانه‌یدا ڕابوه‌ستن . . ئه‌وه‌بوو هێزه‌کانمان له کاتژمێری ٨٣٠ ی ئه‌مڕۆ ٢٨ ی ئه‌یلوولی ١٩٨٠دا چوونه‌ناو شاری ئیلانی ڕۆژئاواوه‌و ئاڵای عیراقیان تێدا بڵند کرده‌وه .

له به‌یاننامه‌ی ٤٧ یش‌دا هاتووه که پاش جه‌نگێکی توندوتیژ به هه‌موو چه‌کێکی جۆراوجۆر شه‌وی ٢٧-٢٨ ی ئه‌یلوولی ١٩٨٠ له نێوان هێزه نه‌به‌زه‌کانمان‌و له نێوان هێزه‌کانی دوژمن‌دا له سه‌ر روباری -که‌رخه‌ی نزیکی دیزفوول ئه‌وا هێزکانی دوژمن له به‌رده‌می هێرشه‌کانی جه‌نگاوه‌ره پاڵه‌وانه‌کانمان‌دا خۆیان نه‌گرت‌و تێکشکان‌و به‌ره‌و پاشه‌وه ده‌کشێن‌و هێزه‌کانمان له دوژمن ده‌ده‌ن له ده‌وروبه‌ری شاری دیزفوول بۆ ئه‌وه‌ی بچنه ئه‌و شاره‌وه‌و هێزه‌کانمان زیانی فراوان به دوژمن ده‌گه‌یه‌نن له سه‌ربازو مێره‌کانی‌دا ..

له به‌یاننامه‌ی ٤٨ یش‌دا هاتووه که فرۆکه‌کانی مه‌جووسی‌ی دوژمن شاڵاویان بردووه‌ته سه‌ر ئه‌مانجه مه‌ده‌نی‌و سوپایی‌یه‌کان ئه‌ویش له هه‌وڵدانێکی بێ ئومێدی‌یانه‌دا بۆ ده‌سته‌به‌ر کردنی ئه‌و زیانه گه‌وره‌یه‌ی له هێزه‌کانی ده‌که‌وێت‌و به‌ره‌نگاری‌یه زه‌مینی‌یه‌کانمان به‌ره‌نگاریان بوونه‌ته‌وه‌و ئه‌م زیانه‌یان لێ‌داوه ، له کاتژمێری ٦.٥دا چوونه‌ته سه‌ر شاری موسڵ‌و فرۆکه‌یه‌کیان لێ‌خراوه‌ته خواره‌وه ، له کاتژمێری ٦١٠و ١٠٠٥ و ١.٢٨دا شاڵاویان بردووه‌ته سه‌ر ده‌زگا مه‌ده‌نی‌یه‌کان له شاری سلێمانی‌و توانرا فرۆکه‌یه‌کیان لێ‌بخرێته خواره‌وه ، زیانی ئێمه‌یش ١٧ بربندارو ژماره‌یه‌ك ئۆتۆمبیلی مه‌ده‌نی بوو ، له کاتژمێری ١.٢٥ یش چوونه‌ته سه‌ر ده‌زگا سوپایی‌یه‌کان له به‌سره هیچ زیانێکمان نه‌بووه .

له‌و جه‌نگانه‌ی هێزه‌کانمان دژ به هێزه‌کانی دوژمن له ده‌ورو به‌ری دیزفوول کردیان سه‌ر له به‌یانی‌ی یه‌ك شه‌ممه هێزه به‌ره‌نگاری یه‌کانمان سێ فرۆکه‌ی دوژمنیان له‌سه‌ر زه‌مینی جه‌نگ خسته خواره‌وه .

سه‌ره‌ڕای چوار فرۆکه‌ی تر نیوه‌ڕۆی شه‌ممه‌ی رابوردوو له که‌رتی باشوور خستوویانه‌ته خواره‌وه ، به‌مه‌وه ژماره‌ی ئه‌و فرۆکانه‌ی ئه‌م به‌یانی‌یه - واته یه‌ك شه‌ممه -و ئێواره‌ی دوێنی -شه‌ممه- خراونه‌ته خواره‌وه گه‌یشته ٩ فرۆکه .

له به‌یاننامه‌ی ژماره ٤٩ یش‌دا هاتووه که ئه‌مڕۆ یه‌ك شه‌ممه ٢٨-٩-١٩٨٠ فرۆکه‌کانمان هێرشی دلێرانه‌یان کردووه‌ته سه‌ر هێزو بنکه‌کانی دوژمن به‌م شێوه‌ی خواره‌وه :

١ - لێدانی بنکه‌ی بۆشه‌هرو ده‌ست به‌سه‌ر ئه‌م چه‌کو ته‌قه‌مه‌نی‌یه‌دا بگرن میقدارێکی زۆری ته‌قه‌مه‌نی‌ی تۆپهاوێژ که هه‌ڵده‌گیرێت ،ژماره‌یه‌کی زۆری سه‌ربازبه‌رو ئۆتۆمبیلی هه‌مه‌چه‌شن ، ژماره‌یه‌ك تانك که بۆ به‌کار هێنان ده‌شێن ، بنکه‌یه‌کی ئاسمانی که‌وتووه‌ته دست هێزه‌کانمان له دیزفوول ئێستگه یه‌کی ڕاداری تێدایه ، ده‌ست به‌سه‌رداگرتنی ئه‌م چه‌کانه له جه‌نگی جیاواز جیاوازدا : ١٦ تانکی ساغ ،٥ تۆپهاوێژی ئۆتۆماتیکی ١٧٥ ملم بۆ به‌کارهێنان ده‌شێن ، ١٨ ئۆتۆمبیلی هه‌مه‌چه‌شن ، ٤ ئۆتۆمبیلی زرێپۆش ، ٦ تۆپهاوێژی هامه‌چه‌شن ، ژماره‌یه‌کی زۆری چه‌کی سووك‌و ته‌قه‌مه‌نی ،ئه‌مانه‌یش تێکشکێنراون : ١٠ تانك ، عه‌مباری ته‌قه‌مه‌نی ، ژماره‌یه‌ك ئۆتۆمبیل ، دوژمن ٤٩ کوژراو ژماره‌یه‌کی زۆری به دیل گیراوی هه‌بوو،

زیانی ئێمه‌یش :تێکشکاندنی ٤ ئۆتۆمبیل ، تێکشکانی شه‌ش هاوه‌ن ، سێ شه‌هیدو سی‌وهه‌شت بریندار بوو .

٢ - لێدانی له شکری زرێپۆش‌و ئامێره‌کانی دوژمن‌و عه‌مباری چه‌ك‌و ته‌قه‌مه‌نی‌ی ئبستگه‌ی ڕادار له که‌رتی دیزفوول .

٣ - لێدانی له‌شکری دوژمن له که‌رتی سه‌رپێڵی زه‌هاوو تێکشکاندنیان .

٤ - لێدان‌و زیان پێ‌گه‌یاندنی پارچه سوپایی‌یه‌کانی دوژمن له دهلران .

ڕۆژی دووشه‌ممه‌ی ڕابوردوویش ٢٩-٩-١٩٨٠ سه‌رکردایه‌تی‌ی گشتی‌ی هێزه چه‌کداره‌کان به‌یاننامه‌ی ژماره -٥٠-ی ده‌رکرد که تیایدا هاتووه هێزه چه‌کداره کانمان له سه‌رکه‌وتنه‌کانی‌دا به سه‌ر دوژمن‌دا به‌رده‌وامه له به‌ره‌ی جه‌نگ‌و هێزه‌کانی دوژمن هه‌ر هه‌ڵ دێن ئه‌مه‌یش ئار زیانانه‌یه که دوژمن ڕۆژی ٢٨-٩-١٩٨٠ لێی که‌وتووه

سه‌رنج

به‌پێی ئه‌م ڕۆژگاره ناسکه‌ی ولاته‌که‌مانی پیاتی ده‌به‌ڕێ‌و وه‌ك به‌شداری‌چالاکانه‌ی -هاوکاری- له گێڕانی ده‌وری ڕاگه‌یاندنی شۆڕشگێڕانه‌یدا له جه‌نگی ره‌وامان‌دا دژی ره‌گه‌زپه‌رسته‌کانی ڕژێمی خومه‌ینی ئێستر هاوکاری هه‌فته‌ی دووجارو به چوار لاپه‌ڕه ده‌رده‌چێ به‌هه‌یوای‌ئه‌وه‌ی له‌باری ره‌خساو تردا لاپه‌ڕه‌کانیشی زیاد بێ .

-هاوکاری-

ووته‌ی هاوکاری

هێزه‌کانمان مه‌ردانه داستانی قادسیه صدام ده‌نوسنه‌وه

پاش تێپه‌ڕبوونی چه‌ند ڕۆژێکی که‌م به‌سه‌ر ئه‌و سه‌رکه‌وتنانه‌ی که سوپای نه‌به‌زمان به‌سه‌ر هێزه اه‌ڕێ ده‌رچووه‌کانی فارس‌دا تۆماری کردن ، ئه‌وا گه‌لی مه‌زن‌و سوپای نه‌به‌ردمان به ڕاده‌یه‌کی به‌رزو له جۆره‌ها به‌ره‌ی جه‌نگ‌دا به ووڕه‌ی به‌رزو بیرو باوه‌ڕه‌کانی نیشتمانپه‌روه‌ری ئه‌وه‌یان چه‌سپاند که توانایان هه‌یه ڕوو به ڕووی هه‌موو جه‌نگێکی هه‌ڕه‌شه‌کردن‌و مل‌هوڕێتی ڕابوه‌ستن .

له جێگای به‌هێزی‌و به‌توانایی‌و سه‌رکه‌وتنی مه‌زن‌و به‌وپه‌ڕی به ته‌نگه‌و، هاتنی خوێن نه‌ڕشتن‌و درێژه پێ‌نه‌دانی وێرانکاری‌یه‌وه ئه‌وا ده‌نگی سه‌رۆکی فه‌رمانده پاڵه‌وانی نه‌به‌رد صدام حسین جارێکی تر بڵند بووه‌وه بۆ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌موو جیهان دووپاتی بکاته‌وه که -ئێمه داخوازی‌ی جه‌نگ نیین به‌ڵکو داواکاری ماف‌و خاوه‌ندی به‌یامین -و ئێمه ئه‌وپه‌ڕی ئامادەین کوشتار بووه‌ستێنین ئه‌گه‌ر ئه‌و لایه‌نه‌که‌ی تر وه‌ستاندی له گه‌ڵ ددان‌ان به مافه نیشتمانی‌یه ره‌واکانمان‌دا له (شط)و زه‌مین‌دا .

ئه‌و جه‌نگه‌ی که ئێستا سوپای نه‌به‌ردمان ده‌یکات جه‌نگێکی شکۆمه‌ندانه‌ی گه‌وره‌یه که بۆ ڕزگاری‌ی فه‌له‌ستین ئامادە کراوه‌و ڕێگا به‌ره‌و قودس‌و رام‌الله‌و خه‌لیل پاك ده‌کاته‌وه .

داستانه‌کانی ڕۆژانی ڕابوردووی قادسیه‌ی صه‌دام‌و توانا‌کانی سوپای نه‌به‌ردو گه‌لی تێکۆشه‌رمان‌و سه‌رکردایه‌تی‌یه به‌جه‌رگه‌که‌ی بۆ هه‌موو جیهانیان پێشان‌دا که ئێمه زۆر به ته‌نگی ئامانجه نیشتمانی‌یه‌کانی‌ئه‌وه هه‌ین له پاراستی سنووری ئاویمان له (شط العرب)داو گێڕانه‌وه‌ی زه‌وی‌و زاری داگیرکراومان له لایه‌ن تاقمه ده‌سته‌ڵاتداره بۆگه‌نه‌که‌ی تاران

- هاوکاری -

دەقی تەواوی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

ئەی گەلی مەزن
ئەی جەماوەری سەربەرزی نەتەوەی عەرەب
ئەی سوپای نەبەرد
سلاوتان لێدەکەم سلاوی شکۆمەندی و ڕاستگۆیی و ئەمانەت
سلاوی خەباتی نیشتەانی و نەتەوەیی

ئەوە بوو لە ئەنجوومەنی نیشتمانی دا لە حەفدەی مانگەدا بۆتان دووام و بڕیاری سەرکردایەتی و .. بڕیاری گەلم بۆ شی کردنەوە سەبارەت بە گەڕاندنەوەی مافەکانمان و سەربەخۆیی تەواومان بەسەر خاک و ئاومان دا .

● عیراق چاوی نەبڕیوەتەزەوی و زاری ئێران

لە ووتارەکەمان دا کە تیایدا هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ساڵی ۱۹۷۵مان ڕاگەیاند لەبەر نەو هۆیە ڕەواو واقیعیانەی لە کاتی خۆیدا شیمان کردنەوە .. داوامان لە فەرمانڕەوایانی ئێران کرد وەڵامی دەنگی مافو ئەقل بدەنەوە .. کە داوای پاراستنی پەیوەندییەکانی دۆستایەتی باش دەکات لەگەل عیراق و نەتەوەی عەرەب داو .. دەرچوون و ازهێنان لە هەموو بستێکی زەوی لە خاکی عیراق و نەتەوەی عەرەب داگیریان کردووەو .. بۆ هەموو جیهان دووپاتمان کردەوە کە عیراق هیچ تەماتێکی بە زەوی و زاری ئێران نی یە هەروەها ئێمە نامانەوێت - بەهیچ جۆرێك دژ بە ئێران هەڵگیرسێنین یان بازنەی بەربەرەکانێ کردنی لەگەل فراوان بکەینەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی داکۆکی کردن لە مافەکانو سەربەخۆیمان .. هەروەها دووپاتمان کردەوەو عیراق کە لە پەیوەندییەکانی لەگەل هەموو جیهان دا چەسپاندوویەتی لایەنی شکۆمەندی هەموو پەیمانە مۆرکراوەکانی دەگرێت دبسان چەسپاندوویەتی ئەو بە هیچ چەشنێك لە چەشنەکانی دەستدرێژی و پێشێل کردنی سەربەخۆیی و سەربڵندیی قبوول ناکات و .. گەلی عیراق و .. سوپای عیراق هەردووکیان بەتەواوەتی ئامادەن بچنە نێو هەموو جەنگێکی ئازایانەوە هەر چەندە قوربانی تێدا گرانبایی بێت لە پێناوی پاراستنی شکۆو سەربەخۆیی دا .

بە دەستەڵاتدارەکانی ئێرانیشمان ووت کە عیراق بڕیاری مێژوویی خۆی داسەبارەت بە گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی، تەواوەتی خۆی بەسەر خاک و ئاوی خۆی داو .. ئەو بە بەهێزی و بە توانایی دژ بە هەر کەسێك ڕەفتار دەکات بەرەنگاری ئەم بڕیارە ڕەوایە ببێتەوە

بەڵام فەرمانڕەوایان لە ئێران دا وەڵامی ئەم بانگەوازانەیان نەدایەوەو لەگەل هەڵویستەکەدا بە گیانێکی بە تەنگەوە بووی خوێن نەڕشتن و گەیشتنە چارەسەری یەکی دادپەروەرانەو بەشکۆ بۆ هەردوو لا نەجووڵانەوە .

● شێوازێکی پڕ لە لووت بەرزی

ئەوە بوو بە شێوازێکی پڕ لە لووت بەرزی و ڕق و دەستدرێژی کردن و هەستنەکردن بە لێپرسراوێتی بەرانبەر بەگەلەکانیان و بەرانبەر بە ئاسایش ناوچەکەو ساغی ی جووڵانەوە .. بانگەوازە باش و لێبوردووانەکانیان بە دبارەیەك لە دبارەکانی لاوازی لێك دایەوە .. یان بە ترس لە بەرەو ڕووبوون لێکیان دایەوە نەك بە بەڵگەیەکی بە هێزی و بە توانایی و هەست کردن بە لێپرسراوێتی و بەتەنگەوە هاتنی ئاشتی .

لە جیاتی ئەوەی ئەوانەی جنگیان ناوەتە بینەناقەی گەلانی ئێران هەوڵی چارەسەری ئاشتی یانە بدەن بەسووربوون لە ڕوومان دا دەستان سەبارەت پێشێل کردنی مافەکانمان و بە جەنگ و دەستدرێژی ڕوو بە ڕوومان بونەوە بەوەیش بەخواستی شەڕانیان سوپای ئێرانیان پەنا پێوە نا بەرەو کارەسات کاتێك لێپرسراوە پەیوەندارە عیراقی یەکان دەستیان بە جێبەجێ کردنی سەربەخۆیی کرد بەسەر شط العرب دا ، کە ئەمەیش بەتەواوەتی سروشتی ئاشتی یانەیان هەیە لێپرسراوەکانی ئێران تەقەیان لەو کەشتی یانەی عیراق و بێگانە کرد کە بە ئەوێدا تێدەپەڕین و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستیان لە دەزگا شاری و ئابووری یەکانمان وەشاند لە ناوچەی شط العرب و شاری بەسرەدا .

ئەم ڕەفتارەیش واتای لە کارخستنی کەشتی ڕانی ی نێو دەوڵەتانی دەگەیاند لە شـ العرب دا بەتەواوەتی و بڕینی ڕەگی زیندووی ئابووری ی عیراق لەبەر ئەوەی ئێران بە سەدەها کیلۆمەتر کەناری لەسەر دەریا هەیەو عیراق نییەتی چەند کەلەبەرێکی زۆر کەمی لەسەرهەیە گرنگترنییان (شط العرب)ە .

ئەم بڕیارەی لێپرسراوە ئێرانی یەکان واتای جەنگی دەگەیاندو لە پاش ئەوەیش بواری ئاسمانییان لە نێوان ئێران و وڵاتانانی ناوچەکەدا بەست ئەمەمە ڕەفتارەیش بە ئاشکرا دیسان ئەوەی دەگەیاند کە ئامادەی جەنگن ، بە شاڵاوێکی ئاسمانی بۆ سەر عیراق دەست پێبکەن . هەروەها کۆبوونەوەی لەشکریان لە بەرەو ئەو زانیاری یانەی بەر لە جەنگ و لە نێوانی جەنگ دا دەستمان کەوتن بە بێ هیچ چەندو چۆنی یەك ئەوەیان دووپات کردەوە کە دەستەڵاتدارەکانی ئێران نیازیان وا بوو هێرشی جەنگی بەرنە سەر عیراق .

● عیراق ڕەفتاری لێپرسراوانە دەکات ●

عیراق ئەی برایان .. لێپرسراوانە ڕەفتار دەکات چونکە باوەڕی بە بڕوباوەڕی شکۆمەندی و دادپەروەرانە هەیەو ئەو بەڕی بەتەنگەوە بوونی خوێن نەڕشتن و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ی ئەم ناوچەوەیە لەبەر ئەو بایەخە گەورەیەی کە بە ڕێژەی بەرژەوەندی یە زیندوە ڕەواکانی جیهانەوە هەیەتی .

بەڵام ناکرێت عیراق دەستەوسان بەرانبەر بەم دەستدرێژکردنەدووبارە بووەوەی دەستەڵاتدارەکانی ئێران ڕابوەستێت کە هیچ هەست بە لێپرسراوێتی ناکەن و تینووی وێرانکاری و ڕووخاندن و خوێنن و گوێ بە ئاسایشی و وڵاتەکەیان و چارەنووسی گەلەکانیان و ئاسایش و سەقامگیری ی ناوچەکەو .. بەرژەوەندی یە ڕەواکانی جیهان نادەن .

● بۆ داکۆکی کردن لەشەرەفی عیراق و سەربەخۆیی ●

بۆ داکۆکی کردن لە شەرەفی عیراق و سەربەخۆیی و بەرژەوەندی یە زیندووەکانی دەبوو کاری پێویست ئەنجام بدرێت بۆ بەر پەر چەندانەوەی دەستدرێژی کەران کە لە نەزانین و بێ گوێی و ڕقی ڕەشیان دا خنکاون .. دەبوو شمشێری عیراقی و شمشێری عەرەبی .. شمشێری عەلی و .. خالدو .. سەعدو .. قەعقاع بەرز بکرێتەوە .. بۆ ئەوەی لەم تاقمە ستەمکارە بدات و دەرسێکی مێژوویی نوێیان پێدابدات .. نەبەردی قادسیەی تێدا بگێرێتەوە کە لووت بەرزی ی کیسرای تێکشکاندو ئاڵای ئیسلامی زۆر بڵند کردەوە لە قەڵەمڕەوەکانی ناوچەکەداو بە سەر دیاردەکانی کفرو دەستدرێژی و نەزانین دا سەرکەوت .

وەك ئەوەی لە زەین القوس و لە سیف سەعد کردمان .. ئەوا ئێمە کوتوپڕی نەچووینە سەر دوژمن ئەگەر چی کوتوپڕی کارێکی ڕەوایە لە کارەکانی جەنگ سەبارەت بەرەو ڕوو وەستانی دەستدرێژی کردن بەڵکوو بە ئاکاری بەرزو لێپرسراوێتی ی توندو تیژ ڕەفتاری کرد ئەوە بوو ئاگادارمان و ووریامان کردنەوە بەر لەوەی دەست بووەشێنین .. کاتێکیش ووریاکردنەوەو ئاگادارکردنەوە سوودیان نەبوو فەرمانمان بە سوپای ئازامان دا بەرەنگاری ئەم تاقمە .. میراتگرانی کیسراو .. مەجووسی یەکانی سەدەی بیستەم ببنەوە .. بۆ ئەوەی بە توندی بیانڕەتێنن .

ئەی عیراقی یە نەبەردەکان و ئەی عەرەبە ئاراکان لە هەموو شوێنێك هەن ئەمەیش ئەو کارە بوو کە هێزە چەکدارەکانتان ئەنجامیان دا .

ئەوە بوو هێزەکانمان بەرەنگاری دوژمن بوونەوە وەکوو چۆن زوڵفەقار .. شمشێری حەزرەتی علی کوڕی ابو طالب بەرەنگاری کافرەکان بووەوە لە جەنگە نەمرەکانی موسوڵمانەکان دا .

● شمشێری بە شەرەفی عیراقی بۆپێشەوە دەڕوات ●

لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا لە دەست پێ کردنی جەنگەوە لە زەوی و ئاسمان و دەریادا شمشێری بە شەرەفی عیراقی بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت پشتی بە گیانی نەتەوەو پە یامو مێژووە مەزنەکەی بەستبوو .. بە باوەڕو ئازایەتی و توانایی یەوە داستانەکانی بەدرو قادسیەو یەرموك و حطینی دووبارە دەکردەوە .

ئەوە بوو هێزە نەبەزەکانی ئاسمانیمان هێرشیان بردە سەر بنکەکانی تاقمە مەجووسی یەکەو زیانی گەورەی پێ گەیاندن و .. لەدەریاشدا هێزە بەجەرگەکانمان بەرەنگاری هێزە دەریایی یەکانی دوژمن بوونەوە کە هەمیشە شانازی یان بەهێزی و دەستی بالایان دەکردو دەیانگوت لە ڕووی دا ناوەستێرێت و توانیبیان توانای شل بکەن و بیانڕەتێنن .

لە زەمینیش دا هێزە نەبەزەکانمان لە هەموو جۆرە چەکێك بەرەو ئامانجە نەخشە بۆ کێشراوەکانیان چوون و لە ماوەی ڕۆژانی ڕابوردوودا لە سەر لە بەیانی ی دووشەممە ی ۲۲ی ئەیلوول تاکوو ئەمڕۆ .. بە ئازایەتی و لێهاتوویی و خێراو بە توانایی ئەم ئەرکانەیان جێبەجێ کرد :

● هێزەکانمان لەسەر ئەو ئامانجانە ڕاوەستاون کە بۆیان دیاری کراون ●

ئێستا هێزەکانمان لە سەر ئەو ئامانجانە ڕاوەستاون کە بۆیان دیاری کراون لە قەسری شیرین و میهران و سەرپێڵی زەهاوو .

برایان .. هەروەها هێزەکانمان .. لەسەر خاکی ئەهوازو .. لە شاری محەمرەو دیزفوول و ژمارەیەکی تری شارانی دیکە لە بەرەی جەنگ ڕاوەستاون .

● واتای سەربەرزی و مەردایەتی و لێبوردن ●

برایان ..

خوا لە کتێبی پیرۆزی خۆی دا واتای سەربەرزی و مەردایەتی و لێبوردنی فێرکردووین .. دیارترین سیفاتی عەرەبیش (لێبوردنە لە کاتی دەستڕۆیشتن دا، خودایش لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی (وان جنحوا للسلم فاجنح لها) ئێمەیش لەسەر ئەم ئاکارانە پەروەردە کراوین لە سایەی بیروباوەڕی حزبە تێکۆشەرەکەمان و شۆڕشی مەزنی تەمووزدا .

ئەو تاقمە دەستدرێژی کەرە فەرمانڕەوایە لە تاران بەلای ئاشتی دا نەچوون و هێشتاکە دەهۆڵی دڕاوی جەنگ لێ دەدەن بەڵام ئێمە مانان کوڕەزایانی عەلی و حوسەین و خالدو سەعد بۆیان دەچەسپێنین .. وەکوو چۆن بەر لە چوارده سەدە بۆمان چەسپاندن کە ئێمە داخوازی ی جەنگ نیین بەڵکوو داواکاری مافو خاوەندی پەبامین .

● بانگەوازێکی دڵسۆزانە ●

لەبەر ئەوە برایان .. لە شوێنی سەرکەوتنی مەزنەوە بەسەر تاقمی لە ڕێ دەرچووی تاران لە کوڕەزایانی کیسراو ڕۆسەم .

لە بەردەمی ئێوەو لە بەردەمی جیهان هەموودا ڕای دەگەیەنین کە عیراق ئامادەیە جەنگ ڕابگرێت بەگەر لایەنی تر پشتگیری ی لەم بانگەوازە دڵسۆزە کرد لە ڕێگای ددان پێدانانی مافە ڕەواکانمانەوە هەروەها ئێمە ئامادەین لەگەل لایەنی ئێرانی ڕاستەوخۆ بکەوینە گفتوگۆوەیان بەهۆی لایەنی سێهەمەوە .. یان هەر لایەنێك یان ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتان ڕێزی دەگرین و باوەڕی پێدەکەین .. بۆ گەیشتن بە چارەسەرکردنێکی دادپەروەرانەو سەربەرزی یانە کە مافەکانو سەربەخوییمان دابین بکات .

ئێمە مەرجی نارەوانانەی ناسەپێنین .

ئێمە لەوانەنین کە لە خۆبان بایی دەبین و سەرکەوتن سواری ملیان دەبێتو مەرجی نارەوا دەسەپێنن بەسەر ئەوانی ترەوە هەتا ئەگەر ئەوان دەست درێژکەرو خاوەن مەرامی پوخڵ بن .. ئێمە مەرجی نارەوا ناسەپێنین و هیچ تەماحێکیشمان نی یە ، ئێمە بیروڕای ئاشکراو نەمر .. بیروڕای حەق و چاکەو ئاشتی بەرانبەر گەلانی ئێران و دەوڵەتانی ناوچەکەو .. نەتەوەی عەرەب و هەموو جیهاندا دەخەینە ڕوو .

ئەوەی داوای دەکەین ئەوەیە کە حکومەتی ئێران بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕوون و یاسایانە ددان بە مافە مێژوویە ڕەواکانی عیراق بنێت لە خاك و ئاوەکەیداو ئیلتیزامی بە سیاسەتی چاکەی دراوسێتی هەبێتو واز لە لایەنی ڕەگەز پەرستێتی و دوژمنایەتی یە فراوانەکانی و هەڵوێستەکانی لەدەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی ناوچەکە بێنێتو هەموو بستە خاکێك کە خاکی نیشتمانەو داگیری کردوە بداتەوەو لە سەربەتی بەو جۆرە سەبری مافی خۆی و عەرەب و عیراقی یەکان بکاتو ڕیژی یاساو وەعدو پەیمانە دەوڵەتی یەکان بگرێت .

ئێمە هەروەکو لە ڕابردوودا ووتوومانە ئێران و گەلانی ئێران بە دوژمنی عیراق و نەتەوەی عەرەب و نەزانیوە .. بەڵکو هەمیشە حەزمان کردوە کە دۆستو دراوسێ بین و بە ئاشتی یانە بژین .. بەڵام گەلانی ئێران تا ئێستا حکومەتێکی دڵسۆزانەو عاقلیان بۆهەڵنە کەوتووە کە لەو ڕێبازە چاکە تێبکات و تووشی فەرمانڕەوای وا هاتوە کە لە فراوانی و دوژمنایەتی و هەڕەشەکردنەوە زیاتر هیچ غەمێکی دیکەیان نەبێت .

ئێمە هیوادارین کە گەلانی ئێران لەو مەینەتەی کەتووشی بوەو تاقمێکی نیاز خراپ دەستی بەسەرا گرتوون و ئەو کارەساتانەی بۆ ئێران و سوپای ئێرانیان هێنا ڕزگاری بێت .

• هیوامان وابوو کە بارو دۆخێکی واهەڵبکەوێت لە ژێر سایەی دۆستایەتی و دراوسێتی و ڕیزگرتنی یەکتری لەگەل گەلانی ئێراندا بژین . ئەمانەن ئەو بیرەڕایانەی کە دەمانەوێت بیان سەپێنین و ئێمە داوای ئاشتی و نەڕشتنی خوێن دەکەین .

هەروەها ئێمە داوا لە حکومەتی ئێران دەکەین کە واز لە داگیرکردنی سێ دورگەی عەرەب لە خەلیجی عەرەبی بەوە ابو موسی طنب الکبری ، طنب الصغری بێنێت کە کاتی خۆیداشا بە هێزداگیری کردبوونو تاقمە فەرمانڕەواکەی ئێران تائێستا لە داگیر کردنی یەوە بەردەوامە .
براینە ئێمە ئامادەین هەموو جۆرە شەرێك ڕابگرین ئەگەر لایەنی دیکە ئیلتزامی پێوە کردو بەپێی ئەو بۆچوونانە ئێمە ئێران ئاگادار دەکەینەوە کە سوپا نەبەزەکەمان لە شوێنی بە هێزو توانستەوەو بە شێوەیەکی توندوتیژو دڕندانە بەرپەرچی هەموو هەوڵدانێکی دەسەڵاتدارێتی ئێران دەداتەوە ئەگەر لەسەر دستدرێژی و شەڕانی ی خۆی بەردەوام بێت .

ئێمە بۆ گەلانی ئێران دووپات دەکەینەوە کە نیازمان دەستدرێژی کردنە سەرمافەکانی یاخود تەماعی خاکەکەی و ئیهانە کردنی گەلەکەی و سوپاکەی نەبوو .. بەڵکو ناچاری شەڕ بووین لەبەر کردەوەکانی تاقمە پۆخڵەکە کە دەستی بەسەر ئێرانەوە گرتووەو بەرەزامەندی خۆمانەوە شەرمان قبوول کرد بۆ بەرگری کردن لە دەسەڵات و حەق و کەرامەتی گەلمانو .. مافە داگیرکراوەکانی نەتەوەکەمانەو مەبەستیشمان ئەو بوو بگاتە شێوازێك لە پەیوەندی نێوان عیراق و نەتەوەی عەرەب لە لایەکەوەو ئێران لە لایەکی ترەوە کە حەق و دەسەڵات و ئاسایش و کەرامەتی هەردووکمانەوە مسۆگەر بکات .

ئەو تاقمە بۆ گەنەو .. دواکەوتووەو لە خۆبایی بووە بێ دینە کە دەستی خستووتە بینە قاقای گەلانی ئێران بەرپرسیارە لەو شەڕەو ئاوە کە گەلانی ئێران و سوپای ئێران تووشی ئەو شەڕ دۆڕاوەیان کرد . ئەگەر هاتوو ئەم تاقمەیە کە بەرجاوی لێل بووەو لە خۆبایی بوون کوێری کردوەو لە دوا ڕۆژی حوکمە لاوازو بێ هێزەکەی دەترسن . ئەگەر هاتوو ئەو بانگهێشتنە دڵسۆزانەمان بۆ ڕاگرتنی شەر ڕەتیان کردەوە ئەمەجارێکی بە ڕوونی دووپاتی ئەوە دەکاتەوەکە ئاسایش و ڕەواکانی .وەسەربەخۆیی و مافی گەلانی ئێران دەخاتە مەترسی یەوەو مافە عیراق و نەتەوەی عەرەبو ژیان لەگەلیدا بەپێی ئەو بیروڕایە شەریفانە کەدەستمان بۆ گێشارەفزی دەکات و

Institut Kurde de Paris

دەقی تەواوی وتارەکەی سەروکی فەرماندە صدام حسین

دەبەوێت وەکو رابردوو ردفتار بکات .

بەرانبەر بە هەڵوێستی ئاوەهاش لەسەر گەلانی ئێران پێویستە کە هەست بە بەرپرسیاری خۆی بکات هەوڵبدات بۆ رزگاربوون لەو تاقمەو لێرەدا عیراق-گەلو سەرکردایەتی-دەستیدەخاتە ناو دەستیان بۆ ئەوەی لەو کارەساتانەی کە تووشیان هاتووەو **ژیانی تێکداون رزگاری ببێتو ژیانێکی سەربەستو** خۆش لەگەڵ دراوسێکانیا بەسەربات .

ئێمە بە شانازی‌یەوە سڵاو لەگەلی عەرەبی لە عەرەبستانو گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو دۆستەکانمان لە فارسەکانەوە کە ئاشتی‌خوازنو هەموو گەلە دۆستەکانی ئیرانەوە دەکەین .

براینە ..

چەندەها ساڵ بوو ناوچەکەمان لە ژێر سایەی هەڕەشاو گوڕەشەو دەستدرێژیو ئاژاوەولە ژێر سایەی ترسو تەنگوچەڵەمەو تەقینەوە دەژیاو رژێمی پێشووی ئیران دەورێکی دوژمنانەی پڕ مەترسیانەی لە ناوچەکەدا دەگێڕاو .. بە پشتیوانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمی جیهانیو بە هەڵبژاردنی خۆی دەوری پۆلیسی لە ناوچەکەدا دەبینیو .. دەستی‌دایە دامەزرندانی‌هێزێکی‌گەورەی سوپایی کە گەلێك لە تواناو پێویستی‌ی ئیران گەورەتربوو . هەروەها رژێمی پێشوو دەستی‌دایە چاندنی بە کرێگیراوان لەناو دەوڵەتانی ناوچەکەداو بە شێوازی هەڕەشەو گوڕەشەو بەکارهێنانی هێز دژی عیراقو نەتەوەی عەرەب رەفتاری‌کرد بەو جۆرە سێ دورگەکەی خەلیجی عەرەبی داگیر کرد لە پێناوی دەستگرتن بەسەر هاتووچۆی دەریاییو دانانی لە ژێر خزمەتی چاوچنۆکی خۆیو پیلانەکانی ئیمپریالیەتەوە .

ئێمە بەزیرەکیو توندرتیژی رووبەرووی ئەو سیاسەتو هەڵوێستانە بووینو ئەو شێوازەمان لە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ناوچەکە رەت‌کردەوەو داوامان‌کرد کە بیرورای تەواوی سەربەخۆی لە ناوچەکەدا بەکاربهێنرێتو ئینتیزام بە گیانی هاریکاری لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا بکرێتو دەست لە چاوچنۆکیو پیلانەکانی دەزگاکانی ئیمپریالیزم هەڵیگیرێت کە بۆ ئەو ناوچەیە دایانناوە .

کاتێکیش کە رژێمە تازەکە هات هیوامان وابوو کە واز لە . سیاسەتی دەستدرێژیو هەڵوێستە پیسانەبێنێت ، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو رژێمە تازەکەش لەسەرهەمان شێوەی رژێمی پێشوو رەفتاری‌کرد هەرچەندە ئەم سیاسەتەکەی بە هەندەی داواکاری درۆزنانەوە پێچابووی‌و هەندێ کەس لەبەر هەڵپەرستیو تاکتیکو بۆ وەدەست هێنانی چەند دەسکەوتێك کە لەگەڵ بەرژەوندی بەرزی نەتەوە ناگونجێت پرۆپاگەندەیان بۆ دەکرد .

فەرمانڕەوا تازەکانی ئیران ئەوانیش دیسان خۆیان بەستەوە بەلافو گزافەکانی شا کە گوایە خەلیج فارسی‌یەو ئەو سێ دورگانەی کە داگیری کردبوو هەر لە ژێر داگیرکردنی خۆیانەوە هێشتەوەو دەستیان‌کرد بە فشەمشەو قسەی وا کە گوایە عیراقو چەند بەشێکی لە ناوچەکەدا فارسی‌یەو قسەکانی شایان تازەکردەوە کە بەحرێن بەشێکە لە ئیرانو دەستیان‌کرد بە هاندانی جالیەی فارسی بۆ ئاژاوەنانەوە لە خەلیجی عەرەبی‌دا وەك دەستپێشکەریەك بۆ قووتدانی وڵاتەکان یەك لە دوای یەکدا .

چەندەها ساڵبوو ناوچەکە لەو بارودۆخەدا دەژیاو هێزە چاوچنۆکەکانی دەوڵەتان ئەمایە بەهەڵزانیو کەوتنە خۆئامادەکردنو پرۆپاگندەکردن بۆ دەست تێوەردان لە کاروباری ناوچەکەداو دامەزراندنی بنکەی سوپاییو دەستگرتن بەسەر سامانی ناوچەکەوە بۆ خزمەت‌کردنی بەرژەوندی‌یە دەستدرێژی‌یە چەوسێنەرەکانی‌یەوە .

رژێمە پێشووەکەیو ئێستای ئیران بەرپرسیاری سەرەکین لە خوڵقاندنی ئەم بارودۆخەی کە هەڕەشەی لە سەربەستیو سەربەخۆیی دەوڵەتەکانی ناوچەکەو ئاسایشو هێمنی دەکاتو لەهەمان کاتدا هەڕەشە لە بەرژەوندی‌یە رەواکانی دەوڵەتان دەکاتو دەرگای لە بەردەم دەست تێوەردانی ئیمپریالیەت کردەوە .

ئەو شەڕەی کە لەگەڵ رژێمی ئیرانمان کرد هەرچەندە لە بنەڕەتەوە شەڕبوو لە پێناوی بەرگری کردن لە شەرەفی وولاتەکەمانو سەربەخۆیی‌و مافە مێژووە چەسپاوەکانیو بەرژەوەندی یەرەوا زیندووەکانی بەڵام لەهەمان کاتدا شەڕێکی دابڕبوو لە پێناوی عەرەبیەتی خەلیجو هاڵیپێوەنانێك بوو بە چاوچنۆکی فراوانی فارسو سەربەستری تەواوی لە دەست تێوەردانی هێزەکانی دەوڵەتانو شەڕێك‌بوو لە پێناوی مسۆگەرکردنی ئاسایشو هێمنی لە ناوچەکەداو فورسەتدان بۆ ئەوەی پەرەبسێنێت بە پێی بۆچوونی رۆڵەکانیو بە جۆرێکی وا کە لە هەموو جۆرە دەستتێوەردانێکی دەرەوەو چاوچنۆکی دەرەوە دووربێت .

بانگ کردن بۆ بەرهەمهێنانی سەرکەوتن

ئێمە لە ناوچەکەدا داوا لە وڵاتە عەرەکانی برامان ئەکەین بۆ بەرهەمهێنانی سەرکەوتن لەم شەڕەدا کەوا عیراق لە جیاتی نەتەوەی عەرەبو نەوەکانی کەباری عەرەب ئەیکات لە پێناوی بتەو کردنی سەربەخۆیی‌و دەر کردنی هەر جۆرێك نفوزی بێگانە هەبەو دانانی بەستێك بۆ هاتنە ناوەوەی بێگانە کە مەبەستی گۆڕانی پێناسی نەتەوەیی‌یە هەروەها داوای هاوکاری کاری هاوکێیان لێ ئەکەین بەگوێرەی ئەو بیروباوەڕە نەتەوایەتیانەی کە لە بەیاننامەی نەتەوەیی‌دا لە هەشتی شوباتی ١٩٨٠ دا دەستنیشانمان کردوون . ئەم بیروباوەڕانەش مسۆگەر کردنی راستی سەربەخۆیی‌و ئاسایشن لەم ناوچەیەو لە هەموو نیشتمانی عەرەب‌داو هەموو سیاسەتێك‌و تەقەللایەك بێ ئەو .. چاوپۆشیە لەو زیانەی کە بە سەربەخۆیی ولاتانی کەناری عەرەب ئەگات‌و دانانی ئەو دەرگاو رێ‌رەوانەیەتی بۆ قازانجی ئیمپریالیەت‌و هێزە چەپەڵەکان .

ئاگاداری دەست بەسەرا گرتنی هەڵسوێست ئەکەین.

ئێمە ئاگاداری هەموو دەوڵەتێکی بێگانە ئەکەین کە تەقەللای دەست بەسەرا گرتنی هەڵوێست ئەدات بۆ دەست تێوەردانی کاروباری ناوچەکەو دەری ئەبڕین کە وڵاتانی ناوچەکە توانای پاراستنی خۆیان‌و مسۆگەر کردنی سەربەستی پاپۆڕەوانی خۆی‌و دابین کردنی قازانجی رەوای هەموو دەوڵەتانی جیهانی هەیە .

هیوامان وایە کە رژێمی ئیران کەلکی لەم وانەیە وەرگرتبێو دەستی هاوکاری بۆ وڵاتانی ناوچەکە بەم رێ‌رەوا سەربەخۆ ساغەدا رابکێشێو بەم شێوەیە نەتوانێ قازانجی رەوا بۆ خۆی مسۆگەر بکاتو ئاسایشو ئارامی خۆی محکەم بکاتو ئەمەش دوری ئەخاتەوە لە سیاسەتی دوژمنانەو مەترسیانەی کە زیانو وێرانی ئەبێ هیچ ناهێنێتە بەر .

برایان

کە شەڕ لەنێوان ئێمەو رژێمی ئیراندا دەستی پێ‌کرد شتێکی ئاسایی‌یە کە زۆر وڵاتی جیهان سەبارەت بە تەشەنەسەندنی ئەم زۆرانبازی‌یە تووشی نارحەتی بوون .. بەپێوەندیمان زۆر لە گەڵ وڵاتانی دۆستدا کرد بۆ شی کردنەوەی هەڵوێستمانو دەستنیشان کردنی ئامانجمان لەو شەڕەداو بۆمان دووپات کردنەوە کە مەبەستمان باشەو دەستمان نا بەرووی سیاسەتی هێزو تەماعی زەوی ناخۆوە ... بەشی زۆری کۆمەڵگەی دەوڵەتان هەڵوێستە عادلو سەنگینەکەمان تێگەیشتنو . ئێمەش تەقدیری ئەم هەڵوێستە لێپرسراوانە ئەکەین هەروەك چۆن دەست پێشکەری دەوڵەتە ئیسلامەکانو دۆستەکانو رێکخراوە ناوچەیی‌یەکان ئەنرخێنین کە داوای وەستانی کوشتارو پەنابردنە بەر گفت‌وگۆو رێککەوتنیان کرد بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفت‌و تەخت کردنی ناکۆکی بە شێوەیەکی عادیلانە .. ئێمە هەڵوێستی پێویست‌و لێپرسراوەیی خۆمان لەم دەستپێشکەری‌یانەوە - گرت‌و دووپاتیشی ئەکەینەوە کە عیراق چی لە دەستبێ بەکاری ئەهێنی بۆ سەرکەوتنی ئەم دەستپێشکەری‌یانەو گەیشتن بە رێککەوتنێکی ساغی ئەو زۆرانبازی‌یە لە سەر بنەڕەتێکی عادیلانە هەر وەك پەنجەمان بۆ کێشا .

● **باوەڕێکی قول .**

برایان ...

ئەی جەماوەری نەتەوەی عەرەبی مەزن ..

کە عیراق ئەم شەڕە شەرەف مەندانە نارایانەیەی کرد باوەڕی قولی بەوە هەبوو کە بەرگری لە رێزی نەتەوەی عەرەب‌و شەرەفو مافەکانی دەکا ، خاکی عیراق‌و ئاوی عیراق بەشێکە لە رێزی عەرەب‌و شەرەفی عەرەب‌و عیراق بالی رۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبیەو ئەوەی هەڕەشە لە رێزی عیراق دەکا هەڕەشە لە هەموو رێزی نەتەوەی عەرەب دەکا . ئەوەی بەشێك لە نیشتمانی عەرەب ، لە رۆژهەڵاتی یان رۆژئاوای یان ناوجەرگەی یان هەر بەشێکی تر لە بەشەکانی داگیر بکا ئەوە دوژمنەو دەبێ بەرپەرچ بدرێتەوەو خاك رزگار کرێ لە ژێر دەستیو جیاوازی لە نێوان داگیر کەرێك‌و یەکێکی تردا نیە .

● **جەماوەری عەرەب لە گەڵ حەق‌و شەرەف‌و پیاوەتیدایە ..**

هەندێ لایەن کە دڵیان کرمی نەخۆشی تێ‌داوەو لە بەهای نەتەوەیی دور کەوتۆتەوەو لە گەڵ باری خۆ هەڵواسینیو هەڵبازی‌دا دەژی‌و لە کۆرێکی پیسدا هەڵس‌وکەوت دەکاو رێزو سوودی بەرزی نەتەوەیی کردوە بە کاغەزی یاری کردن چی لە رووی گرەوکاری هەرزان لە ناو وڵاتەکانیان یان لە بەدی هێنانی سوودی بێ‌نرخدا بۆ خویان ، ئەو لایەنانە هەوڵی شێواندنی هەڵوێستی عیراقیان لەم شەڕەدا داو هەوڵیان دا هەڵوێستی نێوان عەرەبی دەست دەست درێژ کراوە سەر وبێگانەی دەست دریژی کەر وەك یەك سەیر بکەنو بۆ ئەمەش لێك‌دانەوەی درۆو بیانوی نابەجێیان دەهێنایەوە کە هیچ پەیوەندیان بە بەهای نەتەوەیی‌یەوە نیە ، ئێمە بەوانە دەڵێین : ئێوە نوێنەرایەتی نەتەوەی عەرەب ناکەنو نوێنەرایەتی مێژووی پیرۆزی‌و دەستەڵاتی مەزنی لە رزگاری‌دا ناکەنو نوێنەرایەتی شەرەفمەندی‌و سەربەرزی‌و رێزی ناکەنو نوێنەرایەتی جەماوەری عەرەب لە گەڵ حەق‌و شەرەفو پیاوەتیدایە ، نەك لە گەڵ هەڵبازی‌و ترسنوك‌و ئەوانەی بازرگانی بەسوودی نەتەوەوە دەکەن .

● **هەڵوێستی نەتەوەیی شەرەفمەندی ..**

هەندێ برایانی لێپرسراوی عەرەب شان‌بەشانمان وەستانی نەتەوەیی‌و شەرەفمەندی وەستانو هەندێکی تریان ئەو هەڵوێستە شێواوو گەندەڵەیان هەبوو ، هوندیکی تریان بێ‌دەنگیان بە باش‌زانی ، ئێمە بە شانازی‌یەوە هەڵوێستی ئەوانە رێز دەگرین کە شان‌بەشانی براکانیان لە شەڕی شەرەف‌و رزگاری‌دا وەستانو گلەیی لەوانە ناکەین هەڵوێستی بێ‌دەنگ وەستانو هەڵسەنگاندنی ئەو هەڵوێستەیان جێ‌دەهێڵین بۆ جەماوەری نەتەوەی عەرەب لە وڵاتەکانیان .

دیسان ئێمە لە بەردەم ئێوەو نەتەوەی عەرەبدا دەمانەوێ ئاشکرای بکەین ، هەندێ هەوڵمان رەفز کرد کە هەندی لێپرسراوی عەرەب بۆ ناو براو بە ناوبژی کاری نێوان ئێمەو ئێران دایان ئەمەمان رەفز نەکرد لەبەر ئەوەی رێزیان ناگرینو رەفزیشمان نەکرد لەبەر لە خۆبایی بوون ، بەڵام لەبەر ئەوەی وای بۆ دەچین کاتێ رێزی یەکێك لە وڵاتە عەرەبەکان دەکەوێتە بەر دەست دربژی لە لایەن لایەکی بێگانەوە هەرچۆنی بێو کە خوێنی عەرەب دەرژی بۆ بەرگری لە شەرەف‌و رێزی عەرەب ناگونجێ عەرەب هەڵوێستی ناوبژی‌کار بوەستێ ، ئەگەر ئەو پشتی براکەی ناگری لە شەڕی بەکاردا لە سەریەتی بێ‌دەنگ‌بێو ئەمەش ناگاتە بڵەی بێ‌هیز ترین ناوەڕ .

● **گەل .. پاشە کەوتی بەر دەستە ..**

برایان :

لە وتارەکەی ١٧ ی ئەیلولدا وتمان ، بە شەرەف-مەندانی رۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبمان وت ، پاشە کەوتی ئەساسی بەردەستو ئاشکرا کە بەرەبەستی نەخشەی بە کری‌گیراو ئومان لێ‌کراوەکانمان لە ئێران پێ کردو هەر بەوە رووبەرووی هەموو نەخشەیەکی دوژمنایەتی کاری ئیستعمارو زایۆنی‌و رەگەزپەرستی پێ دەبینەوە گەلی عیراقی مەزنە بە گیانی راستی‌و ئامادەیی بێ سنووریەوە بۆ قوربانی دانو تەقەللاو خۆ بە ستنەوەی بەهیزی بە مافی رەوایەوەو متمانە کردنی بە نەرێت‌و میژووی مەزنی‌و میژووی نەتەوەی عەرەبی پیرۆزو سەربەرزی مەزنی عیراق ، سوپای عیراقی ئازایە کە لەو گیانەوە هوڵقوڵاوەو لە گەڵ باوەڕی شۆڕشدا دەژی‌و لە ژیانو شەری میژووی رووناك‌و مێژووی پیرۆزی عیراقدا خۆی دەنوێنێ .

پاشەکەوتی بەردەست‌و پارێزراوو زانراو ئێوەن‌و هەموو عیراقیەکی شەریف‌و ئازا لە ئەفسەرو سەربازەکانی سوپاو رۆڵەکانی گەل پیاوو ئافرەت‌و پیرو منداڵ ، ئەو گیانە شەریفە عەرەبیەیە کە خەبات دەکا دژی دوژمنایەتی‌و داگیرکاری‌و چەوساندنەوەو کلکایەتی‌و ئەوانەی نایانەوێ مل‌کەچی داگیرکاری فارسی قین لە دڵ بنو هەروەك ئازایانە رەفزی داگیرکاری ناڕەواو زایۆنی دەکەن لە فەلەستینو بەشەکانی عربی وڵاتی عەرەب .

بەڵێ ، برایان ، ئەمەیە ئەو پاشەکەوتەی رووبەرووی دوژمنمان کردەوەو پاشەکەوتی تەقینەوەو وزەی مەزن بوو کاتی شەڕ دەستی پێ‌کردو لە ماوەی تۆماری پاڵەوانانەی پیرۆزدا جەنگاوەرە ئازاکانمان لە سەر خاك‌و لە ئاسمان‌و لە دەریا بەراستی سەلماندیان رۆڵەی نەتەوەی عەرەبی ئازان‌و سەلماندیان نەوەی ئەو مەزنانەن کە بە سەر گوناهباراندا زال بوون‌و ئالای پەیامی پیرۆزیان بەرز کردەوە ، نەوەکانی علی‌و عمرو حسین‌و خالدو سعدو قعقاع .

● **گوشتاری ئازایانەی باڵا**

پیاوە ئازاکانمان رۆڵەکانی هیزە چەکدارەکان ، کوشتارێکی ئازایانەی باڵایان کردو سەلماندیان بە تواناوە کە ئەهلی هەڵگرتنی چەکسی شەرەف‌و ئالای سەرکەوتنو شانازی ئەوەیان بەسە کە زایۆنی دوژمن نەی‌توانی ترسی خۆی بەرامبەر بە هێزی‌و بە توانایان بشارێتەوەو دەسیان کرد بەهاوارو وریا کردنەوەو ترسیان لێ‌نیشت‌و ئاشکرایان کرد کە دەستی یارمەتی بۆ فارسی مەجوسی دریژ دەکەن بۆ رزگار کردنیان لەو نوشستیەی تووشی بوون لە گەل ئەم هەڵویستە نارەوایەی زایونی‌داو هەوڵی بۆ ئیستغلالی هەڵویستەکەی عیراقی بەهیزو خۆشەویست‌و سوپا ئازاکەی سەرکەوتنی باڵایان بە دەست هیناو سەرکەوتنی ئەواویش پشت بەخوا دەست دەخەن . ئەمەش ئەی برایان شەرەفێکی گەورەیە بۆ سوپای عیراق کە وامان ئامادە کردەوەو پشت بەخوا وای ئامادە دەکەین بۆ رزگاری فەلەستین‌و ئەوانەی لە زین‌القوس‌و سیف سعدو محمرەو لە ئەحواز شەڕیان دەکرد رێگایان بۆ قدس‌و رام‌اللەو خلیل‌و یافا خۆش دەکرد .

● **خوا لە شەهیدەکان خۆش‌بێ ..**

خوا سەرکەوتوتان کات هاوڕێیانی بیروباوەڕو چەك ، ئەی ئەفسەرو سەربازە ئازاکان ، پیرۆزبێ وزەی بە تواناتان‌و رەحمی خوا بۆ شەهیدان ئەوانەی لە شەڕی شەرەف‌و رێزدا کەوتن‌و ئەوانەی خوای مەزن لە کتێبی پیرۆزیا دەربارەیان دەفەرموی (لیسوا امواتا بل احیاء عند ربهم برزقون) گەلەکەمان بە شانازیەوە بیریان دەکات‌و ناویان دەبێتە رووناکی رێگا ، خوێنی پاکیان رووناکی رێگای رزگای فەلەستین‌و هەموو خاکە داگیر کراوەکانی نەتەوەی عەرەب دەبێ .

● **سڵاو لە شێرەکانی ئەرزو جەسورەکانی ئاسمان‌و پیاوە ئازاکانی دەریا**

سڵاو لە شێرەکانی ئەرزو سڵاو لە جەسورەکانی ئاسمانیو سڵاو لە پیاوە ئازاکانی دەریا ، سوپاسیان دەکەین ، سوپاس بۆ برایان ، سەری وڵاتەکەتان بەرز کردەوە ، سەری نەتەوەتان بەرز کردەوەو وەفایی بەئێنتان سەلماندو بە ئەمانەتەوە ئەرکتان بە جێ‌هینا .

بە دڵنیابیەوە گیانی علی بن ابی طالبو فاروقو سعد بن ابی وقاصو قعقاع لە گەلتانا بوونو هەستیان بە شانازی دەکرد بەرامبەر بەوەی نەوەکانیان بۆ بەرگری لە حەقو خێر دەیان کردو پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانتان دەکەنو لە خوا دەخوازن سەرکەوتنی تەواو دەست خەن .

● **لە رادەی بەرپرسیاریدا ..**

لە کاتی شەڕدا ، جەماوەری گەلەکەمان سەلماندیان کە لە رادەی بەرپرسیاریدانو لە رادەی بەرگەگرتنی لێپرسینەوەی کەورەدان بە توانا‌و لێ‌هاتوییەوەو بە دان بەخۆدا گرتنو بەردەوامی بەراستی لە بەرگە گرتنداو بەدی‌هێنانی ئەرکدا .

لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، سوپاس بۆ ئەو پیاوە ئازایانەی پێداویستەکانی بەرگریان زامن کرد لە رادەی پێویستداو سوپاس بۆ هیزەکانی سوپای میللی پشتیوانی سوپای مەزنی کە لە هەموو خاکی عیراقدا بڵاو بوونەوەو ئەرکی سەرشانیان بە ئازایەتی‌و لێ‌هاتوی بە جێ‌ئینێ

سوپاس بۆ ئەو پیاوانەی خزمەتی شەڕیان کرد شەڕیان کردو ئەو خوشکانەی بە راستی جەنگاوەرو کارگێری مەیدانی شەر بوون سوپاس بۆ ئەوانەی کە هاواری خۆشیان دەکرد لە کاتی بۆردومانداو شەری گەرمیان دەگۆری بەشایی . سوپاس بۆ ئەو منداڵانەی چاویان بە تابلۆکانی شەر رشت‌و سبەینی وەك براو باوکەکانیان‌و دایکەکانیان پیاو ژنی ئازا دەبن لە پێناوی باوەڕو شەرەفی سبەینی‌داو بەوان لە فەلەستین‌و خاکە داگیر کراوەکانی تری عەرەب دەجەنگین ، سوپاس بۆ شاعیرو نووسەرو هونەرمەندەکان کە سروودیان بۆ شەڕ دەوت‌و وشەو ئاوازەکانیان گوللەی پرشنگدار بوو .

● **سوپاس بۆ هەموو شەرەف مەندێکی نەتەوە .**

سوپاس بۆ هەموو شەرەف مەندیکی رۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب کە وەستانیان شان‌بەشانی ئەو **برایانەیان راگەیاند کە خاکیان رزگار دەکردو دەرگای** سەردەمیکی راستەقینەی رزگاریان دەکردەوە بەرەو فەلەستین . سوپاسیان دەکەین ئەوان لە گەل پەلاماری شێواندنیشدا کە لە هەندێ لاوە دەر دەچۆ سەلماندیان کە راستی نەتەوەی گەورە دەزانن‌و دەزانن رێگای رزگاری چۆن دەبێ .

سوپاس بۆ خدا کە بە سەر دوژمنا زاڵی کردین ئەو دوژمنە ناپەسەندانەی نەوەی کیسراو روستمن ، هەرچەند هێشتا رێگا درێژەو ئەو ئەرکانەی سبەینی چاوەرێمانە قوربانی کەمتری ئاوێ لەوەی رووبەرووی بووینو ئەو شەڕەی دژی رژیمی فارسی رەگەزپەرست دەیکەین .

سوپاس بۆ خوا کە سەرکەوتین لەوەدا لایەنی رووناکی سەرکەوتنی قادسیە بگێڕینەوەو سوپاس بۆ خوا کە سەربەرزی‌و توانامان پێ‌دەبەخشی لە کاروانی سەرکەوتنا لە پێناوی رزگار کردنی خاکی زەوت کراوی عەرەبدا لە پێشەوە فەلەسینی ئازیزو .. والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته .

چەندەها ساڵ بوو ناوچەکەمان لە ژێر سایەی هەڕەشەو گوڕەشەو دەستدرێژی‌و ئاژاوەو ژێر سایەی ترس‌و تەنگوچەڵەمەو تەقینەوە دەژیاو رژێمی پێشووی ئیران دەورێکی دوژمنانەی پڕ مەترسیانەی لە ناوچەکەدا دەگێڕاو

Institut Kurde de Paris

تیشکی روونا‌ك لە وتارە میژوویيەکەی سەرۆکی فەرماندەدا

● ئەوەی ئێمە داوای دەکەین حکومەتی ئێران بە ئاشکراو بەشێوەیەکی یاسایی‌و بەکردەوە ، باوەڕ بە مافە میژووییە ڕەواکانی عیراق بهێنێ لەسەر خاك‌و ناوی خۆی .

● برایان ، عیراق لە هەڵویستی هەست بە لێپرسینەوەوە هەڵدەسووڕێ چونکە باوەڕی بە بیروباوەری شەرەف مەندی‌و دادپەروەری هەیە‌و زۆر بەتەنگ ئەوەوەیە خوێن نەڕێژرێ‌و پارێزگاری ئاسایش‌و ئەهونی ئەم ناوچەیە بکرێ .

● ئێمە بەشانازی‌یەوە سلاو لە گەلی عەرەبی عەرەبستان‌و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەکەین .

تیشکی ڕاستی

ئەم عیراقە خۆشەویستەی خاکی گوڵ کەن بوو بە خوێن
تاجاری دەستگیر نابێ لەم خوێنە دەست هەڵناگرێ
دۆستایەتی کوردو عەرەب زۆر کۆنە تاریخ شاهیدە
ناجارێ ڕوو ڕەش لە داخا بایەخای خۆی دادرێ

● ئەو کاتەی سوپای ئازای عیراق ، بە باوەڕو توانای مەردانەیەوە ، دەرسی ڕەگەز پەرستەکانی ڕژیمی ئێرانی دادەداو هێرە ترسنۆکەکانیان لەبەردەم هەڵمەتی ئازایانەی سەربازەکانی سوپای عیراقدا هەڵدەهاتن ، ڕادیو شرەکەی تاران کەمژانە قسەی دەکردو داوای جارێ لەگشت گەلی عیراق دەکرد ڕابەڕن دژی حوکومەتی عیراق‌و جارێك فرمێسکی درۆزنانەی بۆ گەلی کوردستانی عیراق دەڕشت‌و دەیوت ڕابەڕن‌و داوای مافی خۆتان بکەن .

● هەڵویستی واو قسەی‌وا ، بە گەمژەیی‌و « جەهل »و نەفامی بەولاوە بەچی لێك دەدرێتەوە . سەیرە ، ڕەگەزپەرستەکانی ئێران تا ئیستاش شارو دیهاتەکانی کوردستانی ئێران دەسوێنن تا ئیستا ئازادیخوازانی گەلانی ئێران لەزیندان توند دەکەن ، لەکاتێکدا گەلی کورد لە کوردستانی عیراق ، بەمافی نەتەوایەتی ڕەوای خۆی شاد بوە ، کەچی ئەوان ئەوندە نەفامن ، بەو زمانە گەمژەییە قسە دەکەن ...

● ئینجا گەلی عیراق تێکڕا ، کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و کەمایەتیەکان ، خۆمەیتنی وا دەزانی ئەم گەلە لەبارێکدایە کە چاوەڕی ئیشارەتە لە عەمامەکەی ئەوەوە ، ئازانی گەلی عیراق دەمێکە هەستی‌بەوە کردوە کە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئێران پیویستی بەوەیە تەمێ بکرێ چونکە بەشێك لە خاکەکەی داگیرکردوەو دەستی بەسەر ئاوی «شط العرب»دا گرتوە ، لەکاتی‌وادا گەلی عیراق چۆن بێ‌دەنگ دەبێ نەء ... بێ دەنگ نابێ‌و ئەوەبوو ئەو دەرسەی پێدان کە لەبیر نەچێتەوە ...

بێکەسی نەمر

.. خومەینی! ئازادی کا ..؟

یا من بەس ئەوە تێر بخوم
کو دانەمینمە برسی
خارن ژی ... خارنەکا خوش
نەنانەکێ ڕەقێ بترسی
تو ئەز نزانم ... دوژمنی
شیرێ خوێێ بو من هوسی
ئەفە ... طومکە
لەو دبێژم ئازادی خواز
زوبیە چەکا بخوە کومکە
مەزك دستارێ خەمانە
هەر دهێریت گوشت‌و برنجا
مە ئازادی ژی ترسانە
ڕویفیت بەر دەرێت کونجا
کەدا دەستێت مە لێکدانە
کە لەپیرتی بکەینە زنجا
سەرێت مەژی دتژی کانە
کەس نابێژیت
ئازادی کیا
خەلکینا ... سەحکەن برینا
ژانا برینێ دژوارە
ئەفە هزار .. هزار سالە
مەهەر ئازادی لکارە
لێ ئەم پێفە لاوازبوین‌و
مەهێش نەدینە چ چارە
هوین ژی وەرن
دانەم دەستێت خو بدەینە لێك
چیاو دۆڵ‌و تەخت‌و نەهال
ئەو بخۆ بومە دی‌بنە ڕێك
چبکەم گازیا من ناگەهێتە چچیا

نیدریس مایی

شانازی

-پێشکەش بە شۆڕشگێڕەکانی خەڵکی پاوە -

لە پاوە داو لە زەمینەی
فیداکاری‌یەکی بێ‌گەردا
چەندەها خەمیان سەوزکرد
ئەوگوڵ خونچەیان هەڵوەران ...
بەبێ تاوان مێشکی لاوانیان دەپژان !!
چڵکاو خۆرە بێ ڕەحمەکان
بە باروت‌و زرێ پۆش‌و
موسەلسەلی ئاگراوی
ووشەی -ماف- یان لە دەروونی
شۆڕشگێڕانا ، کپدەکرد ...
بەڵام خەڵکی پاوەی پیرۆز
زیاتر ترس‌و شاڵاوی مەرگ‌و نەمانیان
بۆ تاقمی دار دەست دەبرد ..!!
حوکمی بۆگەنی تارانیش
تا بێت زیاتر لەناو بۆتەی مەرگی‌خۆی‌دا دەکوڵێت‌و
ڕووەو هەڵدێرو زەنوێر دەچێت
تا ڕۆژی دێ
شۆڕشگێڕان دەسەڵاتی
چەوساوەیان بەدەست دەبێت ...!!

-محەمەد کەساس-

- باسین محمد حمه خان -

پێشکەشە
بە منالانی سنەو
مەهاباد لە ئێران

شەو لە خەومەسا
پرخەپرخی منالەساواکانی «سنە»م دەهاتە گوێ
داوای مەمکیان ..
لەدایکە مەمك پەڕیوەکان نەکرد ..
لەمردەم هەیکەلی کێلەکانەوە
فرمێسکی . خەمیان ئەڕشت
«گریانی چیتە

تو چی ئەزانی
تۆ تازە خونچەی باخی ژیانی »*
جارێکی تر ...
باران .. قورگی پەلە هەورەکانی
پڕ ، گریان کرد
شاخ‌و دەشت‌و دۆڵەکانی - «سنە»و ،
«مەهاباد» یان ئەشتەوە

*«ئەم دێرە شیعرە هی بێکەسی نەمرە »

Institut kurde de Paris